# لالۆ منیش زیندانیی سیاسی بووم!

عەتا مەلا کەریم بەریتانیا



ئەگەر چی ناوم لە کولەکەی تەڕدا نەهاتووە وەک زیندانیی سیاسی، نەبووم بە مەسول و نە میلیمەترێک زەویم وەرگرتووە و نە ئەندامی کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکانیشم؛ بەڵام خۆ مافی ئەوەم پێدەدەن هاواربکەم: لالۆ منیش زیندانیی سیاسی بووم!

## پێشەکی

لەناو ڕۆژژمێرە کۆنەکانی باوکمدا گەلێک زانیاریم بەردەست کەوتووە، بەڵام بەهیچ جۆرێک نەمتوانی بەرواری لەدایک بوونی خۆم بدۆزمەوە. بەگوێرەی بیرەوەری دایکم من لەساڵی مەنعەتەجەولەکەدا لەدایک بووم و ڕێگای شار نەبووە تا بێشکەیەکی نوێم بۆ بکڕن. من لە گوندی پاڕەزانی سەر بە ناوچەی شارباژێڕی سەخت لەدایک بووم.

پاڕەزان گەرچی زۆر کەم ناوی هاتووە بەڵام گوندێکی دڵگیرو خۆشی ناوچەی شارباژێڕە. سروشتی جوانی گوندەکەو سازگاری کانیاوەکانی و دڵپاکی خەڵکەکەی و تێپەڕبوونی ڕوباری گۆگەسور بەبەردەمیدا و سەختی ناوچەکەی و دووری لە بنکەکانی کۆنترۆڵی ڕژێمەوە کارێکی ئەوتۆی کردووە کە هەردەم پەناگای شۆڕش و شوێنی داڵدەی یاخییەکان و جێگای حەوانەوەی سەرکردەکان بێت. لە بەڵگەنامەی ئاشورییەکاندا باسی شارێک کراوە کە ئەوان خاپوریان کردووە لەو ناوچەیەدا بە ناوی پارسیندۆ؛ هەندێک لەو باوەڕەدان کە ئەو پارسیندۆیە پاڕەزان بێت. دیارە بەڵگەنامەکانی ئاشورییەکان جیاوازییان نەکردووە لەنێوان گوندو شاردا ، بەڵام ئەو زانیاریانە من نازانم تا چ ڕادەیەک دروستن.

لەسەردەمی شیخ مەحموودی نەمردا ماوەیەکی زۆر بنکەی حکومەتەکەی بووەو یەکێک لە چیابڵندەکانی سەرو گوندەکە ناونراوە نوقتەی مەلیک: واتە ئەو شوێنەی پاسەوانی مەلیک لەوێوە گوێی هەڵخستووە بۆ دەنگی ئەو فڕۆکەیەی کە لە شارەوە هەستاوە بۆ بۆردومان کردنی پاڕەزان. بەگوێرەی گێڕانەوەی پیاوانی ئەو سەردەمە خەڵک خۆی دەشاردەوەو بێتاقەت دەبوو ئینجا فڕۆکەکە بە گرمەگرم و ناڵەناڵ دەگەیشت! " ڕۆڵە تەیارەی ئەوسا وەک ئێستە نەبوو، تەمەڵ و خاو بوو، هەتا لە سولەیمانییەوە دەگەیشتە ئێرە خۆمان دەشاردەوەو بێتاقەتیش دەبووین، کە دەگەیشتەجێ بۆمبایەکی بەردەدایەوە پێیان دەوت دانەمیت" دیارە دانەمیت دایانامیتە!

ئەمین زەکی بەگ لە سلێمانی هەڵدێت و ڕوو دەکاتە پاڕەزان بە نیازی هاوکاری شێخ مەحمود و بەشداریکردن لە شۆڕشەکەیدا، بەڵام مەخابن هەرزوو بە دڵشکاوی دەینێرنەوەو بە سواری گوێدرێژێک دەگاتەوە سلێمانی و لەوێش گەر هەڵەنەبم دەیکەنە موتەسەڕیف.

لە ڕۆژگاری منداڵی مندا شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود لەوێ بوو. چەکدارو سوارەو پیاوی شێخ و بێگارو ملّکانەو زولّم و ستەم ئەو ووشانە بوون کە ڕۆژانە بەرگوێمان دەکەوتن. لەبەردەم گوندەکەماندا پاشماوەی سەربازگەیەکەی کۆن دەبینرێت. ئەو سەربازگەیە بنکەی سەرەکی هێزی گەڕۆک ( قوەی سەییار) ی دژی خولە پیزە بووە. خولە پیزە لە کاتی یاخی بوونیدا پەنای بۆ چیاکانی پشتی پاڕەزان هێناوەو لەوێوە زۆربەی شەڕەکانی ئەنجام داوە.

مەلا موستەفای بارزانی سەردانی پاڕەزانی کردووە بۆ بینینی شێخ لەتیف و ماوەی چەند ڕۆژێک لەوێ ماوەتەوە. لەکاتێکدا خەڵکی گوندەکەم بەرهەمە نوێکانی تەکنۆلۆژیایان هەر بە ئاسمانەوە بینیوە لە شێوەی فرۆکەدا، بەر لەوەی بەهیچ کولۆژێک بە بیریاندا بێت ئۆتۆمۆبێل بگاتە گوندەکەیان فەرمانداری موسڵ لەبەردەم ئاوایدا بە هێلیکۆپتەر دابەزیوە! ئەوەی لەو سەردەمەدا جێگای سەرنجی خەڵک بووە ئەو میوانە دوورانە ووتوویانە برسیمان نییە ئێستا لە موسڵ نانمان خواردووە!

باوکم مەلاشێخ کەریم هەموو قۆناغەکانی مەلایەتی ئەو سەردەمەی بڕیوەو بووە بە مەلای گوند. یەکێک لە هاوەڵانی باوکم کە شێخ ئەحمەد ساڵح بوو بەم جۆرە باسی سیاسەتی ئەودەمەی بۆ کردم:

" کابرایەک بە خۆی و بە جانتایەکەوە پەیدابوو، ووتی من هاتووم بتانکەم بە پارتی. پارتی یەعنی حیزبی کوردستان و دەبێت هەموومان کاری بۆ بکەین لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا، بەتایبەتی خوێندەوارەکان. مامۆستاش فەرمووی دەباشە بمان نووسە. کابرا ووتی وا نابێت دەبێت بە نهێنی بێت، ئیتر چووین لەبن دڕوویەکدا بە چرپەچرپ بووین بە پارتی!"

بەگوێرەی گێڕانەوەی دایکم و ئەو ڕۆژنامە کۆنانەی باوکم کە لەنێو کتێبەکانیدا بەجێمابوون و هی جەلالییەکان بوون؛ باوکم و ئەوانەی کە یەکەمجار چوبوونە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان لەکاتی کێشەی جەلالی و مەلاییدا بووبوون بە جەلالی. من بە منالّی دەچوم بەدەنگی بەرز مانشێتی ڕۆژنامەیەکم دەخوێندەوە و ، زۆر هەستم بە خۆشی دەکرد کە دەتوانم بخوێنمەوە، کە نوسرا بوو: چەتەکانی مەلا موستەفا...! دایکم و کاک موحەمەدی براگەورەم دەیانووت ڕۆڵە ووستبە دەمانگرن! منیش هەر لێخۆش نەدەبووم و دەمووت بۆ ئەمیشە کتێبی پێشمەرگە نییە؟ لە یادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنوسی کوردیدا لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئەو دەمەم کەوتەوە بەرچاو کە بە مانشێتێکی گەورە نوسرابوو: **<u>با هەموو هەوڵەکان لە پێناوی ئاشتیدا بێت!</u>**

لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا هێزی قەرەداخ دوای شکانیان لە ناوچەکانی خۆیان لەوێ گیرسانەوە. لەسەردەمی شۆڕشی نوێشدا بۆیەکەمجار مەفرەزە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە لەو چیایانەوە خۆیان بە خەڵکی ناوچەکە ناساند.

من لەکاتی نسکۆی ١٩٧٥دا لەقۆناغی سەرەتای هەرزەکاریدا بووم. وەک هەموو گەنجێکی دیکە گەلێک پرسیار لە مێشکمدا بەبێ وەڵام قەتیس مابوو. مامۆستای گوندەکەمان لە کاتی شۆڕشدا ڕستەی I live in Iraq ی پێکردین بە I live in Kurdistan بەڵام دوای نسکۆ یەکێک لە قوتابییەکان ووتی ئای لیڤ ئین کوردستان مامۆستا ووتی نەخێر بلێ عێراق، قوتابییەکەش ووتی مامۆستا ئەی خۆت نەت ووت کوردستان! مامۆستا بە وورتە وورتو بۆڵەوە ووتی: با بەڵام نەیانهێشت، ژن دەچوون جیهازیان دەبەست بە لاڕانیانەوە بۆ ئەوەی جاسوسی بکەن، دە بخۆن با وای لێبێت! ئەو لێکدانەوەیە یەکەم هەڵسەنگاندنی سیاسی بوو کە دەربارەی هۆکارەکانی نسکۆ گوێم لێبێت.

مەفرەزە سەرەتاییەکان یەکەم جار لەوێ وەک ئەفسانەو جادوو باسیاندەکرا.

"پێشمەرگەم بینی، بە قورعان درۆناکەم ئەم ئێوارە بەچاوی خۆم پێشمەرگەم بینی! پێشمەرگەکانی ئەو سەردەمە حاجی چاوشین و سیروان و سالار عەزیز و تەها باراوی و سەلاح چاوشین و ئەنوەری مەجید سوڵتانم لەبیرە. من چونکە هەر هاوینان و کاتی پشووەکان دەچومەوە بۆ لادێ زۆر شتم نەدەبینی. دەیانووت شەهید ئارام هاتۆتە ئێرە و پێش کارەساتی هەکاری شەهید عەلی عەسکەری ماوەیەکی زۆر لێرە بووە.

لە ڕاستیدا پاڕەزان لە شۆڕشی نوێشدا جاریکی دیکە بوەوە بە بنکەو بارەگای لێپرسراوان و جێگای حەوانەوەی ماڵ و منداڵیان: بەکری حاجی سەفەر، موحەمەدی حاجی مەحمود، سالار عەزیز، شێخ عەلی ناسراو بە خولە کەشکۆڵ، و حەمەی فەرەج و چەندەهای دیکەش لەو گوندەدا حەواونەوەو کردویانەتە جێگەی نیشتەجێبونی خۆیان و ماڵ و منداڵیان و بنکەی کارو چالاکییەکانیان.

لەساڵی ١٩٧٦دا ناچار بووم بۆ خوێندن بچمە سلێمانی. لەوێ لەسەرەتادا لە ماڵی حاجی موحەمەد بووم دوای ئەوەش چوومە بەشی ناوخۆ. ماڵی حاجی موحەمەد و کاک نوری برای (نوری گوڵاڵە)و عوسمانی حەمە سلێمان و گەلێک لە خزمانی دیکەش زۆر یارمەتیدەرمان بوون، بە بێ یارمەتی ئەوان نەم دەتوانی بخوێنم.
لەو سەردەمەدا مارکسیزم زۆربرەوی هەبوو، بەتایبەتی لەنێو خوێندکاراندا. منیش گەنج و خوێنگەرم، هەست بەوە بکەیت کە هەژاریت و زیاد لەوەش لادێیت. لەو سەردەمەدا لادێی بوون لە سلێمانی زۆرسەخت بوو. بەشێوەیەکی گشتی زەمینەیەکی لەبار بووم بۆ بیروباوەڕێکی ئایدۆلۆژی توندڕەو کە بەو پەڕی ڕێزو فەخرەوە مارکسیزمم بوو بە نسیب. دیارە ئێستا بەو شێوە دەروێشانەیە باوەڕم بە مارکسیزم نییە، بەڵام ئەوەی حەقە بۆ مێژوو ئەوەیە کە هیچ کەسێک لەو باوەڕەوە فێری خراپە نەبووە بەڵکو لەڕاستیدا قوتابخانەی ڕەوشتی بەرزبوو. لە بەشی ناوخۆ کۆمەڵێکی باش خوێندکار هەبوون کە یارمەتی بڵاوبوونەوەی ئەو باوەڕانەیان دەدا.
پیرو بەساڵاچوان ئەو سەردەمە زۆر ڕقیان لە مارکسیزم بوو. دەیانووت کافرن و لە دینتان وەردەگێڕن! هەرچی خراپەیە دەیکەن، ئاخر کافری موتڵەقن و باوەڕیان نییە! هیوادارم ئێستا بزانن **کێن ئەوانەی کە هەرچی خراپەیە دەیکەن!**

لە کاتی پشوی هاویندا دەهاتمەوە بۆ پارەزان. سەرقاڵی کاری کشتوکاڵ و مەڕوماڵات بووم لەگەڵ ماڵەوە. لەوێ لەدوورەوە زۆر پێشمەرگەم خۆشدەویست. باشە خۆ ئەمانە کۆمەڵەی مارکسی-لینینیان پێدەڵێن، زاتم نەدەکرد ڕاستەوخۆ قسەیان لەگەڵ بکەم لە بەخێربێیت و خواحافیزت بێت زیاتر.

## چۆن بووم بە کۆمەڵە؟

نیوەڕۆیەکی گەرمی تەمووز بوو، دوو پێشمەرگە میوانمان بوون. کەوتینە قسەو باس و ئەملاو ئەولا و بووینە هاوڕێ. یەکێک لەو پێشمەرگانە شەهید لەتیف عەبدوڵا بوو. لەتیف کوڕێکی گەنجی خوێنگەرم بوو. پێشمەرگەیەکی گیان لەسەر دەستی کۆمەڵە بوو. هەر ئەو ڕۆژە چەندجارێکی دیکە یەکترمان بینیەوەو قسەو باسمان بڕاندەوەو چومە ڕیزی کۆمەڵەوە بە ناوی نهێنی پشکۆ. لەو ساتەوەوە لە دڵی خۆمدا بڕیارمدا کە هەموو ژیان و مردنم بۆ کۆمەڵە بێت. لەوەدواش چەند جارێکی دیکە شەهید لەتیفم بینیەوەو دوای ئەوە دیار نەما. جارێک هەواڵم لە کاک ئەبو شەهاب پرسی بەڵام وابزانم وەڵامێکی ئەوتۆی لا نەبوو. پەیوەندیم کرد بە کاک وەهابەوە. کاک وەهاب پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو چالاک بوو، جێگای متمانەی خەڵک بوو وە بە شێوەیەکی گشتی خەڵک خۆشیان دەویست.
لە سلێمانی شانەیەکمان پێکەوەنا، جەمیل عارف عەزیزی ئامۆزازای خۆم یەکەم کەس بوو بە پیر داواکەمەوە هات. جەمیل ئەو کاتە خوێندکاری ئامادەیی بازرگانیی بوو. سەرو ساختی لەگەڵ مارکسیزم پەیدا کردبوو. گەلێک هاوڕێی باشی هەبوو. قسەو هەڵسوکەوتی مامۆستا شێرزاد حەسەن زۆر سەرنجی ڕاکێشابوو. لە لای باوکی باسی مامۆستا شێرزادی کردبوو کە هەمیشە باسی هەژاران دەکات، باوکی ووتبووی ئەوە دیارە شیوعییە! دوای ئەوەش عمر محمد ساڵح هاتە شانەکەوەو بە دوای ئەویشدا سابیر، بەڵام کاک سابیر بە هۆی کێشەی خێزانییەوە دواتر کشایەوە. بێجگە لەو شانەیە داوای پەیوەندیم لە چاند کەسێک کرد لە خزم و هاوڕێیان. نەزیرە موحەمەد کە لە نەخۆشخانە لە هۆڵی نەشتەرگەری کاری دەکرد و منیش لە ماڵی ئەوان دەمخوێند زۆر بە شانازییەوە هات بە پیر داواکەمەوە.
ئەو کاتە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە لادێکاندا زیاتر لەشێوەی پەیوەندی تاکەکەسیدا بوو بە لێپرسراوەکانی پێشمەرگەوە. من هەر کات بۆم بکرایەو بهاتمایەوە لادێ لەگەڵ هەر کەس لەوانەی کە باوەڕپێکراو بوون وەک کاک وەهاب، بەکری حاجی سەفەر و جەمالی حەمەی خواکەرەم و ئەبوشەهاب کۆبوونەوەم دەکردو ڕێنومایی و هەواڵ و بڵاوکراوەکانم دەبردەوە بۆ شار. کاک وەهاب ڕاپۆرتی کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵەی دامێ کە تەنها یەک شەو ماوەم بۆ دانرا بوو بیخوێنمەوە؛ زۆر هەستم بە متمانە بەخۆبوون دەکرد چونکە لێی نوسرابوو: ***تەنها بۆ ئەندامانە!*** لەو ماوەیەدا ڕێکخستن باشترکرا، کاک وەهاب بە هاوڕێ کاکە ڕەشی ناساندم، کەکە

ڕەش کادرێکی کۆمەڵە بوو. کاکە ڕەش زۆر شتی ڕێکخستنی فێرکردم. فێری کردین چۆن لە بەغا تێکستەکانی مارکسیزم بدۆزینەوەو بیانکڕین بەو پارەیەی کە لە هاوڕێیانمان کۆدەکردەوە لە شێوەی ئابونەدا. لەو کاتەدا جەمیل لە بەغا دەیخوێند و ئەو بەو کارە هەڵدەستا. دوای کەکە ڕەشیش پەیوەندیم کرد بە مامۆستا جەمالی حاجی موحەمەدەوە. مامۆستا جەمال کارەکانی ئێمەی پێ باش بوو. ئەوەش کە نەزیرە خان بە جیا پەیوەندی پێمەوە هەبوو لەگەڵ هاوڕێیانی دیکە یەکتری نەدەناسی زۆر پێی باش بوو. نەزیرە خان چونکە لە نەخۆشخانە بوو بۆ ئێمە زۆر پێویست بوو. ڕۆژانە کۆڵێک دەرمان و پێویستی بەنج و برینپێچ ی و شتی دیکەی دەر دەکرد و منیش بە پێی بوارو هاتوچۆ ئەم گەیاندەوە پارەزان. جارێک باسی پێشمەرگەیەکی برینداری کرد، ووتی هێناویانە بۆ نەخۆشخانە. لە ژورێکدایە من بە بیانوی تەداوی و خاوێنکردنەوەوە دەتوانم سەردانی بکەم. زۆرمان پێباش بوو، هەتا لەوێ بوو ڕۆژانە سەردانی دەکرد خواردنی بۆ دەبردو خزمەتی دەکرد؛ بەڵام دوای ماوەیەک بریندارەکەیان لەوێ گواستەوەو نەمانزانی چی بەسەرهات.

## کەوتنە ناو داو

ساڵی ١٩٨٢ ساڵی خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین بوو بەرانبەر ڕژێمی بەعس. من لە سلێمانی دەمخوێند لە ماڵی حاجی موحەمەدی پورزام چونکە ماڵی خۆمان لە پارەزان بوو، بەڵام بۆ کۆششی پۆلی شەشەمی بەکالۆری چووبوومەوە بۆ پارەزان. زۆر خۆم بە بەش کەم دەزانی کە بەشداری ئەو خۆپیشاندانانە نەبوبووم ، هەر لەبەر ئەو هۆیەش دوو ڕۆژ پێش کاتی تاقیکردنەوەکان گەڕامەوە بۆ سلێمانی و لەڕاستیدا لە بیانوو بەنگ بووم خۆم تووش بکەم. من خۆم بۆ کۆششی شەشی بەکالۆری چوبوومەوە بۆ لادێ بەڵام کە بیستم ووتبوویان خوێندکارە لادێیەکان لەترسی خۆپیشاندان ڕۆیشتوونەوە! زۆر لەلام گران بوو.

سەر لەبەیانی ڕۆژی هەینی بوو ڕێکەوتی ٥ی حوزەیرانی ١٩٨٢ ، واتە یەک ڕۆژ پێش کاتی یەکەم تاقیکردنەوە، کۆمەڵێک نوسراوو نامیلکەم کردە زەرفێک و لەماڵ دەرچوم کە بریتیبوون لە: نامیلکەی کۆمەڵە کە بە چاپێکی وورد لە دەرەوەی وڵات چاپ کرابوو کۆمەڵێک وتاری دورودرێژ و چەند ژمارەیەکی گۆڤاری کۆمەڵەی تێدابوو، تازەترین ژمارەی گۆڤاری کۆمەڵە کە لە شاخ چاپ کرابوو، هەروەها دەفتەرێکی تایبەتی خۆم کە کورتەو هەڵبژاردەو پوختەی ئەو باس و کتێبانەی تێدا بوو کە خویندبومنەوەو تێبینی یان چەند پەرەگرافێکی گرنگم لێ هەڵبژاردبوون. پەیمانم دابوو بە کاک عمر محمد ساڵح کە ئەو نوسراوانەی بۆ بەرم کە بیانخوێنێتەوە. بە ئاشکرا هیچ دیاردە یان ئۆتۆمۆبێلێک دیار نەبوو کە ئەوە بنوێنن پیاوانی ئەمن یان قووە خاسە لەو ناوەبن، بەڵام هەر چەند هەنگاوێکم نا لەو بەرەوە چوارکەسی گەنج بە جلی کوردییەوە کە یەکێکیان پارچەیەک جگەرەی ڕۆژمەنی بەدەستەوە بوو، کە ئەو کاتە قەدەغەبوو، بە کوردییەکی شەق و شڕ بانگیان کردم. من یەکسەر زانیم تازە کارم کراوە بەڵام زۆر نەزانانەو بە لێکدانەوەی ئەو کاتەم وام زانی ئەگەر وەڵامیان نەدەمەوەو بەرەو کۆڵانەکە بڕۆم و بەپەلە پشتیان تێبکەم دوام ناکەون. ئیتر هەر ئەو بڕیارەم داو ڕام نەکرد؛ ناشزانم ئەگەر ڕامبکردایە ئەنجام چی ئەبوو!؟ ئەکوژرام، ئەگیرام، یان دەرئەچوم... بەهەر حاڵ، وەکو گورگی هار دوام کەوتن و لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا ئەملاو ئەولایان گرتم و یەکەمیان پەلاماری زەرفەکەی دا بەدەستمەوەو نوسراوەکانی دەرهێنا. ووتی سەیرکەن، تاریق عەزیز لە وتارێکدا دەڵێت: کوردەکان بە حساب موسوڵمانن بەڵام کە لێیان دەکۆڵیتەوە زۆربەیان مارکسین!

لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا ئاسۆی ئەنوەر برزو لەگەڵ کوڕێکی تردا قسەیان دەکرد، من ئاسۆم باش دەناسی بەڵام ئەو مەسەلەیە هیچ پەیوەندییەکی بە گیرانەکەی منەوە نەبوو. ئەمنەکان نوسراوەکانیان نیشان ئەواندا ووتیان ئەمانە چین؟ ئەو کوڕەی کەلەگەڵ ئاسۆ بوو ووتی: وا بزانم مەسرەحییە نوسیویەتییەوە. کابرای ئەمن خۆی لێ تورەکرد و ووتی: ئەوانە نوسراوەی مارکسین، بۆیە نیشانی ئێوەی دەدەین کە نەڵێن لە خۆڕایی خەڵک دەگرن!

لەگەڵ خۆیان ڕاپێچیانکردمە خوارەوە بۆ سەر شەقامی سەرەکی ئیبراهیم پاشا. لە ڕێگا یەکێکی کەتەیان سەیرێکی کردم و ووتی مەترسە و بە هەموو هێزی زللەیەکی لێدام، منیش وەکو یەکێک چاوەڕوانی زیاتر بێت لە ژێر لێوەوە ووتم ناترسم، یەکێکی دیکەیان بە زەردەخەنەوە سەیرێکی ئەوانی دیکەی کردو بۆڵەیەکی لێوەهات؛ وا تێگەیشتم بڵێت لەوێ فێری دەکەن ناترسم چییە!
شایانی باسە ئەو ئەمنانە لەگەڵ ئەوەی هەموویان عەرەب بوون بەڵام هەر هەموویان جلی کوردییان لەبەردابوو، بەکوردییەکی شەق و شڕ قسەیان دەکرد و بە پارچە جگەرە ڕۆژمەنەکەوە کە ئەو کاتە قاچاخ بوو خۆیان وەک قاچاخچی نیشاندەدا.
لەو کاتەدا شێخ فایەق کە پیاوی گەڕەک بوو یەکترمان باش دەناسی لەبەردەممەوە دەڕۆیشت. ویستم کارێک بکەم بزانێت گیراوم و هەواڵەکە بدات بە ماڵەوە تا شتە نهێنییەکانی دیکە بسوتێنن، بەڵام ئەو خۆی لێ کەڕکرد و بەپەلە بۆی دەرچوو. دوای بەر بوونم زانیم کە هەواڵەکەی گەیاندووەو ووتبوی بە خوا ئاگام لێ بووە ئەمنەکان عەتایان گرتووە بەڵام نەموێراوە سەیریان بکەم نەک منیش بگرن! ناحەقیشی نەبووە، چونکە زۆر جار تەڕو وشکیان پێکەوە دەسوتاند.

## پورە ئامین دەگاتە دائیرەی ئەمن

پورە ئامینی ژنی حاجی موحەمەد کە ئەویش کچی پورمە، وەکو دایکی دووەمم وابوو لە هەموو ماوەی خوێندن و ژیانمدا. پورە ئامین یەکسەر لەگەڵ بیستنی هەواڵی گیرانی مندا چوو بوو بۆ دائیرەی ئەمن، ئەوانیش بە قەشمەرییەوە ووتبویان بچۆ بۆ دەرگای ئەولا بۆت بەردەدەن!
دوای ئەوەی لە بیستنی هیچ هەواڵێک نائومێد دەبێت، دەچێت بەدوای کاک جەمالی برای حاجی و مەریوانی کوڕی کاک کەمالداو هەرسێکیان چوو بوون بۆ مقەڕی ملازم موحسین.
پورە ئامین ڕاستەوخۆ بە ملازم موحسینی ووتبوو ئێوە گرتوتانە ، ئەویش ووتبوی: چۆن دەزانی؟ لەوەڵامدا ووتبوی جەماعەتەکەی تۆ بوون ئۆتۆمۆبێلەکەت دەناسم. ملازم موحسین بەهۆی کوژرانی کاک کەمالی بەڕێوەبەری شارەوانی سلێمانییەوە ڕێزی کاک جەمال و مەریوانی لەلا بوو. ڕوی دەمی کردبووە کاک جەمال و مەریوان و ووتبوی: بۆ هەواڵی کێ هاتوون! کێتان بۆ بەربدەم! خۆ ئەو کوڕەی ئێوە باسی دەکەن لەو جەماعەتەیە کە براکەی تۆیان کوشت، کە باوکی مەریوانیان کوشت! ئیتر کاک جەمال ئەبڵەق دەبێت. موحسین کە دەڵێت لەو جەماعەتەیە مەبەستی ئەو حیزب و لایەنە سیاسییە نەک ڕاستەوخۆ لەو مەفرەزەو تاقمی بکوژە. شاهیدی ئەوانیش تەنها نوسراوەکان بوون کە هی کۆمەڵە بوون ئەگینا ئەو نە ئەو کاتەو نە دواتریش تەنها ووشەیەک ئیعترافی لە من نەبیست کە بڵێم لە ڕێکخستندام یان کار دەکەم و تەنانەت ناونیشانی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیشم پێنەوتن لە سلێمانی و هەر دەمووت لە پاڕەزان دادەنیشم.
دیارە کاک جەمال ئەو قسەیەی موحسینی زۆر بە هەند وەرگرتبوو وای لێکدابووەوە کە من دەستم هەیە لەو کارەدا. بەڵام لەڕاستیدا نە لەدوورو نەلە نزیک ئاگام لەو مەسەلەیە نەبوو. بەشێوەیەکی بنەڕەتی زۆریشم پێناخۆش بوو هەرگیز وەک کەسێک دەرنەدەکەوت کە شایانی ئەوە بێت. کاک کەمال یەکەم خزمی من نەبوو کە لەلایەن شۆڕشەوە بکوژرێت. شێخ سمایلی چنارە موختاری گوند بوو سیروان کوشتی، ئێمە بە شایانی کوژرانمان نەدەزانی، باشە خۆ هەر ئەو موختار نەبوو! بەڵام بەوە دڵخۆشی خۆمان دەدایەوە کە لە کتێبە سورەکەی ماودا هاتووە: یەکێک بکوژە، هەزار بترسێنە! کەوابێت بۆ شۆڕش پێویستە و جەمیل بە زەردە خەنەوە دەی ووت: خوادەکات بۆ کۆمەڵە کەڵکی دەبێت قەیناکات خۆ هەر دەمرد!
خاڵە نوریم لەوەتەی ئەی ئاوزا پۆلیس بوو. بەزۆری لە ناوچەی باشور بوو. شەوێک لە سلێمانی چووبوو بۆ سەردانی کچێکی نەخۆشی لە نەخۆشخانە. لەدواوە کەسێک کوشتبوی بەبێ ئەوەی کە بزانێت ناوی چییەو چ کارەیەو چەند منداڵی هەیە؛ تەنها بۆ ئەوەی تفەنگەکەی بفڕێنێت بۆ دەرەوە!

ئەم کوشتنانە زۆربەیان ناهەقن، بەڵام خەڵکی لەپێناوی ئامانجی بەرزتردا لێیان دەبورێت؛ ئەگەرچی زۆربەشمان لەهاتنەدی ئەو ئامانجە بەرزانە بەو ڕێگایە نائومێد دەبین و بووین. هاوڕێیەکمان دەیووت: کابرایەک دەچێتە سەر ڕێگای شەمەنەفەرێک و بورغویەک لە هێڵی ئاسنی شەمەنەفەرەکە دەردەکات، لەو کاتەدا شەمەنەفەرێک تێدەپەڕێت و لەهێڵ دەردەچێت و زۆربەی سەرنشینەکان دەمرن. بەڵام چونکە کۆمەڵگاکەی پێویستی بەو بورغووە هەبووە ئەوە پاساوی کوژرانی ئەو هەموو خەڵکە هەڵدەگرێت. بەداخەوە کۆمەڵگای کوردستان نەک هەر بورغو بەڵکو هێڵەکانیشیان بۆ لەبن دەرهێناو فارگۆنی شەمەنەفەرەکانیان کرد بە کولانەی مریشک و هێشتاش هەر دەڵێت بێنە.
بەهەرحاڵ پورە ئامین لەوە نائومێد دەبێت و لەچەند ڕێگایەکەی دیکەوە هەوڵی بۆ دابووم بەڵام ئاشکرایە هیچ هەوڵێک بەکاری من نەدەهات.

## هاوڕێکانم دەگەنە ناوچەی ئازادکراوی پاڕەزان

لە دوای گیرانم هاوڕێکانم کە بریتی بوون لە جەمیلی جوانەمەرگ کە دوایی بوو بە پێشمەرگەی کۆمەڵەی ئێران و لە شەڕی ناوخۆی نێوان کۆمەڵەو دیموکراتدا شەهید بوو. جەمیل بۆ من هەم خزم و هەم هاوڕێی گیانی بە گیانی بوو. بە لەدەستدانی جەمیل زیانێکی ئەوندە گەورەی گیانیم لێکەوت کە هەتا هەتایە سارێژ نابێتەوە. جەمیل لەگەڵ عومەر حاجی موحەمەدو نەزیرەخان دەگەنە پاڕەزان. ماۆستا جەمالی حاجی موحەمەد ئەو کاتە لێپرسراوی پۆلی ناڵپارێز بوو، ووتبوی: لێرە بمێنەوەو مە گەڕێنەوە بۆ سلێمانی. جەمیل ووتبوی:من عەتا بناسم قەت ئیعتراف ناکات! مامۆستا جەمال ووتبوی: کاکە تۆ دەڵێیت چی؟ ئەشکەنجەی بەعس زۆر پیسە، ئێمە ئەندامی سەرکردایەتیمان گیراوەو ئیعترافی کردووە!
لەدوای بەر بوونم ڕاستی قسەکەی جەمیل سەلما. بەڵام لەبواری ڕێکخستندا خۆقایمکردن هەر پێویستە.

## ئۆتۆمۆبێلەکەی موحسین

لەسەر سوچی کۆڵانەکە کابرای ڕۆزمەن بەدەست دەستی کرد بە قسەکردن بە عەرەبی. سەیردەکەم ئەو پارچە ڕۆزمەنە تەنها ڕووکەشی جیهازێکی بێسیمەو هەر ئەوەندەی نەبرد ئۆتۆمۆبێلەکەی جەماعەتی موحسین گەیشتە جێ. ئەوەندەی بڵێیت یەک و دوو کۆمەڵێک تەنگەقەویم لێ پەیدابوو، یەکیان دابەزی و ووتی سەرکەوە و منیش بەرەو دوای ئۆتۆمۆبێلەکە هەنگاوم نا بەڵام زوو پەلی گرتم و کردمییە نێوانی خۆیانەوە لە خانی ناوەڕاستدا. من لە بارەی لەش و لارەوە زۆر لاواز بووم و ئەت ووت جوجکم لە چاو ئەواندا. ئۆتۆمۆبێلەکە لە فولکەی کاوەی ئاسنگەرەوە ڕۆیشت بەرەو زانکۆو منیش لەڕێگا سێو دووی دڵی خۆمم دەکرد... دەڵێم ئەم نوسراوانە کابرایەکی پیر داوێتی بەمن بەرانبەر سی دینار بۆی ببەم بۆ ئەوبەری شەقامەکە- ئیتر لەو سێ و دووەدا بووم لەبەرخۆمەوە وەک وڕێنە بکەم ووتم: ئەو کابرا پیرە وای لەمن کرد- ئەوانیش بە پێکەنین و قەشمەرییەوە ووتیان: بەسیتە.... بەسیتە. من زۆر چاک دەمزانی بەسیت نییە، بەڵام بڕیارمدا هەر ئەو قسەیە بکەم و هەرچییەکم لێبکەن قسە نەگۆڕم. من یادداشتی گەلێک هاوڕێی کۆمەڵەم خوێندبووەوە. بڕیارمدا چاو لەوان بکەم. یادداشتەکانی جەماله ڕەشم دەرخ بوو کە لە نامیلکەی کۆمەڵەدا بڵاوکرابووەوەو بە منیش گیرابوو، قۆناغ بە قۆناغ دەمزانی چی ڕوودەدات و شێوازیان چۆنە. بڕیارمدا چاو لە شەهید لەتیف عەبدوڵا بکەم کە لێپرسراوی یەکەمم بوو؛ شەهید لەتیف بە چەک و تاقمەوە لە ناوچەی قەڵادزێ گیرا بەڵام نەک هەر ئیعترافی لەسەر کەس نەکرد بەڵکو لە نامەیەکدا کە لە قەسابخانەی موسڵەوە ناردبوی نوسیبووی:
" دەیانەویست ناوی خۆمیان پێبڵێم، دەیانویست بڵێم ئەو چەکە گیراوە هی منە!" ئەو قارەمانە حاشای لە ناوی خۆی و ئەو چەکەش کرد کە بە شانییەوە بوو! ئەو پاڵەوانە لەسێدارەدراو بێجگە لەو نامەیە کە لە ستونێکی گۆڤاری کۆمەڵەدا بڵاو کرایەوە هیچ ناوێکیم نە بیستەوەو چووە ڕیزی سەدان پێشمەرگەی وونناوی ئەم کوردستانە.

## مقەڕی مولازم موحسین

دوای ئەوە لاندکرۆزەرەکە گەیشتە شوێنێک. دوو پاسەوانی هێزی تایبەت ( قوات خاسە) ستونی سەر ڕێگاکەیان بەرزکرەوەو لاندکرۆزەرەکە چووەژورەوەو لە حەوشەکەدا ڕاوەستا. وەکو گورگی هار پەلاماریاندام. یەکێکیان فرێی دامەخوارەوەو بەلایەکی پشتێنەکەی خۆم چاوی بەستم و بەلاکەی دیکەشی هەروودەستم. بەهەڵەداوان وەکو مەڕەسوریان گرتبێت کێشیانکردم بۆ ژورەوە. لە ژورێکدا چاویانکردمەوە، کورسی و مێزێکم بینی و پیاوێک لە پشتییەوە دانیشتبوو. دەستی کرد بە پرسیاری سەرەتایی بەڵام لەوە نەدەچو چاوەڕوانی وەڵامی باش بێت و زۆر بەپەلە بوون بۆ ئەشکەنجە دانم. زانیم کە گرنگی نادەن بە وەڵامەکانم و تەنانەت ئەگەر تۆزێک بەوردی لە درۆکانیان بکۆڵیمایەوە هەر زوو دەردەکەوت؛ بەڵام ئەوان فێری زمانی کوتەک بوون نەک لێکۆڵینەوەی وورد‌و هێندە لەخۆیان و لە ئەشکەنجەدانەکەیان بوغرا بوون وایاندەزانی کە دەتوانن هێلکە بە هەموو کەس بکەن، هەر وەک خۆیان گەلێک جار دەیانووت. لە هەموی ناخۆشتر ئەوە بوو کە هەموو یان زۆربەی ئەوانەی کە لەویێ پرسیاریان لێدەکردم و جنێویان پێدەدام و لێیاندەدام کورد بوون. بە شێوەیان لە پیاوانێکی تەمەن کامڵ و خوێندەواری شارەکە دەچون و هەرگیز لەو ئەمنە کوردە نەخوێندەوارو لاژگانە نەدەچون کە پێشبینیم دەکرد.

یەکێکیان ووتی ئەمە ئەمنە کوردەکان گرتویانە؟ ئەوی دیکەش ووتی بەڵێ. یەکەمیان ووتی بەخوا ئەمنە کوردەکان چالاکی چاکیان هەیە. من چاک دەمزانی ئەوانەی گرتمیان کورد نەبوون، بەڵام چ جیاوازییەکی هەیە خۆ ئەم درندانە کوردن و کوردی ڕەسەنی شارەکەشن؛ پێدەچێت هەندێکیان ئەم بەسەرهاتەش بخوێننەوە!

ووتیان: ئەم شتانە چین و لەکوێت هێناون و بۆ کوێیان دەبەیت؟

منیش ووتم: بەخوا پیاوێکی پیر سی دیناری داومێ ئەم شتانەی بۆ هەڵگرم.

ووتیان: ئەی کوا پیاوە پیرەکە؟

نازانم دیارە کە بینیویەتی من گیراوم ڕای کردووە.

یەکێکیان بەشێوەی ڕابواردنی سلێمانیانە ووتی: تڕڕڕڕحێو جەنابی حاکم و دایانە پێکەنین.

ئەوی تریان ووتی ئادەی گیرفانی بپشکنن بزانن چەندی پارە پێیە - ئێستا دەردەکەوێت. من لێرەدا کەمێک وورەم بەرزبووەوە، دەمزانی سی دینارم پێیە! بۆیە درۆکەم وا ڕێکخست بوو. کە پارەکەیان دەرکرد یەکێکی دیکەیان لەولاوە ووتی مەرج نییە، درۆ دەکات، ئادەی بیبەن بۆ ئەو دیو. لە ڕێگا یەکێکیان نامیلکەی کۆمەڵەی بەرزکردەوەو ووتی: بابە ئێمە هەمومان چەندەها ساڵ لەناو ئەو ڕێکخراوانەدا کارمان کردووە ئینجا هاتوینەتە ئێرە- تۆ هەر ئەم بەڵگەیە بەسە بۆ ئیعدام کردنت. من ئەوەندەم ئەگەری خراپ لەبەردەم خۆمدا دانابوو پێدەچێت لەسێدارەدان یەکێک لە کورترین ڕێگاکانی ڕزگاربوونم بوایە لەو ئەشکەنجانە. لە ژورەکەی تر حەبلێکیان هێنا کردیانە هەردوو بنباخەڵم و کردمیانە سەر کورسییەک و لەسەر کورسییەکەوە هەڵیانواسیم بە قولاپێکەوە بە بنمیچەکەوەو شەقێکیان لە کورسییەکە هەڵداو هەڵواسرام. ئینجا وورده وورده دەستیان کرد بە لێدانم. من بەپێی ئەو زانیاریانەی کە دەربارەی زیندان دەمزانی دەبوایە چاویان ببەستمایە بەڵام هەر ئەوەندە چاویان بەستم کە هێنامیانە ژورەوە. لێرە یەکێک دەی ووت کارەباکە بهێنن کارەبا، یەکێکی دیکە لەو لاوە دەیووت نا توخوا گوناحە جارێ، خۆی ئیعتراف دەکات. یەکێکی دیکەیان لەولاوە دەیووت: ناوی بێتاوان نەڵێیت، خەڵکی بێتاوان تووش نەکەیت. شایانی باسە ئەم درندانە چ لەگەڵ من و چ لەنێو خۆیاندا بەکوردییەکی ڕەوان دەدوان و یەکێک نەیزانیایە دەیووت ئەمە مقەڕی مولازم موحسین نییە. دوای ئەوەی نەیانتوانی بەم بێنەو بەرەیە وورەم بڕوخێنن، دایانگرتم و یەکێکیان بەوەی دیکەی ووت: ئادەی بچۆرە سەر قاچی. یەکێکی دیکە ووتی: توخوا مەچۆ، بە خوا قاچ زۆر دێشێت! و لەبەر خۆیەوە کەوتە کوفە کوف، سەگبابە دەت ووت لەو دەدەن. کابرای دووەم بە پۆستاڵەوە بەسەر قاچمدا کەوتە گێرەکردن بەڵام وورەی من و ڕقی پۆڵاینم و باوەڕم بە کۆمەڵە زۆر لەوە بەهێز تر بوو. ئەم ئەشکەنجەو ئازاردانە تا لای ئێوارەی خایاند. دوایی هێنامیانە

قاوشێکی تەسک فرێیاندام و منیش لەتاو ئێشو ئازارو ترسی ئەوەی کە دواتر چی دەبێت سەرم نایە سەر زەوییەکە. کوڕێکی عەرەبی گەنج هات دەم بە پێکەنین و ڕووخۆش ووتم دیارە ئەمە شانۆگەری دووەمە. بەڵام کوڕەکە ووتی چەندت پارە پێبووە؟ ووتم سی دینار. ووتی نەخێر سی دینارو سێ پەنجایی. ووتم ووردە گرنگ نییە ( خوردە مو موهیم) ووتی نەخێر پارەی خۆتە، ئەوەش هەویەو چاویلکەو کاتژمێرەکەت، هەمووی کردە ناو دەستم و چپاندی بە گوێمداو ووتی گوو بە جەماعەتی موحسین. ئیتر نازانم گاڵتەی بە من کرد، یان بە ڕاستی لەو جەماعەتە بێزار بوو بوو یان چۆن بوو.

دوای ئەوە جارێکی دیکە چاوو دەستیان بەستمەوەو وەکو مریشکێک هەڵگریت ئەئاوا بەرزیانکردمەوەو فڕێیاندامە شوێنێکی تەنگە بەرەوە کە لە سندوقی ئۆتۆمۆبێل دەچوو. هەرچییەک بوو بوو، دوای کەمێک ڕۆیشتن و پێچ و پەنا لە شوێنێک ڕاوەستا. دەریانهێنامە دەرەوەو بە شەق و زلە کەوتنە پرسیارلێکردنم. ئەمانەش هەموو کورد بوون و خشەی وەرەقە دەهات بەدەستیانەوە.

+ چەند مامت هەیە؟

- نیمە.

+ چەند خاڵت هەیە؟

- نیمە.

+ چەند خوشک و چەند برا؟

- نیمە.

کە دەچووە سەر پرسیاری تازە وورەم بەرزدەبووەوە و دەمووت خەریکە باوەڕم پێدەکەن!

+ووتی ئەی عەشیرەتت چییە؟

-ووتم نازانم.

تەنها ئەم وەڵامەم ڕاست بوو، چونکە لە ناوچەی ئێمەدا باوی عەشیرەت نەبوو!

ووتی ئەم سەگبابە لە کونی دیوارەوە هاتووە! ئادەی حەبێکی هەیەی بدەنێ. باشە وەڵامی ئەو پرسیارانە بەبێ کەم و کوڕی لە دائیرەی ڕەگەزنامە وەردەگیرا بە تەلەفونێک، ئیتر ئەوە کوتەکی ئەوان و درۆی منی بۆچییە! بەڵام دیارە ئامانجی سەرەکی ئەوان ئەشکەنجەدانە. بەو جۆرە بە چاند کەسێک بە کێبڵ دایانگرتمەوە. دوایی بۆم دەرکەوت کە ئەو شوێنە بەڕێوەبەرێتی ئەمنە ( ئەمنە کۆنەکە) و ئەوەش کە پرسیارم لێدەکات نەقیب مەدحەت کۆیییە.

## دائیرەی ئەمن

بەراڕەوێکی تەسکدا بردمیان کە وا دیاربوو پڕبێت لە دۆڵابی ئاسن. بەردەوام بەدەم شەقو زلەو تێهەڵدانەوە سەرمیان دەکێشا بەم بەرو بەو بەری دۆڵابەکانداو هاواریان دەکرد بۆ برادەرەکانیان : تازە تازە تازەیان هێناوە! ئیتر ئەوانیش بۆ بەجێگەیاندنی سوننەتی دڕندەیی خۆیان هەر کەسە بە پەلە دەهات و بە شەق و بۆکس و پاڵ بەردەبونە گیانم. دوایی بۆم دەرکەوت کە ئەو بەشەی ئەمنە کۆنەکە کاتی خۆی قوتابخانە بووە و ئەو دۆڵابانەش هی ئەو قوتابخانەیە بوون لەگەڵ سەدان کورسی ساخ و شکاو کە لەو نێوەدا کەڵەکە کرابوون- دیارە لە لای بەعس ئەمن لە قوتابخانە پێویستترە، بۆیە کردویانە بە فەرمانگەی ئەمن.

گەیاندمیانە ژورێک، ووتی چاوی بکەنەوە، چاویان کردمەوە. گیرفانەکانیان چاک پشکنیم، سی دینارو سێ پەنجاییەکەو کاتژمێرو ناسنامەی باری شارستانی و ناسامەی خوێندکارییەکەمیان کردە زەرفێک و ناوی خۆمیان لێنوسی. نەقیب مەدحەت خەریک بوو چاویلکەکەم بشکێنێت و فڕێی بدات، بەڵام هەڵوێستەیەکی کردو ووتی: ئەمە حوبییە یان توبییە؟ ووتم توبییە، ئینجا ئەویشی کردە ناو زەرفەکە.

ووتی دانیشە، منیش سەیرم کرد لەبەردەممدا قەنەفەیەکی لێ بوو، ویستم وەکو پیاو یان میوانێکی بەڕێز لەسەر قەنەفەکە دانیشم! ئاخر ناهەقم نەبوو، ئەی دانیشە یانی چی؟ ئەی بۆ قەنەفەیان داناوە؟

یەکسەر بە شەقێکی مزر وەڵامیاندامەوەو ووتی : لەسەر ئەرزەکە دانیشە گەواد! منیش تەخت چوارمشقی لەسەر ئەرزەکە دانیشتم. دەستیان کردەوە بە لێکۆڵینەوەو پرسیار. سەیری بەرانبەرم کرد سێ کەس یەکی لەسەر کورسییەک دانیشتبوون، مێزێک لەوانەی کە ئەو کاتە من تەنها لە فەرمانگەی دەوڵەتدا بینیبوم لەبەردەمیاندا بوو.

- ❖ ناوی نهێنیت چییە؟
- ❖ لەگەڵ کێ کار دەکەیت؟
- ❖ ئەو نوسراوانە چین؟

منیش هەر وەکو یەکەمجار چیم ووتبوو بێ کەم و زیاد دووبارەم کردەوە. لەکاتی قسەکردندا ڕوی دەمم دەکردە کابرایەکی عەرەبی چوارشانە کە پانتۆڵێک و کراسێکی سپی لەبەردا بوو، وتم سەیدیی وام زانی بەڕێوەبەری ئەمنە. یەکسەر نەقیب مەدحەت تورە بوو، ووتی (بەکوردی) ڕوبکەرە من سەگباب، ئەویش هەر وکو من و ئەم پیاوە ( پەنجەی ڕاکێشا بۆ کەسی سێیەم) نەقیب ئەمنە. لە ڕاستیدا نەقیب مەدحەت بە شەرواڵ و کراسێکی ناشیرینەوە دانیشتبوو، سەرو چاوی هەر لە پشیلەی سپڵە و پۆخڵ دەچوو، وام دەزانی داخۆ چ ئەمنێکی خوێڕییە!

نەقیب مەدحەت لە جێگەی خۆی هەستاو بە کێبڵ کەوتە لێدانم؛ ئەگەرچی هەڵیساندبومە سەرپێ بەڵام لەگەڵ هەر کێبڵێکدا خەریک بوو دەیدام بە ئەرزدا. دوای ئەوەی ڕاست و چەپ بە دوو کەس هەتا توانیان بە کێبڵ لێیاندام و پرزۆڵەم لەبەر بڕاو کەوتم، ئینجا هەردوو قاچمی گرت و کردنییە ناو حەبلێک کە بەسترا بوو بە دارێکی ئەستورەوە پێیان دەوت فەلاقە. من زۆرجار لە هەڕەشەی دایکم و دایکانی دیکەدا ناوی فەلاقەم بیستبوو وەک هەڕەشە لە منالْ؛ دەیان ووت: وەڵا دەبێت فەلاقەی عومرت بکەم! بەڵام هەرگیز بە هزرمدا نە هاتبوو فەلاقە بەو جۆرە بێت. شایانی باسە لە ئەدەبی کلاسیکیشدا شتێکی لەو بابەتەم خوێندبووەوە کە لە چاخەکانی ناوەڕاستدا بۆ ئەشکەنجە بەکارهاتووە، بەڵام هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە کە ئەو ئامێرە لێرە وەک بەشێک لە ئاسەواری مێژووی ئەشکەنجەی جیهانی پارێزرابێت و هێندەش بە ئەمەک بن هەر بەکاری بهێنن بۆ ئەوەی لە فەوتان بیپارێزن. دوو کەس فەلاقەکەیان لەم سەرو ئەو سەرەوە گرت بوو دوو کەسی دیکەش بە کێبڵ بەر بوونە بنی پێم. پێدەچێت من چونکە کوڕی لادێ بووم و هەر لە منداڵییەوە بە ناو دڕک و داڵ و بەردو داردا ڕام کردبوو کەمێک بنی پێم لە کەسانی دیکە بەرگری زیاتر بووبێت، بەڵام خۆ لەگەڵ کێبڵ ئاشنا نەبوو. لە پڕ قاچم بەربوو، مەدحەت بە هاوەڵەکانی ووت: بینیتان، من نەم ووت، من ئەزمونم هەیە لەو بوارەدا ئەزمون ( گەماڵ باوکە دەت ووت لە تاقیگای کیمیادا ئەزمونی بەدەستهێناوە!)، دەبێت کە قاچی تاوانبارەکەت کردە ناو حەبلەکە پێچێکی پێ بدەیت. ئینجا هات بە تواناو ئارەزوی خۆی پێچێکی لێدا تا قاچم توند بوو. ئەوەندەیان کێبڵ دا لە بنی پێم تا قاچەکانم وەکو ئاگر گەرم بوون و دوای ئەوە سڕ بوون. بە شەق هەڵیانساندمە سەرپێ و ووتیان ڕاکە، خۆیشیان بە کێبڵەوە بە دوامەوە. لە ژورەکە ڕام کردە دەرەوە بەڵام چی ببینم!؟ زیاد لە سەد کەس بە هەر چواردەوری حەوشەکەدا ڕاوەستابوون، بەرەو هەر لایەک ڕام دەکرد یان بە شەق یان بە سۆندە یان بە کێبڵ یان بە دار یان بە دەست لێیان دەدام، هەتا لە ناوەڕاستدا جارێکی دیکە کەوتم و هەرچەندە پیاناکێشام و قیڕاندیان بەسەرمدا هەڵنەسام. دوای ئەوە ئەمنێکی ڕەشی ناشیرین و دزێو پارچە سۆندەیەکی بەدەستەوە بوو بە دوو پەنجە هەردوو سەرەکەی گرتبو ووتی: ئەمە تێزابە ئەگەر ئیعتراف نەکەیت دەیرێژم بەسەرو چاوتدا، منیش دەمم کردەوە چونکە زۆرم تینوو بوو، دەشمزانی تێزاب وا هەڵناگیرێت، ئیتر جارێکی دیکە لە زەردەخەنەیەکی ناقۆڵادا دانە زەق و ناشیرینەکانی نیشاندام و ئاوەکەی ڕشت بە سەرو چاومدا.

دوای ئەوە بە دوو کەس هەڵیانگرتم و فڕێیاندامە ژورێک، پاش کەمێک دەرگاکەیان لە دواوە داخست. چاوم هەڵهێنا ژورێک بەبێ پەنجەرە، تەنها کونێکی بچوکی تێدابوو پارچە شوشەیەکی تێکرابوو دەچووە سەر ژورێکی تر، یان هەردووکیان یەک ژور بوون و کرا بوو بە دوو بەشەوە. لە ناوەڕاستدا چەرداخێک دانرا بوو کە بریتی بوو لە دوو ستون کە لەسەر دوو بنکە (قاعیدە) ی کۆنکرێتی جێگیرکرابوون. بنکە کۆنکرێتییەکان کە

دوایی له بێکاریدا پێوامن یەکی چوار بست بەرز بوون و دوو بستیش پان بوون به هەر چواردەوری ستونەکاندا، لەسەریشەوە ستونێکی دیکه ڕایەڵ کرابوو که له ناوەڕاستدا قولاپێکی پێوەبوو. بەهەر چواردەوری بنمیچەکەدا هەشت گولۆپی پلاجیکتۆری ڕەنگاوڕەنگی تێدابوو که هەریەکە ڕەنگێک بوو؛ ئەگەر یەکێک نەزانێت پێدەچێت بڵێت: کاکه ئێوه به هیچ شتێک ڕازی نابن، لەوه زیاتر چیتان دەوێت! له تەختی شانۆ ڕوناکتر و ڕازاوەترە! بەڵام لەڕاستیدا ئەو گولۆپە جوان و ڕەنگاو ڕەنگ و ڕوناکانه بوو بوون به گەورەترین هۆکاری ئەشکەنجەی دەرونی، لەلایەکەوە یەکی ئەوەندەی هیتەرێک گەرم بوون، له لایەکی دیکەشەوە گەورەترین لەمپەر بوون لەبەردەم خەوو سەرخەوشکاندندا. که مرۆڤ چاوی دەچووه خەوو چاوی هەڵدەهێناوە نەی دەزانی لەکوێیه و له چ جیهانێکدایه. له دوو سوچی بنمیچەکەدا دوو بڵندگۆی (مکبرە) ستریۆی گەورە جێگیر کرابوون.

زنجیرێک به قوفڵێکی بچوک بەسترابوو به یەکێک له ستونەکانەوە و سەرەکەی دیکەشی لەسەر پەتۆیەک بوو که هەندێک ماستی بەسەردا ڕژابوو، لەو لایشەوە قاپێکی بچوک کەوتبوو که کەمێک ماستی تیا مابوو. ئەو دیمەنه بۆ هەر کەسێک، بێجگه له کەسێک که له زینداناو لەم دۆزەخەدا ژیان بگوزەرێنێت له دیمەنی پەت کردنی سەگێک یان گورگێک یان دڕندەیەکی کێوی دەکات، خۆ ئەگەر ئەو کەسە کەمێک سەرو ساختی لەگەڵ جیهانی پێشکەوتوو شارستانیدا هەبێت ئەوا یەکسەر دڵی بەزەیی بۆ ئەو دڕندە کێوییەش قوڵپ دەدات و دەڵێت نابێت گیاندارێک بەو جۆرە و لەو شوێنەدا یەخسیر بکرێت.

چەند پارچە کێبڵ و سۆندەیەک لەسەر ئەرزەکە کەوتبوو بەڵام ئەوەی که زۆر لەلای من سەرنجڕاکێش بوو سۆندەیەک دوو فاق کرابووەوە و به تیپێکی سور پێچرابوو لەناویدا هەژدە تەلی مسم ژمارد، که به دوو فاقکراوەیی دەیکردە سیو شەش.

چووم لەسەر پەتۆکە ڕاکشام، زانیم بەر له من ئەوه جێگەی یەخسیرکردنی کەسێکی تر بووە. بەڵام ئەو ڕاکشانه شاهانەیه زۆری نەخایاند، لەپڕ له تەقەو زرەی کلیل و دەرگاکردنەوە ڕاچڵەکیم. یەکێک به پرتاو هاته ژورەوە و زرم شەقێکی تێهەڵدام: گەواد ئوتێلە! بەدوایدا نەقیبە عەرەبەکە هاته ژورەوە و ووتی ڕاستەوخۆ کەلەپچەی بکه به ستونەکەوە و ئەو زنجیرو پەتۆیەش ببەنه دەرەوە.

که مناڵ بووم هەرچییەکمان بەسەر بهاتایه دایکم دەیووت: ڕۆڵه چی بکەین، خواخراپتر نەدات، خراپتریش هەیه! من به پەتۆو زنجیرەکە ڕازی نەبووم ئەوا ڕاستەوخۆ کەلەپچەکرام به ستونەکەوە. بەم جۆرە ئەو شێوازی ئەشکەنجەیه دەستی پێکرد که ماوەی چواردە ڕۆژی ڕەبەقی خایاند؛ کەلەپچە بوون ڕاستەوخۆ به ستونەکەوە یانی چی؟ بنکەی ستونەکە چواربست له ئەرزەوە بەرزەو دوو بستیش بەهەر چواردەوردا پانه، نه باوەش پێیدا دێته خوارەوە و نه هیچ. ئەی چۆن بخەوم؟ مەخەوە گیانەکەم ئەمه شوێنی تێکشکاندنی لەش و دەرون و گیانە. بەڵام نەخێر هاوڕێیانی کۆمەڵەی سێداره بەزێنت لەیاد بێت، شەهاب و جەعفەرو جەماله ڕەش و لەتیف عەبدوڵا و هتد... ت له یاد بێت، وورەی مرۆڤ له هەموو شتێک بەهێزترەو له هەموو کانزایەک ڕەق ترو جیڕترو خۆڕاگرترە.

شەوو ڕۆژ به چیچکانەوە، هەر چۆنێک دەست بجوڵێنی کەلەپچەکە زیاتر توند دەبێت، گولۆپه گەرم و ڕەنگاوڕەنگەکان، گەرمای لەڕادەبەدەری ژورەکەو نەبوونی بواری هەواگۆڕکێ و بۆساردو بۆخنکاو. سەرباری ئەوانەش هاتنه ژورەوەی له ناکاوو لێدان و قسەی ناشیرین و جنێوو تفلێکردن و هەڕەشەی هەمەچەشن به هەڕەشەی دەسدرێژی ناموسیشەوە.

ئەی دەبێت ئەو بڵندگۆیانه ئەرکیان چی بێت؟ تۆبڵێی بۆ مۆسیقای هێورکەرەوە دانرابن؟ تۆ بڵێیت به ڕاستی بڵندگۆبن و شتێکی دیکه نەبن وەک دەنگ وەرگر یان کامێرا نەبن؟ جا من چیم هەیه یاڵای دەکرد هەچی شته دەبوون، مەگەر له خەومدا وڕێنه بکەم! خۆ خەویشیان لێ حەرام کردوم. تۆ بڵێیت هەر ئەم شەو ئەئاوا به قنگەوە ڕۆژبکەمەوە، ئەی قابیله چۆن، مرۆڤ چۆن ئاوا دەژی! ئەمانەو هەزاران پرسیاری دیکه له مێشکمدا گینگڵی دەخوارد. نوسراوی سەر کەلەپچەکەم خوێندەوە، له ئینگلتەره دروست کرابوو، ئەسڵەکەی بوو! ستیلێکی

ساف و بریقەدار و جوان بوو، گوایە ئەمە بۆ کەسانی وەک ئێمە دروست کراوە یان پێویستە کەسانی وەک ئەم ئەمنە تاوانبارو نەگریسانەی پێ کەلەپچە بکرێت.

دنیا تەواو ئارام بوەوە، گوێم لە هۆڕنی ئۆتۆمۆبێلەکانی سەر شەقامی سەرەکی بەردەم ئەمنە کۆنەکە بوو. گوێم لە لورەی ماتۆڕی مرورو ئۆتۆمۆبێلی نەجدەکە بوو، وابزانم جەنابی پارێزگار تەشریفی بردەوە ماڵەوە. پێش گیرانم زۆرجار کاروانی ئۆتۆمۆبێلی ئەو ئاغایانەم بینی بوو. تۆ بڵێیت خواردنم نەدەنێ؟ کورە قوزەڵقورت بخۆ، بڵێ خوایە نەیەنەوەو دەست نەکەنەوە بە لێدانم.

لای عەسر ئەمنێکی سپیکاری زەبەلاح دەرگای کردەوەو هاتە ژورەوە، بە کلیلێکێ بچوک کەلەپچەکەی کردمەوەو پەلکێشی کردمە دەرەوە، تۆ بڵێیت بۆ ژوری ناو زیندانییەکانی دیکە بێت یان بۆ ئەشکەنجەی زیاتر بێت. بردمییە بەردەم ژورێکی بچوک، لەدڵی خۆمدا ووتم بەخوا ئەو بەستنەوەیە بە کەم دەزانن دەم بەن بۆ ژورێکی تەنگەبەرتر، بەڵام ئەو شوێنە ئاو دەست بوو.

من هیچ کارێکی سەر ئاوم نەبوو، بەڵام زۆر زۆرم تینوو بوو، ئەمە هەلێکی باش بوو، یەکسەر مەسینەی ئاو دەستەکەم نیوەکرد لە ئاوو نام بەسەرمەوەو قرتە برم کرد. نازانم ئەو ئاوە بۆ ئەوەندە ساردو سازگارو خۆش بوو. دوای کەمێک خۆخلافاندن هەستام هاتمە دەرەوە.

فەرمانی پێدام کە لە ئاوێنەی بەر دەسشۆرەکەدا سەیری خۆم بکەم، سەیر بکە ئاها چەند جوان بوویت! بۆ ئیعتراف ناکەیت؟ ئەگەر بڵێم خۆمم نە ناسییەوە ڕەنگە زیادە ڕەوی نەبێت، کەسێکی دیکە بووم، سەروچاوم برین و خوێنی ووشکەوەبوو ڕەشی و پیسی و قژم بژو ناشیرین و پەشۆکاو. ئینجا فەرمانیدا دەموچاوم بشۆم، منیش لەترسی ئەو یەک شڵپ ئاوم دا بە دەموچاومدا بۆ ئەوەی کەمێک فێنک ببمەوە. ووتی بەباشی بیشۆ، بە سابون، دەستی درێژکرد بۆ سابونەکە، منیش ووتم سوپاس پێویست ناکات، بەڵام ئەو هەر وازی نەهێناو ووتی دەبێت بیشۆیت، منیش بە سابون جوان دەموچاوم شوشت.

ووتی ئیعتراف بکەو خۆت رزگار بکە، ئەئا بەم جۆرە دەت کوژین. منیش ووتم خۆ من ئیعترافم کردووە ئێوە باوەڕم پێناکەن. بەبێ هیچ وەڵام یان سەرنجێک پەلکێشی کردمەوە بۆ ژورەکەو کەلەپچەی کردمەوە بە عەمودەکەوە.

+دەزانیت ئێرە کوێیە؟

– موديريەتی ئەمنە.

+ جاری دیکە لێرە بوویت؟

– نەخێر.

+ ئاخر سەیری فایل دەکەین ها!!!

ئەو ڕۆیشت و لای ئێوارە پێنج شەش کەس هاتنە ژورەوە. کەلەپچەکەیان کردەوەو لەدواوە بە پارچە حەبلێک هەردوو باڵیان بەستم و خستمیانە سەر کورسییەک، هەر کە حەبلەکەیان کرد بە قولاپەکەدا شەقێکیان لە کورسییەکە هەڵدا. بە شێوەیەکی نا هاوسەنگ هەڵواسرام. دەستیانکرد بە لێدانم بە هەموو ئەو شتانەی کە لە ژورەکەدا بوون. پرسیار وەک تەرزە دەباری بەسەرمدا، زۆرتر گرنگییان بە ئەشکەنجەدانەکە دەدا وەک لەوەی گوێ لە وەڵامی پرسیارەکان بگرن. یان ئەوە بوو لەو وەڵامانە نا ئومێد بوو بوون و دەیانەویست بە ئەشکەنجە ئەو وەڵامە وەربگرن کە خۆیان دەیانەوێت. من هەر ئەو درۆ هەڵبەستراوەی یەکەمجارم دووبارە دەکردەوە و ئەوانیش دەیانوت درۆیەو بەردەوام دەبوون لەسەر تەعزیبدانم. بەمجۆرە بەردەوام بوون تا بێتاقەت بوون، ئینجا دایانگرتم و کەلەپچەیان کردمەوە بە ستونەکەوە.

نەقیبە ئەمنە عەرەبەکە ووتی: تۆ دوامان دەخەیت، تۆ کاتمان دەکوژیت. سەگبابە هێندە بە داماوانەو بە ئەدەبەوە وای دەوت خەریک بوو پیاو بەزەیی پێیدا دەهاتەوە! ئەم گەماڵ باوکە کاتی بۆچییە بۆ ئەشکەنجەدانی کەسانی دیکە و زیندانی زیاتر نەبێت!

شەو درەنگێک جارێکی دیکە هاتنەوە، بەهەمان شێوەی پێشو هەڵیانواستیم و دەستیانکردەوە بە لێدانم، ئەمجارە کەرەبایشیان بەکار دەهێنا. ئامێرێکی بچوکیان پێبوو کە لە شاحینەی پاتری دەچوو، لە سەرەوە هاندڵێکی پێوە بوو. دوو جەمسەری وایەری لێوە ڕاکێشرابوو، دەیانپێچان لە هەردوو پەنجە گەورەی قاچم و هاندڵەکەیان بادەدا، هەتا زیاتر بایان بدایە زیاتر کارەبای دروست دەکرد. هەستم دەکرد تەزوی کارەبا وەکو بروسکەیەکی زیکزاک بە هەردوو قاچمدا سەردەکەوت تا دەگەیشتە ناو قەدم، لەو کاتەدا من کوور دەبووم و ئەوانیش دەستیان لێبەردەداو خاو دەبومەوە. ئیتر لێرە بەدواوە لە هەموو کۆرسێکی لێداندا کارەبایان بەکاردەهێنا. تەنها یەک جار جەمسەرێکی وایەرەکەیان بەست لە پەنجە گەورەی دەستی چەپم، کە هەتا چەند ساڵ لەوەدواش ئەو پەنجەیەم هەر سڕ بوو.

ئەم جارە دایاننەگرتم و ووتیان ئێمە دەڕۆین خوا حافیز، تۆ هەر دەبێت ئەئاوا بیت هەتا ئیعتراف دەکەیت، منیش هەر لەخۆمەوەو بەشێوەیەکی شێتانەو خۆنەویستانە (لا ئیرادی) ووتم خواحافیز. ئاخر چۆن دەبێت وەڵامی ئەو پیاوانە نەدەیتەوە! هەر نەبێت ئێمە عەشایەرین و عەشایەرەش وەڵامی سەلام و خواحافیزی دۆست و دوژمن دەداتەوە! یەکێکیان گەڕایەوەو لە پاداشتدا دەستی کردەوە بە لێدانم، پێمان ڕادەبوێری، بەخۆت پێبکەنی باشترە قەشمەر.

دوای ئەوە بە پێنج خولەک گەڕانەوەو دایانگرتم و بەستمیانەوە بە ستونەکەوە.

## شەمەنەفەری پارەزان

یەکەم شەوی زیندان، چۆن زیندانێک بە بەستراوەیی و کەلەپچەکراوی بە ستونێکەوە، نەبتوانیت ڕابکشێیت و نە بتوانیت قاچ درێژ بکەیت و نە هیچ. من کەلەپچەم بە ستونەکەوەو ستونەکەش لە سەرەوە لەحیم کراوە بە ڕایەڵەیەکی ترداو ئەگەر گریمان سەریش کەوتیت لەولاوە دەبێت بێیتە خوارەوە، ستونەکەی ئەو بەریش هەمان تاس و هەمان حەمام. ئەی بۆ خۆم درێژ نەکەم بۆ خوارەوە، بۆ کوێ؟ جا بنکەی ستونەکە بە دوو ئەوەندەی باوەشی من تەواو دەبێت! باشە هەردوو قاچم ئەخەمە ئەم دیوو ئەو دیوی ستونەکە، واتە ستونەکە بە خۆی و بە بنکەکەیەوە دەخەمە باوەشم. بەو جۆرەم کرد، سەرەتا باشبوو بەڵام یەک خولەکی نەبرد هەردوو قاچم سڕ بوون، هەردوو ڕەفیسکەی ڕانم خەریک بوو دەتەقی. نەم توانی بخەوم، هەرچی شێوازە تاقیم کردەوە نەم توانی بخەوم. سەرم نا بە بنکەی ستونەکەوە تا چڵمم درێژ بوو. ئەرێ بەڕاست ئەو هەموو چڵمە زەردو سپییە تا ئێستا لە کوێ بووە؟ تۆ بڵێیت لە ناو سەری مرۆڤدا عەمبارێکی گەورەی ئەو شلەمەنییە هەبێت و ئێستا بەهۆی باری نائاسایی سەرمەوە ڕژابێتە خوارەوە. کێ دەڵێت مادەیەکی پێویست و بەنرخیش نییە و بەم جۆرە لەدەستی دەدەم!؟ نازانم چییە.

خەوو خەیاڵم تێکەڵکرد. ژورەکەم بوو بە فارگۆنی شەمەنەفەر. ئاخر بڵێ عەتا تۆ لەکوێ سواری شەمەنەفەر بوویت! کەی هەر شەمەنەفەرت بینیوە؟ بۆ ئەی لە فیلمدا کەمم بینیوە؟ فارگۆنەکان پەنجەرەیەکی چوارگۆشەی بچوکیان تێدایە، ئەمیش ڕێک وابوو. شەمەنەفەر کەوتە ڕێ، تیژترو تیژتر تێپەڕی، بەبەردەم دۆڵپەموو گوێزەڕەشدا تێپەڕی، گەیشتە چاوگی توێ، دەڵێیت بینی گرتووە. بۆ لە چاوگی توێ دانەبەزم و تێر ئاوی سارد بخۆمەوە. نا ئێستا دەگاتە کانی میرەباس، ئەو ساردترو سازگارترە. ئەوا گەیشتە مێرگێ، ئەوە خۆ کاک ڕەحیمی ئامۆزای باوکمە! ( ئەو کاتە کاک ڕەحیم تازە بە کارەساتی ئۆتۆمۆبێل کۆچی دوایی کردبوو زۆرم خۆشدەویست) . کاک ڕەحیمم بانگ کرد، کورە نامەردت نەکەن وەرە، ئەم بەڵایەم لەدەست بکەرەوە، دەی باشتر بەخوا تۆ کرێکاری کانەبەردەکانیت تۆ بەهێزیت، بەتۆ نەبێت ناکرێت. دەی بە قوربانت بم، ئەم هەڵەم لەدەست مەدە تانەگەڕاوەتەوە. زۆری هەوڵدا نەکرایەوە!

شەمەنەفەرەکە وورده وورده هێواش بوەوە، تەواو لە گوڕ کەوت، سەرم هەڵبڕی گوڵۆپە لەعنەتییەکان لەهەرچواردەورەوە دۆزەخێکی تەواویان بۆ گڕدابووم. سەیری پەنجەرە بچوکەکەم کرد هەمان پەنجەرەی ژوری

ئەشکەنجەکە بوو. تاکە شتێک کە گۆڕا بوو ئەوە بوو کە کەلەپچەکەم لەدەستمدا هێندە توند کرد بوو هەردوو مەچەکم سڕ بووبووون، چی بکەم هیچی لێناکرێت.
شەو لە قۆرییەکی ڕەشی بچوکدا، کە داخۆ لە قەدی چ شوانێکی کلۆڵیان کردۆتەوە لەو شاخ و کێوانە، کەمێک ئاویان بۆ هێنام، منیش ئەگەرچی لە شوانی و کێواو کێوی منداڵیدا زۆرم تینوێتی چەشتبوو بەڵام شتی ئاوام بە خەونیش نەبینیبوو، هەر بۆیە هەموم نەخواردەوەو کەمێکم لێ هێشتەوە بۆ تەنگانە. ووتم لەمە تەنگانە تر نابێت، هەڵم قوڕاند، ئەوە نەبێت تەڕ بوو، ئەگینا مەرجەکانی دیکەی ئاوی تێدا نەمابوو.

## شانۆگەری ساختە

بۆ بەیانی بردمیانە دەرەوەو چاویان بەستم، تا بڵێیت حاڵم خراپ بوو، لەڕێگا ئەمنەکە پێی ووتم ئەم شەو خەوتی؟

- نازانم
+ چۆن نازانیت کەس هەیە نەزانێت خەوتووە یان نا؟
- وا بزانم تۆزێک خەوتم.

وادیاربوو دەیویست بزانێت ئەو شێوازە تا چ ڕادەیەک کاریگەری هەبووە لەسەرم.
بردمیانەوە بۆ ژوررەکەی نەقیب مەدحەت. یەکسەر مەدحەت ووتی چاوی بکەرەوە، ئەمە پێویست بە چاوبەستن ناکات، ئەمە ئیعدام دەکرێت! ئیتر هەتا لە ئەمنی سلێمانی بووم چاویان نەبەستم.
لەژورەوە یەکسەر سەمونێکی حەجەری درێژیان دایە دەستم، ووتیان ئەمە هی تۆیە. منیش یەکسەر بەبێ سێو دوو سەیرکردن ماشیمەوە. لەڕاستیدا لەو کاتەوە کە گیرابوم، واتە سەر لەبەیانی ڕۆژی پێشو، ئەمە یەکەم جار بوو خواردنم چاوپێبکەوێت. ناو سەمونەکە هێلکەیەکی کوڵاوی پاککراوی تێدابوو، لەڕاستیدا شازی لەفە بوو! ئەوەندەی بڵێیت یەک و دوو ئاودیوم کرد.
نەقیب مەدحەت بە پێچەوانەی جارانەوە دەم بە پێکەنین و بە کەیف بوو. دەڵێن بە پێکەنینی زاڵم و بە خۆرەتاوی زستان باوەڕ مەکە. لە ڕاستیدا لەجاران زیاتر لێی دەترسام. جەماله ڕەش لە بیرەوەرییەکانیدا نوسیبوی: دواتر دەستیان لە لێدانم هەڵگرت و کەوتنە قسەی خۆش و خاوەن ماڵەکەمیان لەگەڵ کردمە زیندان.
دیارە ئەمە دیوێکی دیکەی شانۆگەرییەکەیە. مەدحەت ووتی دانیشە. منیش چوارمشقی لەسەر ئەرزەکە دانیشتم. ووتی نەخێر نەخێر فەرموو فەرموو لەسەر قەنەفەکە دانیشە. هەستام بە نابەدڵ و بە ترسێکی زۆرەوە چومە سەر قەنەفەکە بەرانبەر نەقیب مەدحەت. مەدحەت جگەرەیەکی ڕۆزمەنی دەرهێناو لەسەر جێگاکەی خۆیەوە هەستاو فەرموی کردم و دەست بە چەرخەوە بەرانبەرم بزوت. سەد شوکور بە تێهەڵدان و کوتەککارییەکە، دەبێت کۆتایی ئەم هەموو ڕێزو نەزاکەتە چی بێت؟ ووتم زۆر سوپاس جگەرە هەر ناکێشم، ووتی دە چایەکی بۆ بهێنن. لەڕاستیدا زۆر حەزم لە چا بوو، هەر لەگەڵ وەرگرتنیدا چۆڕە برم کرد.
کە چاکەم تەواو کرد نەقیب مەدحەت ڕوی دەمی تێکردم و ووتی: فەرموو قسەم بۆ بکە. پێش ئەوەی من هیچ وەڵامێک بدەمەوە ووتی: یان تۆ قسەم بۆ بکە یان من قسەت بۆ دەکەم. من هەر کڕ بووم. ئینجا خۆی دەستی کرد بە قسە کردن.
من ناوم نەقیب مەدحەتە و خەرکی کۆیەم. نەقیب ئەمنم و زۆر خزمەتی گەل و حیزب و شۆڕشم کردووە. دەزانی دوێنێ شەو من لە کوێ خەوتم؟ ئا لەو ژورە، عەتا تۆ هەستە وەرە، سەیر بکە ئا لەو ژورە کە پەنجەرەکەی دیارە. ئاماژەی بۆ ژورێک کرد لەو بەرەوە بۆ لای ئوتێل ئاشتییەوە؛ لەو بەشەی ئەمنە کۆنەکە کە تازەتر بوو لەو دواییەدا دروستکرابوو.
ئێ کاکە چی ترماوە پێت بڵێم؟ دەی ئینجا تۆ قسەم بۆ بکە. من هەر بێدەنگ و حەپەساو بووم. لەدڵی خۆمدا دەمووت سەد شوکور بە تێهەڵدانەکە، ئەوە سەد قات لەم شانۆگەرییە ساختەیە خۆشتربوو- لەم خەیاڵانەدا بووم

بەڵام نە ئەوساو نە ئێستاش ئەو خەیاڵە نەهات بە مێشکمدا خۆم بە نەقیب مەدحەت بناسێنم بەو جۆرەی کە ئەو دەیویست.

دوای ئەوەی نائومێد بوو لە بیستنی هیچ شتێک لە من و قسەکانی خۆیشی تەواو بوو بوو. لەپڕ بە تووڕەیی وەک بەرازی بەڵەسە یان یەکانەی ئەنگاوتە لە کورسییەکەی دەرپەڕی و شیڕاندی: سەگباب وا دیارە تۆ دەبێت حەبی قسەکردنت بدرێتی یاڵا قسان دەکەیت. ئەمڕۆ قوتابییەکانی هاوڕێت یەکەم تاقیکردنەوەیان دا، بە شەرەفم هەر ئیعتراف بکەیت هەر ئەمڕۆ ناهێڵم یەک تاقیکردنەوەت بفەوتێت. ئێمە هەموو توانایەکمان هەیە. بەدەم ئەم پەیمانی درۆو هەڕەشانەوە گەیشتە لام، بەهەموو هێزی زلەیەکی لێدام کەوتم بەسەر شانی قەنەفەکەداو شانی قەنەفەکە شکا و کەوتمە سەر ئەرزە حەیاتەکە. جارێکی دیکە بە توڕەییەکی زیاترەوە بە شەق و زللە تێم کەوت. ئاگام لێ بوو هاوەڵەکانی لەسەر لاشانی قەنەفەکە سەرزەنشتیان کردو ئەویش داخی هەمووی بە من دەڕشت.

مەدحەت دانیشتەوە، بەهەموو هێزی مژێکی لە جگەرە ڕۆژمەنەکەی دا، چاوی تێبڕیبوم هەر لە دڕندەو پیاو خۆری دەکرد، مژێکی تری لێداو فویەکی لێکرد. کە تەواو گەشایەوە چەند جارێک بە باشی نای بە پشتی ملمداو هەر جارەش ئەوەندەی مۆرێکی لێ دەسوتاند. ئێستاش و هەتا هەتایە جێگەکەیان هەر دیارە. دوای ئەوە جگەرەکەی خستە پشت ملم و تا بە پشتمدا چووە خوارەوە هەر دەی سوتاند، ئیتر نازانم چۆن و لە کوێدا کوژایەوە.

٢٠ ساڵ لەوەدوا لە ساڵی ٢٠٠٢دا لە بەریتانیا پارێزەرەکەم کە ژنێکی ڕەش پێست بوو بە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە ژورەکەی بەجێهێشت؛ گوێم لە لوشکە لوشکی گریانی بوو لە ژورەکەی ئەو دیو. لە وەرگێڕەکەم پرسی، کە کاک کاروان بوو، ووتی ئەوە تەحەمولی نەکردو دەگری. دوایی وەرگێڕەکە چوو دەستی کردە ملی و هەتا ڕۆیشتیشەوە بۆ ماڵەوە هەر هەنسکی هەڵدەکێشا. لە ٢٠٠٢/١١/٢٦ ناردمی بۆ دامەزراوەی پزیشکی-سەرپەرشتی قوربانیانی ئەشکەنجە [ Medical Foundation- Caring for victims of Torture ] لەوێ دوکتۆر Gordon Barclay MA MB BChir LRCP FRCS BSc پشکنیمی و ڕاپۆرتێکی پزیشکی-یاسایی ئامادە کرد کە لەبارەی ئاسەوارەکانی شوێنی سوتانی جگەرەکانەوە دەڵێت:

" گەلێک جێگا برینی پێوەیە. شوێنە برینە سەرەکییەکانی کە هەتا ئێستاش هەر دیارن ئەوانەن کە بە شێوەیەکی بازنەیی نیو سانتیمەترو سێ لەسەر چواری سانتیمەترێکن کە لەسەر بەشی سەرەوەی لای چەپ و لای ڕاستی دەفەی شانی جێگیرن، چواریان لە لای ڕاست دان و نۆیشیان لەلای چەپ، وە هەروەها جێگای نەشتەرگەری گورچیلەی لای چەپی. هەروەها جێگا برینێکی یەک سانتیمەتری، کە هەتا ئێستاش دیارە بە سەر کڵاوەی ئامێری نێرینەییەوەیەتی."

[لەداهاتودا وێنەیەکی ئەو ڕاپۆرتەش بڵاو دەکەمەوە وەک بەڵگە]

نەقیب مەدحەت ووتی: "دەزانم ئێستا حەز دەکەیت یەک فیشەک بنێم بە تەوقی سەرتەوەو ڕزگارت بکەم، بەڵام وا ناکەم هەر بە تەعزیب دەتکوژم."

دوای ئەوە دەی ویست جارێکی دیکە شێوەی قسەکانی بگۆڕێت و ووتی: " بابە ئێمە ئاگامان لە هەموو شتە، دەزانین چۆن گیراویت و ڕات کردووە لەدەستیان و جارێکی دیکە گرتویانیتەوە." لەدڵی خۆمدا ووتم باشە قوڕمساخ خۆ ئەمە درۆیە، جا کەوابێت قسەکانی تریشتان هەر درۆن، ئیتر مەگەر تەڕەماشی تەڕ بزانن دەربارەی من. لێرەدا بە تەواوی دڵنیا بووم کە کەس شاهید نییە لەسەرم و کەس زمانی لێنەداوم (ئیخباری) و زمانی خۆم خاوەنی خۆمە. تەنانەت لەوەش زۆر سەرم سوڕما کە قسەکانیان پێچەوانەی شێوازی گرتنەکەشم بوو. بەڵام کاتێک بەربوم بیستم کە هەر ئەو ڕۆژە تەقەیان لەو تاقمە کردووەو لێیان کوشتون، ئیتر نازانم چەندیان کوژراوەو چەندیان دەرچون بەڵام دیارە شێوەی کارەکەیان کەشف بووەو گرنگی نەماوە. ئەو تەقە کردنە هیچ پەیوەندییەکی بە گیرانەکەی منەوە نەبوو، بەڵام کێشەکەی منی ئاڵۆزتر کردبوو، چونکە ئەوان وا دیارە وایان لێکداوەتەوە کە من کەسایەتییەکی گرنگم و لە تۆڵەی مندا کوژراون! بۆیە یەجگار ئەوەندە بە توندی ئەشکەنجەی منیان دەدا.

دوای ئەوە دەستیانکرد بە لێدانم، بە نەقیب مەدحەت و ئەمنێکی دیکە کە ناوی موحەممەد بوو؛ لێپرسراوی ئەو ژورە بوو کە منی تێدا بەسترابومەوە، یان ڕاستتر بڵێین تێیدا هەڵواسرابوم. ڕاست و چەپ وەک پیشەی هەمیشەیان کەوتنە لێدانم، بەڵام ئەوەی کە ئەمجارە لە جارەکانی دیکە جیاواز بوو بۆڕبۆڕێنی نێوان موحەممەد و مەدحەت بوو! چونکە هەر کەسەیان دەیویست کە بیسەلمێنێت خۆی لەوی دیکە بەهێزترە. بەمجۆرە بەردەوام بوون لەسەر ئەزمونەکەیان، هەموو جارێک جێگای کێبڵەکە خوێنی تێدەزاو ئەو شوێنانەش کە دوایی دەمتوانی بیانبینم ڕەش بوو بوون. دوای ئەوەی پرزۆڵەم لێبڕاو کەوتم، هەردوو قاچمیان کردە ناو فەلاقەکەوە، بە دوو کەس گرتیان و بە دوو کەسیش کەوتنە لێدانی بەری پێم. ئەوەندەیان لێدا تاوای لێهات هەستم بە ئازار نەدەکرد، ئینجا کردیانەوەو ووتیان دەی هەستەو ڕاکە، خۆیشیان بە کێبڵەوە بە دوامەوە بوون. کە هاتمە حەوشەکە وام دەزانی سەر شەقامی سەرەکییە و  هەموو شار لەوێ کۆبوەتەوە، ئەوەندە دڕندەی ئەمن بە یەک ڕیز بە هەرچوار دەوری حەوشەکەدا ڕاوەستا بوون. بەرەو هەرلایەک ڕام دەکرد هەر لێدان و پێداکێشان بوو. گوێم لە هاوارو ناڵەی ئەشکەنجەی کەسانی دیکە بوو، ئینجا زانیم ئەم حەشاماتە بۆ ئەشکەنجەی بە کۆمەڵەو تەنها بۆ من نییە.
گوێم لێ بوو ئەشکەنجەی کەسێکیان دەدا، هاواری دەکرد تو پێغەمبەر، ئاها تو پێغەمبەر، ئیتر بەم جۆرە دەپاڕایەوەو ئەوانیش هەر لێیان دەداو پێدەکەنین؛ ئیتر نازانم منداڵ بوو یان هەر ئەوەندەی ژیری هەبوو وای دەزانی بە هاوارو پاڕانەوە شتێک لە مەسەلەکە دەگۆڕێت یان ئەوان خاتری پێغەمبەریان لەلا گرانە!
دوای ماوەیەک جێهێشتن گوێم لێبوو یەکێک لە ئەفسەرەکان بانگی کرد: عەتا ببەنەوە بۆ ئوتێلەکەی خۆی. محمد قاقا پێکەنی و هات پەلی گرتم و لەگەڵ یەکێکی تر بە دەستە بەرە فرێیان دامەوە ژورەوە.
لە ژورەوە زۆر حاڵم خراپ بوو، تەواو ماندوو تورە بووبووم و لە ژیانی خۆم بێزار بووبووم. بەشێوەیەکی هیستیریانەو شێتانە پەلاماری تێلایەکمدا کە لەسەر ئەرزەکە کەوتبوو، یەکێکیان لای کردەوە وای زانی بۆ پەلاماردانی ئەوانی هەڵدەگرم، بەڵام لە ڕاستیدا دەمویست خۆمی پێبکوژم، هەر لەبەر ئەوە گەڕایەوەو لە دەستی هەڵپڕوچکانم و توڕی دایە ئەو لاوە. پاش کەمێک محمد هاتەوە، هەڵیساندمە سەرپێ و دەستی دایە فانیلە عەلاگەکەم کە جاران سپی بوو بەڵام ئێستا لە ئارەق و خوێندا مارۆنی بوو بوو، یەکسەر ڕایتڵەکاندو فانیلە بۆر لە هەر چوارلاوە پچڕاو دایە دەستم. وەکو کەسێک کارێکی پاڵەوانانەی گەورەی کردبێت یان فەتحی قەڵای خەیبەری کردبێت، بزەی سەرکەوتن لەسەر لێوەکانی دیار بوون؛ ئەمری فەرموو بە فانیلەکەی خۆم ئەرزەکە بسڕمەوە. دوای ئەوەی ئەرزەکەم پاککردەوە کەلەپچەی کردمەوە بە ستونەکەوە. پاش ماوەیەک نەقیب ئەمنێکی عەرەب هات کە پێشتر لەگەڵ مەدحەت بینیبووم و ووتی ها چۆنی!؟ ئیعتراف دەکەیت؟ ووتم سەیدی من هیچ نازانم ئیعترافی چی بکەم، دوای ئەوەش ئەمە حاڵ نییە بەم عەمودەوە هەڵواسراوم، هەر هیچ نەبێت وەکو سەگ، بەڵێ وەکو سەگ، کەلەپچەم بکەن بە زنجیرێکەوەو زنجیرەکەش ببەستن بە عەمودەکەوە، قابیلە خۆ ڕاناکەم! ئەو زۆر چاک حاڵی بوو بوو من داوای چی دەکەم، بەڵام چونکە بێدەنگ بوو، یەکێک لە ئەمنەکان وای زانی تێنەگەیشتووە هەر بۆیە بۆی ڕوونکردەوەو ووتی: زنجیرەکەش لەو ژورەی ئەولایە. کابرای ئەفسەر ووتی: دەزانم دەڵێت چی بەڵام هەتا ئیعتراف نەکەیت هەر دەبێت ئەمە حاڵت بێت، کە دەزانیت ئەئاوا ناڕەحەتیت ئیعتراف بکە!

ئەمنێکی ڕەشی لێبوو ناوی گوصاد بوو، ئەو پلەی لە محمد بەرەو خوارتر بوو. بەردەوام محمد لۆمەی دەکرد، پێیدەووت تۆ فاشیلیت، ئەویش بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە فاشیل نییە دەهاتە وێزەی من و دەیووت: سەیرکە من خەڵکی میسرم، هاتوم بۆ عێراق تا زیاتر خزمەتی وڵات و نەتەوەکەم بکەم. ئیتر نازانم ئەم بەیت و باڵۆرەیە وا بوو یان نا، میسری بوو یان هەرچییەکی دیکە گرنگ ئەوە بوو کە لەوێدا بوو بوو بە جەللاد بۆ گیانی من.
ڕۆژێک گوصاد هاتە ژورەوە، دارێکی بەدەستەوە بوو، بە نیوە کوردی و نیوە عەرەبی کەوتە فڵتە فڵت، من هەمووی تێدەگەیشتم بەڵام کە بێدەنگ بووم وای دەزانی تێناگەم. دەیووت ئەگەر ئیعتراف نەکەیت ئەم دارە دەبڕمە تۆ. منیش باسی ئیعتراف و میعترافم نەکردو ووتم: جا سەید ئەلرەئیس چۆن ڕازی دەبێت تۆ ئەو کارە بکەیت! ئیتر پاش کەمێک لێدانم ملی شکاندو چووە دەرەوە.

ئەو گوصادە زۆر حەزی لە شریتی گۆرانی خێڵەکی (بەدەوی) بوو. لە ڕاستیدا منیش گوێم لە گۆرانییەکان دەگرت و یان ڕوونتر بڵێین ناچار بووم گوێیان لێبگرم و بەو حاڵەشەوە چێژێکم لە بیستنی ئەو گۆرانیانە وەردەگرت. من لەگەڵ شوێنی دانیشتن و خەوتنی ئەو دوو دڕندەیە کە هەم پاسەوان و هەم جەللاد و هەم لێکۆڵەرەوەی من بوون تەنها دیوارێکی تەختەم بەین بوو. هەمیشە گوێم لە قسەو کەین و بەینیان بوو. زۆرجار شەوان میوانیان دەهات و باسی منیان دەکرد؛ من چونکە لەژێر چاودێری توندداو لە ژوری ئەشکەنجەدا بە تاکەکەسی بەسترابومەوە، وەکو فس فس پاڵەوان و سەرکردەیەکی گەورە تێیان دەڕوانیم! لەلایەکی دیکەشەوە کە هیچ ئیعتراف وقسەیەکیان لێ هەڵنەهێنجابووم و ئەوەندە خۆڕاگر بووم ئیتر سەد قاتی ئەوەی کە هەبووم بە گەورەو گران سەیریان دەکردم و پێدەچێت لە دڵی خۆیاندا ووتبێتیان: بەخوا خۆیەتی زەینمان بە هەڵە نەچووە!

## کوتەک

ئەوان بە هەموو شێوازەکانی لێدان و کارەباو سۆندەو کێبڵ و تێڵای سۆندەی پڕ لە تەلی مس و فەلاقەو بەستنەوەو هەڵواسین و تینوو برسی کردن و بێ خەوی و تیشک و گوڵۆپی گەرم و ڕەنگاو ڕەنگ و سەدان جۆری دیکەی ئەشکەنجەی دەرونی و جەستەیی تێریان نەدەخوارد بۆ تێک شکاندنی قەڵای وورەی کەسێکی خۆڕاگر. هەر بۆیە محمد ڕۆژێک هەتا ئێوارە خەریکی دار تاشین بوو. من گوێم لە تەقەو ڕەقەی بوو، دەشمزانی هەرچییەک بێت بۆ وێزەی منە، بەڵام بە تەواوی نەمدەزانی خەریکی چییە. لای عەسر یەکێکیان دەرگاکەی کردەوە، سەیرم کرد محمد لەبەر دەرگای ژورەکەدا بە تەوراسێک ، کە ئاخۆ لە قەدی چ شوانێک یان گاوانێک یان جوتیارێکیان کردوەتەوە لەو هەردو کێوانە، کابراش یان کوژراوە یان ئێستا لەژێر ئەشکەنجەو ئازاردایە، خەریکی دارتاشینە. دارەکە ئەستور بوو، بەڵام ئەو شوێن دەستی خۆی باریک دەکردەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانێت بیگرێت و بیوەشێنێت. محمد هەڵی کرد بە ژوردا و تازەترین بەرهەمی قوتابخانەی ئەشکەنجەی بەعسی پێبوو بۆ ئەو ڕۆژە یان دروستتر بڵێین بۆ ئەو کاژێرە. هەموو مرۆڤێک هەمیشە حەزی لە تاقیکردنەوەی شتی نوێیە! ئەمە سروشتێکی گشتی مرۆڤە، بەڵام ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە ئەمانە مرۆڤیش نین کەچی هەر زۆر بەپەلە بوو بۆ تاقیکردنەوەی. لەگەڵ وەشاندنیدا دەیدا لە ڕەقایی بەر ئەژنۆکانم، سەر دەفەی شانەکانم پشتی کلۆتم، بە جۆرێک کە کاری لە ئێسک و دەمارو دڵم دەکرد و لەو شوێنانەوە قەتماغەی خوێن لەسەر کراس و شەرواڵەکەمەوە دەبینرا. هەموو ڕۆژو شەوێک هەر کات بۆی بکرایە و حەزی لێبوایە بەم کوتەکە دەهاتە وێزەم. جارێک کوتەکە بۆر بە ڕێکەوت بەر مەچەکم کەوت و ڕاستەو خۆش درا بە کەلەپچەکەداو بووە هۆی سلاک بوون و کرانەوەی. یەکسەر یەکێکیان چوو کەلەپچەیەکی نوفت و نوێی هێناو کردییە دەستم. محمد کەلەپچە شکاوەکەی چەندجارێک تاقیکردەوە بەڵام نەچووەوە جێگای خۆی! جا وەرە ئێسقانی داماو تۆ دەبێت حاڵت چۆن بووبێت؟

## نان خواردن وەکو سەگ

لەم ڕۆوە ڕۆژانە شتێکیان دەدامێ بیخۆم، بەیانیان سەمونێک و هێلکەیەک، نیوەڕوان کەمێک برنج و تۆزێک شلەی پیازاو یان شلەیەکی دیکەی کرابوو بە سەردا و ئێوارانیش ئەو شلەیە بە تەنها کە زیاتر لە چڵکاو دەچو. کاتێک خواردنیان دەهێنا کەلەپچەکەیان دەکردەوە تا نانەکەم دەخوارد.
ڕۆژێک کەس نەهات بۆ لێدانم و کەسیش نەیوت کەرت بە چەندە! ئەم ڕوداوە بۆ ئوتێلەکەی من زۆر نامۆ بوو. هەزار ئەگەرم لێکدایەوەو نەگەیشتمە ئەنجام. نیوەڕۆ محمد پەیدا بوو. بە پەلە دەرگاکەی کردەوەو خواردنەکەی لە بەردەمم لەسەر بنکەی ستونەکە دانا بەڵام کەلەپچەکەمی نەکردەوە ؛ دیارە کاری شەڕی بەدەستەوە بوو چونکە ئەوان لە گەڵ کاری خێر نەدەگونجان. ویستی بڕوات بەڵام بانگم کرد، لای کردەوەو ووتی ها چییە؟ ووتم ئەی

دەستم ناکەیتەوە، من بەستراوەم چۆن بیخۆم! بە پێکەنین و گاڵتە پێکردنەوە ووتی: دەزانی چۆنی دەخۆیت، وەکو سەگ، هەروەکو سەگ دەمی تێنێ! ئیتر دەرگاکەی داخست و ڕۆیشت.
منیش ناچار بووم ئەو چۆنی فەرموو بوو وا بکەم، ئاخر چارەیەکی دیکەم نەبوو. دەمم نایە ناو قاپەکە، وەکو سەگ، هەرچەندە دەمم هەڵی دەگرت لێم خوارد، چونکە نەم دەتوانی دەستەکانم بهێنمەوە بۆلای یەک و بەکاریان بهێنم.
شانۆ نوسێکی ئەمریکی بە ناوی کریستۆفەر هامپتن لە شانۆی دڕەندە کێوییەکاندا دەڵێت: "لەڕاستیدا ئیسپانییەکان و ئینگلیزەکان دڕندەی کێوی بوون نەک هیندییە سورەکان کە خەڵکی ڕەسەنی ئەمریکا بوون و خاوەنی کولتورو شێوازی ژیانی خۆیان بوون و پێی دڵشاد بوون بەڵام ئەمان چوو بوون لێیان بشێوێنن، کەچی خەڵک بە هەڵە بە هیندییە سورەکان دەڵێن دڕندەی کێوی."

## مەسینەی ئاو دەست بۆ ئاو خواردنەوە

دوای پیازاوەکەی ئێواران زۆرم تینو دەبوو، لەڕاستیدا من هەر لە منداڵییەوە هەموو جۆرە خواردنێکم دەخوارد بەڵام زۆرم ڕق لە پیازاوو تەنانەت پیاز بوو لە ناو چێشتدا! سەرباری ئەوەش ژورەکە لەڕادەبەدەر گەرم بوو، ئەوانیش قۆرییەکی بچوکی شوانانیان بۆ من دانابوو کە لەیەک پەرداخ ئاو زیاتری نەدەگرت.
ئێوارەیەک گوصاد قاپێک پیازاوی هێنا، منیش وەکو شێت پاڵێکم نا بە قاپەکەوەو بە توڕەیی و بە عەرەبییەکی سەرو گوێ شکاو هاوارم کرد : باعد! ئەویش ئاوڕێکی لێدامەوەو زانی گەیشتووەتە تینم ووتی ها مان دەگریت؟ ووتم نەخێر مانگرتن نییە، ئەم ژورە زۆر گەرمە ئێوەش ئەو جۆرە ئاوەم بۆ دەهێنن لە ئێوارە تا بەیانی چۆن بەشم دەکات! خواردن نەخۆم زۆر باشترە لەو تینێۆتییە. ووتم لە شتێکی گەورەتردا ئاوم بۆ بهێنە، یالڵای دەکرد مەسینەی ئاو دەست دەبوو!
بەبێ وورتە لێی داو ڕۆیشت. تومەز نەیکردۆتە نامەردی و بە خۆی و بە مەسینەیەکی ئاودەستی پڕ لە ئاوی ئاو ساردکەر (بەڕڕاد) هوە لەو لاوە هاتەوە! منیش زۆر سوپاسم کردو لەو ڕۆژەوە ئەو مەسینەیە بوو بە بەتامترین تەرمۆزەی ئاوو باشترین هاوڕێی شەوانم! ئیتر کردیان بە عادەت هەر شەوە یەکێکیان بەر لە خەوتنی دەهات، مەسینە بۆر چەندی ئاو تێدا بمایەوە دەیکرد بە سەرمداو ئینجا کەلەپچەکەی دەکردمەوەو دەیبردم بۆ سەر ئاو، لەو سەریش ڕێگای دەدام کە مەسینەکەم لە ئاوی سەهۆڵاوی ئاو ساردکەری نزیک دەست شۆرەکان پڕ بکەم لە ئاو بۆ شەو. هەندێک جار بۆ گاڵتە پێکردن و نەفس شکاندن بە شوێنی تەڕو خلیسکدا دەیبردم و ئەگەر بکەوتمایە ئەوا هەرچی لەوێ بوو پێم پێدەکەنین. بەڵام بە هەر حاڵ من لە بەدەستهێنانی تەرمۆزەی مەسینەو ئاوی ساردا سەرکەوتنم بەدەستهێنا.
هەر ئەو گەرمی و کەم ئاوی و ئارەقکردنەوەیە کارێکی ئەوتۆی کرد بوو کە هەتا لەو ژورەبووم بە دەگمەن پێویستم بە سەر ئاو بوایە و کەدەشیان بردم من وەک بوارێکی خۆ فێنک کردنەوەو پشودان و ڕزگاربونێکی کاتی لەو بەسترانەوەو دۆزەخە گەرمە چاوم لێدەکرد نەک وەک پێویستی سەرئاو. دواتریش هەر ئەو وشکبونەوەو کەم ئاوییە بووە هۆی دروستبونی بەردی گورچیلە کە یەکەم جار لە سلێمانی بە نەشتەرگەری بۆیان دەرکردم و دواتریش چەند جارێک بەردم فڕێداوە.

## کەناسە کوردەکان

بەیانییەک کە بردمیان بۆ ئاودەست لەپڕ بە پەلە هێنامیانە ئەم لاوە، بەڵام من هەر بە دزییەوە سەیرم کرد چاوم کەوت بە کۆمەڵێک کەناسی کورد کە هێنابویانن بۆ پاککردنەوەی فەرمانگەکە. هەمویان پیرو بەتەمەن بوون. ترس و ڕق و بەزەیی بە ناوچەوانیانەوە دیار بوو. لە دڵی خۆمدا دەمووت: ئەم کڵۆڵانەش ڕێیان دەکەوێتە ئێرە! من لە گیراوەکانی دیکە جیا بووم. لە ئەمن هەر گیراوێک لە شوێنێکەوە ببرێت بۆ شوێنێکی دیکە یان بۆ

سەر ئاو یان بۆ لێکۆڵینەوە، دەبێت چاوی ببەسترێت. نابێت شارەزای ڕێگاو بان و ژورەکان بێت و بزانێت شوێنی ئەشکەنجە و ئاو دەست و شتەکانی تر لەکوێن. بەڵام من هەر دووەم ڕۆژی گیرانەکەم کە بە چاو بەستراوی بردیانمە بەردەم نەقیب مەدحەت، مەدحەت ووتی: ئیتر لەمەولا چاوی مەبەستن، ئەمە جاریکی دیکە چاوی بە ڕوناکی ناکەوێتەوە، ئا ئەم سەگبابە ئیعدام دەکرێت!

بێگومان ئەگەر بە هەر کەسیک بڵێیت نەخۆشییەکی سەختتە یان پێویستیت بە نەشتەرگەرییە دڵی دادەخورپێت، بەڵام بەبێ هیچ جۆرە پێوەنانێک (موبالەغە) من هێندەی تۆزێک بەم مەسەلەیە دڵم دانەدەخورپا، نەک لەبەر ئەوەی زۆر پاڵەوان و خۆڕاگر بووم بەڵکو لەبەر ئەوەی لە گوزەرانێکی هێندە سەختدا بووم پێدەچێت ئەگەر بیانوتایە ئیتر واز لە لێدانت دەهێنین و دەتبەینە ژوری ئیعدام پێم ناخۆش نەبوایە.

بەهۆی ئەوەوە کە چاویان نەدەبەستم بە تەواوی شارەزای کون و کەلەبەری ئەمنە کۆنەکە بوو بووم، بۆیە دەڵێم ئەمنە کۆنەکە هەتا لە ئەمنە سورەکەی جیا بکەمەوە کە ئەو کاتە هێشتا تەواو نەبوو بوو. دەمزانی هەر شتە لە کوێدایەو لە چەند شوێن ئاو دەست هەیەو کامە شوێنی ئەشکەنجەیەو کامە ژوری لێکۆڵینەوەیەو سەربان و بنبانی چۆنە.

لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا بەبێ ڕاوەستان گەیشتمە ئەو ژورەی کە بوو بوو بە ئوتێل عەتا. بەڵام بینیم هیچ لەو کاتە نەدەچوو، چەرداخ و بەین و دارو بەردی لابرابوو. هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو کە لە ئەمنە سورەکە هەموو ئەو پێویستیانەی جەماوەر! بە نوێترین شێوە، دیارە بۆ مەبەستی دڕندەیی ئەوان، دابینکرا بوو.

## ئەمنە کوردەکان: یاری، شەڕ وە هەڵاواردنی ڕەگەزی

لای ئێواران گوێم لێدەبوو حەوشەکە پڕ دەبوو لە خەڵک و دەستیان دەکرد بە یاری. من چونکە گوێم لە دەنگە دەنگ و قەرەباڵخییەکی زۆر دەبوو بەڵام چاوم لە هیچ نەبوو وام دەزانی یاریگای گشتییە! ئەوەندە پیاوانی ئەمن لەو نێوەدا دەیانکردە قڕە قڕو هەڵاو زەند. بە دەنگیاندا دەمزانی کە خەریکی یاری تۆپێنن.

لەپڕ گوێم لەدەنگی چەند کوردێک دەبوو. باشە قابیلە ئەم قەرەباڵخییە بۆ ئەشکەنجەی بە کۆمەڵ بێت و منی لێبێبەش کرابم! نە بەخوا وانییە! عەرەبەکان بە عەرەبی دەیانقیڕاندو کوردەکانیش بە کوردی یەکێکیان بەوی دیکەی ئەوت: تۆ بەرمبدە بەخوا ئێستا دایکی وا لێدەکەم! من لە ژورەوە بە ووردی گوێم دەگرت و دەحەپەسام کە لەناو ئەو سەگ و گورگ و خوێڕییانەشدا شەڕی کوردو عەرەب و ململانێی نەتەوایەتی هەر هەیە! کوردەکان ئەگەرچی ئەڵقە لە گوێ و چڵکاو خۆر بوون بەڵام لە بەرانبەر برا هاوکارە عەرەبەکانیاندا هەر بە نزم و چاوی سوک و پلە دوو سەیریان دەکرا.

لەلای عەرەبەکان ڕق بوون لە کورد شتێکی چەسپاو بوو بەڵام بیانوی ئەوەی کە کەسێک دژی حکومەتەو ئەوان ئەشکەنجەی دەدەن ئەوە تەنها بیانوی جێبەجێکردنی ئەو ڕقە چەسپاوە بوو نەک بەجێهێنانی ئەرکی سەر شانی وەک ئەمنی دەوڵەت. لەلای ئەوان کورد هەر کوردە ئیتر پێشمەرگەبێت یان ئەمن، بەڵام مەسەلەکە مەسەلەی بیانوو کات بوو. هەر کاتێک بۆیان هەڵکەوتبێت جامی ڕقی خۆیان بەسەر هەر کوردێکدا کە کەوتبێتە بەردەستیان ڕژاندووە، بەڵام ئەو ئەمنە خوێڕی و چڵکاوخۆرە کوردانە هەر قبوڵیان بوو!

لەو ماوەیەدا کە من لەو ژورەدا بەسترابومەوە کەم ئێوارەیەک ئەم جۆرە شەڕە قسەو برتەو بۆڵەی کوردو عەرەبەم گوێ لێنەبوایە.

## عەریف مەحمود زڕگوێژی

ئێوارەیەک کوڕێکی کوردی گەنج هاتە ژورەوە، زۆر جار کەسانی ئەم لاو ئەولا ئێواران بۆ بێتاقەتی دەهاتن و دەرگای ژورەکەمیان بۆ دەکردنەوە، ئەوانیش بە قسەی خۆش بە کوردی یان بە عەرەبی یان بە تێکەڵە دەکەوتنە ئامۆژگاری کردنم کە ئیعتراف بکەم و خۆم لەو دۆزەخە ڕزگار بکەم. یەکێک دەیوت ئیعتراف بکەیت باشترە و

لێره دەتکوژن، یەکێ دەیوت پاشەڕۆژی خۆت مەفەوتێنە و خوێندنەکەت تەواو بکەو ئیعتراف بکە بابەرتبدەن. یەکێکی دیکە دەیوت حکومەت گوناحە، لە باری جەنگدایە لەگەڵ ئێران و دەبێت ئێوە یارمەتی بدەن نەک دژی بن، یەکێکی دیکە دەیوت بەس پەیمانمان بدەرێ هاوکاریمان بکەیت و لەگەڵمان کار بکەیت بە شەرەفم هەر ئەم ئێوارەیە لێرە ڕزگارت دەکەم.

ئەم ووتەیەی کۆتایی ووتەی ئەو کوڕە گەنجە کوردە بوو کە بەم جۆرە خۆی ناساند: من ناوم عەریف مەحمود زڕگوێزییەو عەریفی ئەمنم و هەموو کەس دەمناسێت. ئیتر نازانم ڕاستی دەکرد یان درۆ، ناوی وا هەیە یان نا! ئەوەی لەلای من گرنگ بوو ئەوە بوو کەی ئەم کابرایە دەڕوات و گوێم لە تەقەی داخرانی دەرگاکە دەبێت و کەمێک، بەڵێ کەمێک دڵم پشوو دەدات.

## هەڕەشە گەیشتە کۆپتەر

بەیانییەک دوو کەس هاتن کە پێشتر نەم بینیبوون، کەلەپچەکەمیان کردەوەو بردمیانە دەرەوە. یەکسەر لە بەردەم ژورەکەدا یەکێکیان پارچە حەبلێکی بەست بە باڵی ڕاستمەوە. لەو کاتەدا ئەمنێکی دیکە لەوێوە تێپەڕی، نازانم ڕێکەوت بوو یان هەر شانۆگەرییەکە وابوو! ووتی ئەوە چییە؟ ئەمانیش ووتیان ئێستا هەلیکۆپتەرێک دێت و ئەمەی پێدا هەڵدەواسین با لە ئاسمانەوە فڕێی بداتە خوارەوەو هەپرون بە هەپرون ببێت.

من فلیمی لەو بابەتەم زۆر بینی بوو، زۆر جار بە دەمانچەی ڕوتەوە بەرەو ڕوم دەهاتن و دەیان ووت: ئەگەر ئیعتراف نەکەیت ئێستا دەتکوژین، بەڵام من هەر گاڵتەم لێدەهات! چونکە لە ڕاستیدا من زۆرم دەربارەی زیندان و ئەشکەنجەو ئەمن و هەیئەو دادگا خویندبووەوە و دڵنیا بووم لێرە ناتوانن هەروا بە ئاسانی بە دەمانچە بمکوژن یان لە فڕۆکە بەرمبدەنە خوارەوە! دەمزانی دەبێت ببرێمە هەیئەو لەوێش لێکۆڵینەوەم لە گەڵ بکەن و هەرچەندە دادگاکەشیان گاڵتەجارییە بەڵام دادگاییەکی ڕووکەش بکرێم و دوای ئەوە فەرمانی مردن، ئیعدام یان زیندانیکردنم بەسەردا بدرێت. لەبەر ئەوە من گاڵتەم لەو قسانە دەهات و ئەوانیش بردمیانە حەوشەیەکی پشتەوە کە سەری بەتاڵ بوو، سەیری ئاسمانیان دەکرد و سەیری کاتژمێرە دەستییەکانیان دەکرد، دوای ئەوە کۆتایی بەم شانۆگەرییە ساختەیەش هات، قۆڵمیان کردەوەو هێنامیانەوە بۆ شوێنی خۆم، بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشی من بوو بە بێ تێهەڵدان کۆتایی هات!

ئەم جۆرە شانۆگەریانە لەو کاتەدا لەسەر من هیچ کاریگەرییەکیان نەبوو. چونکە من زۆر متمانەم بەو زانیاریانە هەبوو کە لە ئەدەبیاتی کۆمەڵەوە فێریان بووبووم لەسەر زیندان. ئەگەرچی لە دوا دوای هەشتاکاندا لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ تا ڕاپەڕین وای لێهاتبوو هەر لە ئەمنی سلێمانی و تەوارییەکەو تەنانەت لە بنکە بچوکەکانیشدا دەیانتوانی خەڵک ئیعدام و گوللەباران بکەن و بیان ئاخننە گۆڕی بەکۆمەڵ. ئەمەش دیارە لەبەر زۆری ژمارەی گیراوەکان و ئەو ڕاستییەش بووە کە شاڵاوی بەعس لەو ساڵانەی دوا دوای تەمەنیاندا لە کوردستان گەیشتبووە لوتکەی دڕندایەتی.

ئەوەندەی من ئاگادارم، لەو کاتەدا کە ئێمە زیندانی بووین، مەگەر یەکێک لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست بدایە ئەگینا هەر دەبوایە بەو کۆرسانەی لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدا تێبپەڕیایەو بگەیشتایە دادگای نادادی هەیئە ئینجا چارەنوسی دیاری بکرایە.

## منداڵان و کچە خۆپیشاندەرەکان و کابرای کورد

دەمی عەسر بوو لەپڕ لە حەوشەکەدا زیرەو هاواری کچ و منداڵ بەرزبووەوە. بە سۆندەو بە کێبڵ لێیاندەدان و ئەوانیش هاواریان دەکرد و دەیان زیڕاند و دەگریان. کابرایەکی کورد، کە بە مەزەندەی دەنگەکەیدا لە خوێندەوارێکی تەمەن سەرو چل ساڵی دنیا دیدەو خاوەن پلەو پایە دەچوو، بە توڕەیی و بە توندی هاواری دەکرد: لێیاندەن! ئەرێ وەڵڵا لێیاندەن، باشیان لێدەن، شەهیدی کوردستانم بۆ دەڵێن! من دەمزانی ئەوانەی کە

لێیان دەدەن نە بە دەست ئەمەو نە تێیشی دەگەن! و هەر بەردەوام لەسەر تایمی لێدانی خۆیان دەڕۆن بەڕێوە، بەڵام کابرا دەیویست بەرانبەر مناڵەکان هەم ڕقی خۆی دەربڕێت و هەم پێیشیان بسەلمێنێت کە کورد پیاوی وەک ئەویشی تێدایە! و لە هەمانکاتیشدا دەویست بەو کارە کلکە لەقێی خۆی بۆ ئەمنەکانیش دووبارە بکاتەوە.
پاش ماوەیەک لێدان و قیژەو هاوار لەپڕ محمد وەک گورگی هار دەرگای ژوورەکەی منی کردەوەو هەڵی کرد بە ژووردا. یەکێکی دیکەشی لەگەڵ بوو کە دوو سمێڵی خوێڕی زەردی شۆڕکردبووەوە پێیان دەوت ئەبو شەگایر، واتە خاوەنی سمێڵە زەردەکە! من یەکەم جار زۆر ترسام، ووتم بە خوا ئێستا توڵەی ئەو گیراوە تازانەش لە من دەکەنەوە. یەکسەر محمد پەلاماری چۆغەو پشتێنەکەی منیدا کە لە ئەرزەکەدا کەوتبوون. چۆغەکەم ڕاستە قوماش بوو بەڵام وەستا فەرەجی پێنجوێنی کە ژنبرای بەکری حاجی سەفەرە بۆ جوانی لەسەر شێوەی شاڵ لەسەر خەت درووبوی!
محمد خەریک بوو پشتێن و چۆغەکەی منی پارچە پارچە دەکرد، ئەبو شەگایر پەنجەی بۆ من ڕاکێشاو ووتی: هی ئەوە، محمد ووتی: تازە ئەو پێویستی بەو شتانە نابێت! منیش وەکو یەکێک بڵێت جا عەیب ناکەن باسی ئەوە دەکەن، ماڵی خۆتان نییە؟ پرسی بۆچییە! خوا دەکات بەوە ڕازی دەبن، هەموی ببەن و بیئاخننە گۆڕی ئەژدادی گەورە گەوادتان، بە دەستی بەستراوەوە سەرنجێکی نائومێدانەم لێدان چۆن لە نێوانی هێڵی درومانەکەوە پارچە پارچەیان دەکردو لە دڵی خۆمدا دەم ووت دیارە هەر پارچەیە بەشی چاو بەستنی منداڵێک دەکات کە ئەو ڕۆژە لە خۆپیشاندانەکاندا گیرابوون!
شایانی باسە ئەو ڕۆژانە خۆپیشاندان سات لەدوای سات بەهێزتر دەبوو، داوای بەکوردی خوێندنیان دەکرد، داوای مانگرتنی گشتییان دەکرد، داوای کۆتایی هاتنی زوڵم و زۆریان دەکرد و داوای سەربەخۆییان دەکرد و داوای ڕوخانی ڕژێمیان دەکرد. ڕژێم لەسەرەتاوە هەر گرتن و ئەشکەنجەی دەزانی بەڵام لە ئەنجامدا هەر ئەم خۆپیشاندانانە بوون کە بوونە هۆی فشار هێنان بۆ ڕژێمی بەعس و بۆ شاردنەوەی پاشەکشەو خۆنزمکردنەوەی (نەنازول) شێخ عەبدول قادری چوێسەی بانگ کرد بۆ بینینی سەدام و کردی بە بیانوی دەرکردنی لێبوردنێکی گشتی بۆ گیراوەکان، کە من و هەزارانی دیکەی وەک منی تێدا ئازاد بوون.

## سەدام زیڕە یان تەنەکەی ژەنگاوی

بەیانییەک نەقیب مەدحەت و نەقیبێکی دیکەی عەرەب، کە من لەسەرەتادا بە بەڕێوەبەری ئەمنم دەزانی، و چوار پێنجێکی دیکە هاتنە ژوورەوە. بە پێچەوانەی جارانەوە یەکسەر دەستیان نەکرد بە لێدانم بەڵکو کابرای ئەفسەری عەرەب ووتی: ئادەی بڵێ سەدام زیڕە! من خۆم لێ بێئاگا کرد وەکو هەر لەگەڵ منیشی نەبێت! هەندێک پێکەنی و ووتی: تۆ دەڵێیت من هیچ نیم، باشە کە هیچ نیت بۆ ناڵێیت سەدام زیڕە! من هەر بێ نوتق بووم. ئاخر سەدام زێڕە یان تەنەکەی ژەنگاوییە من چی لێبکەم!
ئینجا مەدحەت دەستی بە قسە کرد: بابە گیان من دەزانم تۆ هەرخەرەتاویت، دەزانم جاحێڵ و نەفامی، ئەتوو ناوی نهێنی و ناوی مەسئول و پلەی خۆتمان پێ بڵێ، ئەمن بە شەرەفم هەر ئەمڕۆ ئەتبەم بۆ ئیمتیحانی بەکالۆری با موستەقبەلت نەفەوتێت. پێشتر بە هەویەکەمدا دەیانزانی لە پولی شەشم و هەر لە بنکەی موحسین یەکێکیان ووتی ئادەی سەیری کاتژمێرەکەی دەستی بکەن بزانن کۆنە یان تازەیە! ئەوی دیکەیان سەیری کردو ووتی تازەیە، ئەمانە زۆڵن! چونکە خۆیان سیاسین خۆیان کاتژمێرەکەیان دەگۆڕن و بە خەلک دەڵێن مەیگۆڕە!
کاتی کۆن و نوێ مەبەستیان کاتی زستانەو هاوینەیە، ئەمە شتێکی جیهانییەو پەیوەندی بە هێڵەکانی دابەش بوونی زەوییەوە هەیە، بەڵام ئەو کاتە لە عێراق تازە داهاتبوو! حکومەت بە زەبری هێزو کوتەک دایسەپاندبوو! بەبێ هیچ سەرەتایەک یەکسەر فەرمان درا بە ئەمن و پۆلیس کە سزای سەرپێچیکەران بدەن، خەڵکەکەش لە داخدا سەرپێچییان دەکرد! پیاوانی ڕژێم لە کوردستان خۆیان لە خەڵکەکە بە ڕق و قین بوون ئیتر لە بچوکترین بەڵگە دەگەڕان کە بیکەنە نیشانەی دژایەتی ڕژێم.

دوای ئەوەی کە زانیان کاتژمێرەکەم گۆڕاوە ئینجا ئەگەری تەزویر بوونی ناسنامەکانم کە ناسنامەی قوتابێتی و ناسنامەی باری شارستانی بوون زیاتر بوو. هەتا سێ و چوار ڕۆژ هەر دەیان هێنان و دەیانبردن و پرسیاری ناوی دایکم و پرسیاری دیکەیان لێدەکردم. دەیان ویست بە زۆر بمکەن بە فس فس پاڵەوان، بمکەن بە لێپرسراوێکی گەورە کە نە ئێستاو نە ئەوسا وا نەبووم! دەیانویست بڵێم پێشمەرگەم. دەیانویست من ئەو کەسە بم کە ئاگای لە هەموو شتێکی کۆمەڵەیە، خۆ لەڕاستیدا وا نەبوو بەڵام هەرچۆن بوایە ئەوان لەوە زیاتریان لێحاسڵ نەدەکردم کە بەدەستمەوە گیرابووا! من لە لایەنگرێکی کۆمەڵە زیاتر نەبووم و دوای بەربونم شەرەفی ئەندامەتیم پێبەخشرا. بێجگە لەو زەرفە نوسراوو بڵاو کراوەیە زیاتر کە پێم گیرا بوو ئاگام لە هیچ کەین و بەینێکی ڕێکخستنی ناو شار نەبوو تەنها لێپرسراو بوم لەو شانەو کەسانە کە خۆم ڕێکم خستبون و پەیوەندیم بە ڕێکخستنی شاخەوە هەبوو. بەڵام ئەوەی مایەی دڵتەنگییە ئەوەیە کە دواتر لە هەیئەی کەرکوک چەند کەسێکم لە هاوڕێیانی ناو شار بینییەوە کە بە فەردە ئیعترافیان لەسەر ئەو کەسانە کرد بوو کە لێپرسراو بوون بەرانبەریان(دواتر باسیان دەکەم).

مەدحەت ووتی: بابە ئەتو خۆت لۆ جەلال وا لێدەکەیت؟ لۆ هێرۆی ... ئەتۆ نازانیت ئێمە چەندە بەڵگەو ڕەسممان لەلایە لەسەر هێرۆ کە لە لەندەن قومار دەکات و دنیایەک دۆلاری لەبەردەستدایە و مێزەکەی کۆنترۆڵ کردووە! ئێمە جارێ ئەو بەرگانەی ئاشکرا ناکەین! تۆش لێرەدا خۆت لۆ ئەوان وا لێدەکەیت! ئیعتراف ناکەیت! هێرۆ بە خوێنی ئێوە تجارەت دەکات، یەکێکی دیکەیان لەولاوە هەڵیدایەو ووتی: قەیناکات، کە ئەم ئیعدام کرا ووتارێکی بۆ دەنوسن؛ بۆ چلەی شەهید عەتا! و دایانە قاقای پێکەنین.

من بەم قسانە زیاتر ڕق ئەستور دەبوم و زیاتر ئەو کەسانەم خۆشدەویست کە ئەوان قسەیان پێدەوتن. بەبێ هیچ جۆرە دوو دڵییەک و گوێدان بە هیچ بەڵگەیەک کە ئەوان دەیانوت گوایە لەلامانە، هەموو ئەو قسانەم بە درۆی شاخدارو بوختانی دوژمنێکی چەپەڵ دەزانی؛ ئەوەندە نەبێت کە هانیان دەدام بۆ خۆڕاگری زیاتر، هیچ کاریگەرییەکی دیکەیان نەبوو.

کاتێک زانیان ئەم بەزمەش سوودی نییە، مەدحەت هەتا توانی تفی لە دەمیدا کۆکردەوە و هەر هەموی کردە ناو چەوانم، منیش یەخسیرو کەساس زۆر بە ڕق و بە قێزەونییەوە سەیرێکم کرد. مەدحەت زانی زۆر پێی تێکچوم، وەک کەسێک پاساو بۆ کارەکەی بهێنێتەوە ووتی: ئەئاوات لێدەکەم، بۆیە تفت لێدەکەم چونکە ئیعتراف ناکەیت. لەڕاستیدا ئێستاو ئەوساش ئەوە سەختترین و نامرۆڤایەتی ترین ئەشکەنجە بوو کە زۆرترین ئازاری گیانی دابم. هیچ لێدان و هەڵواسین و ئەشکەنجەیەکم ئەوەندەی ئەو تفە پێناخۆش نەبوو؛ هەر ئەوەش بارێکی دەرونی ئەوتۆی لەلا دروست کردم کە تەنها بە باسکردن یان گوێ لێبونی تفکردن لە خەڵک زۆر نیگەران دەبم، تەنانەت ئەگەر لە فیلمیشدا ببینم! یان منداڵێک ببینم ئەو کارە بکات هەر زۆر لەلام گرانە.

دوای ئەوە دەستیان کردەوە بە لێدانم: هەڵواسین، لێدان ، کارەبا، فەلاقە و ڕاوڕاوێن، زللەی لەناکاو ... هەتا خۆیان ماندو بوون، ئینجا فڕێیان دامەوە ژورەوەو ڕۆیشتن.

## ئەگەر ئیعتراف نەکەیت هەر ئەمڕۆ دایکت دەهێنین

بەیانییەک کە بردمیان بۆ ژوری لێکۆڵینەوە سەیرم کرد ناسنامەی باری شارستانییەکەمیان بەدەستەوە بوو، وا دیار بوو دەمێک بوو خەریکی تاووتوێکردنی بوون. یەکسەر یەکەم پرسیار مەدحەت ووتی دایکت ناوی چییە؟ دیارە ئەوەی کە ناسنامەی کەسێکی دیکە بە تەزویر بەکار بهێنێت دەتوانێت ناوی باوکی لەبەر بکات، بەڵام کەم کەس بیری ناوی دایکی هەیەو لەو نێوەدا زۆر کەس تێدەکەوێت. من ناسنامەکە هی خۆم بوو بەڵام ناوی دایکم هەر لە سەرەتاوە هەڵەیەکی نوسینی تێدا کرابوو، منیش کە وەڵامم دایەوە ئەوەم لەبیر بوو هەر بۆیە چۆن نوسرا بوو وەها خوێندمەوە. مەدحەت سەیرێکی ئەوانی دیکەی کرد و ووتی تەواوە. دیارە گومانیان لە ناسنامەکەم هەبوو. من چونکە جلی کوردی خاکیم لەبەردا بوو گومانی ئەوەیان دەکرد کە پێشمەرگە بم و دابەزیبم بۆ ناو شار، ئەگەر چی ئەوە وا نەبوو بەڵام منیش هیچ ئەگەرێکی دیکەم نەدابوو بە دەستیانەوە!

دوای ئەوە مەدحەت بۆ ئەوەی چاوەبەست لە من بکات ووتی: عەتا داکت لەکوێندەرێیە؟ ووتم لە پاڕەزانە. ووتی: سەگباب، هەر شتێکت لێدەپرسین دەڵێیت پاڕەزان، ماڵت لە پاڕەزانەو داکت لە پاڕەزانەو کەسی دیکەت نییە!
وەڵڵا ئەگەر ئیعتراف نەکەیت هەر ئەمڕۆ تواناامان هەیەو بە هەلیکۆپتەر داکت دەهێنینە ئێرە، ئینجا دەبینیت!
منیش بەبێ بیرکردنەوەو مەبەست لەبەرخۆمەوە ووتم: باشە. ئەم باشەیە بۆ مەدحەت زۆر بوو، گاڵتە پێکردن و قەشمەری بوو، بەکەم گرتن و گاڵتە هاتن بوو لەوەی بتوانن لەو کاتەدا دەستیان بگات بە پاڕەزان. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، ئەوانی دیکە هەموو عەرەب بوون، ئەو نەبێت کەس تێنەدەگەیشت، ئیتر هەر بە هێجگاری شێت بوو. هەستایە سەرپێ و ئیشارەتی موحەمەدی کرد و بە جووتە بە کێبڵ دایانگرتمەوە و بەدوای ئەوەشدا کۆرسی فەلاقەو ڕاوڕاوێن.

## دەزانی ئەمە کێ؟ ئەمە ملازم موحسن

ملازم محسن لە سەرەتای هەشتاکاندا لە سلێمانی نمونەی توندوتیژی و سامناکی بوو. گورگی هاری ڕژێم بوو بەردرابووە گیانی خەڵک. هەرچی بکردایەو هەر کەسی بگرتایەو بکوشتایە کەس نەیدەوت چی دەکەیت.
ئەم بەیانییە لەگەڵ دەرگا کرانەوەدا ئەفسەرێکی کەشخەی قۆزی سمێڵ تاشراو بە جلوبەرگی سەربازییەوە هاتە ژورەوە. بە کوردییەکی وێران ووتی: دەزانی ئەمە کێ؟ ووتم نەوەڵڵا سەیدی. ووتی: ئەمە ملازم محسن! ئیتر بەڕاستی زۆر ترسام! باشە من ئەوەندە گرنگم یان بە گرنگ لەقەڵەم دراوم وا ملازم محسن خۆی هاتووە بۆلام! جا باشە ملازم محسن خۆ دەڵێن پیاو خۆرە، وەڵڵا ئێستا پارچە پارچەم دەکات. هەندێک سەیرم کردو ئەویش سەیری کردمەوە، ووتی: ئیعتراف بکە، ووتم سەیدی من کێشەکەم سادەیە ئێوە ئاڵۆزتان کردووە. ئەویش بە پێکەنینێکی گاڵتە ئامێزەوە ووتی نا نا بەسیتە بەسیتە!!
محسن موحەمەدیشی بەدواوە بوو. محمد دەستی دایە کێبڵێک بۆ لێدانم و هەم بۆ ئەوەی لەبەرچاوی محسن خۆی بنوێنێت، بەڵام ملازم محسن نەی هێشت دەستی بمگاتێ. محمد لە داخدا بە گاڵتەوە کێبڵێکی دا بە سمتی محسنداو محسنیش کێبڵێکی بۆ هەڵگرت، چی زۆر بوو لە ئوتێل عەتا کێبڵ و تێلا! ئیتر بە گاڵتەو یارییەوە ئەو دوانە دەیان کێشا بە سمتی یەکترداو بەرز دەبونەوە و پێدەکەنین.
پاش ماوەیەک ئەمنێک هاتە ژورەوەو ووتی: کاتی کۆبونەوەکەیە، ئینجا کێبڵەکانیان فڕێداو محسن بە زەردە خەنەوە سەیری منی کرد و وای نیشاندا کە ئەو نەیهێشتووە محمد لە من بدات! بەگوێرەی گێڕانەوەی زیندانیانی دیکەش محسن قەت تاقەتی ئەشکەنجەدانی زیندانی نەبوو، دیارە ئەرکی ئەو هەر دەستگیرکردنی نێچیرەکان بووەو بەس!
لەو ژمارەیەی گۆڤاری کۆمەڵەدا کە بە من گیرا بوو باسی کۆبونەوەیەکی تیا بوو کە لیژنەی ئەمنی پارێزگای سلێمانی تێیدا کۆبوبونەوە دەربارەی باری ئەمنی شاری سلێمانی و وێنەیەکی گەیشتبووە سەرکردایەتی؛ لەو بەڵگەنامەیەدا ناوی بەڕێوەبەری ئەمن و پارێزگاری سلێمانی و ملازم محسن و خەڵکانی دیکەی پارتی بەعس و دەوڵەتی تێدا هاتبوو.
ئەو بەڵگەنامەیە زۆر تازە بوو، هەر بە تەڕو تازەییش گەیشتبووە سەرکردایەتی و هەر بە تەڕوتازەیش بە من گیرابوو؛ لەبەر ئەوە زۆر جێگای سەرنجیان بوو. زۆر ڕۆژ گوێم لێبوو محمد و گوصاد و میوانەکانیان لەو باسەیان دەخوێندەوەو گوێم لێدەبوو بە شەق و شرێ دەیانووت: **بەریز باریزکاری سلیمانی**... زۆرجار کەسانی کوردیان بانگ دەکرد بۆیان وەربگێڕێت و سەریان لەوە سوڕدەما چۆن ئەو بەڵگەنامانە دەگەنە کۆمەڵە. زۆر نزیکە کۆبونەوەی ئەو ڕۆژەش بۆ لێکۆڵینەوە بوو بێت لە هۆکاری دزەکردنی ئەو بەڵگەنامەیە بۆ ناو ڕێکخستنی کۆمەڵە.

## کاوەی ئاسنگەر

دوای ئەوەی بە نیو کاژێر لەبەردەم ژورەکەمدا تەقەو زرمەی لێدان بەردەوام بوو، زرم کەسێکی چاو بەستراویان فڕێدایە بەر دەرگاکە:

+ناوت چییە؟
- کاوە.
+ کارت چییە
- ئاسنگەر.
+خەڵکی کوێی
- پێنجوێن

بەر لەوەی ئەو بیهێننە ژورەوە بۆ ئوتێلەکەی من، هاتن دەستی منیان کردەوەو بە هەموو هێز پاڵێکیان پێوەنام بۆ دەرەوە. لەلایەکەوە ووتم بەخوا هێناویانە لەم ژوری ئەشکەنجەیەدا هەندێک ئەشکەنجەی بدەن و لەلایەکی دیکەشەوە ووتم بەخوا دیارە هاوڕێم بۆ پەیدا بوو، ئەویش لێرە وەک من دەبەستنەوە، بەوەش دڵخۆشی خۆم دەدایەوە دەمووت من دەبەن بۆ ژوری زیندانی گشتی و ئەم برادەرە تازەیە دەکەنە جێگای من! بەڵام هەر ئەگەری یەکەم ڕاست دەرچوو.

لە ڕێگا چاویان بەستم، ووتم تەواوە، من هەرگیز چاوم نابەستن، بە ئەمری مەدحەت، کەچی ئەوەتە چاویان بەستم دیارە بەخوا بۆ ژوری گشتیم دەبەن!

بردمیان بۆ ژوریک لەویَ لە کونجێکدا فڕێیاندام و ووتیان دانیشە، بەڵام سەد شوکور بە ڕۆژانی ئەشکەنجە ئەمرۆ هەر نەڕۆیشت.

زرمە زرم و چکە چک دەهات، وام دەزانی لە کەسانی دیکە دەدەن و هەر ئێستاش سەرەی من دێت. ووردە ووردە بۆم دەرکەوت ئەو دەنگ و چرکە چرکە هی دەزگای چاپی دەستییە (تابعە). قەرەباڵخ و چەنەباز بوون، دەهاتن و دەچون و خشەی کاغەز دەهات و بێنەو بەرە بوو. دەڵێن قەساب خەمی گۆشتێتی و بزن خەمی گیان! من هەر لە ئەندێشەی ئەوەدا بووم کەی بێنە گیانم!

و دەست بکەن بە ئەشکەنجەیەک کە نەبینرابێت و نەبیسترابێت. لەم دونیایەدا لە نینۆک دەرهێنان و بوتڵ بۆ دانان و بە پانکەدا هەڵواسین و ئوتو بە پشتدا هێنان دەترسام! ( لەڕاستیدا ئەوەندەی من لە زیندان بووم، نە بۆ خۆم و نە بۆ کەسی دیکە ئەو جۆرە ئەشکەنجانەم نەبینی و نە بیست) خۆ لەوانەیە شتی لەوانە خراپتریشیان بەسەر هێنابم بەڵام مرۆ هەمیشە لە نادیارو شاراوە دەترسێت و هەر شتێکت بینی ئیتر سامت لێی دەشکێت. باپیرم دەیوت: فەرمانی نەکردو یاخییە. دیارە هەموو شتێکی نەکردو یان نەبینراو هەر یاخییە.

بەهەر حاڵ ئەو ڕۆژە لێدانم نەبوو، بەڵام سەد خۆزگە بە ڕۆژانی لێدان! بەم جۆرە مامەوە تا نیوەڕۆ، نیوەڕۆ یەکێک هات چاوی کردمەوەو هەندێک خواردنی بۆ دانام. بەدەم خواردن خواردنەکەوە بە باشی سەیری ژورەکەم کرد. ژورێکی گەورەی درێژ بوو، کە زیاتر لە هۆڵ دەچوو، ژمارەیەک مێزو کورسی تێدابوو کە هەر مێزە چاپێکی دەستی لەسەر بوو، یەکێک یان دوو کەس لەسەریان کاریان دەکرد.

کە نانەکەم تەواو کرد هەمدیس چاویان بەستمەوەو لەجێی خۆم مامەوە تا لای عەسر. عەسر ئەمنێک هات پەلی گرتم و بە نوکە شەق هەڵیساندم. هێنامییە دەرەوەو دوای هەندێک ڕۆیشتن یەکێک بانگی کرد. ئەویش دامییە دەست کۆمەڵە کەسێک کە دەنگیان دەهات و لەوێدا ڕاوەستابوون سەرقاڵی شیکارکردنی پرسیاری تاقیکردنەوەکانی شەشی بەکالۆری بوون. منیش چونکە بەباشی کۆششم کردبوو بۆ ئەو تاقیکردنەوانە خۆم ئامادەکردبوو، زۆر باش لە مشتومڕەکانیان حاڵی دەبوم و وەڵامی ڕاستی زۆر لە پرسیارەکانیشم دەزانی. نازانم ئەوانە هەم قوتابی و هەم ئەمنیش بوون یان کوڕو براو کەسوکاری ئەمنەکان بوون یان هەردوکی پێکەوە تێکەڵاو بوو. کەوتنە پرسیار لێکردنم منیش ووتم بەڵێ منیش قوتابی پۆلی شەشم ئیتر دەستیان کرد بە قسە پێوتنم. دەیانوت: ئێوە چیتان دەوێت، دەتانەوێت ببن بە ئەبتاڵ تەحریر وەکو سەلاحەدین. باشە خۆ سەلاحەدین خۆی جاشی خۆیان بووە! ئەو داهێنەری کولتوری جاشایەتییەو تەنانەت ووشەی فرسان کە ناوی

بەرپێزی جاشەکان بوو لە سوارەکانی سەلاحەدینەوە سەرچاوەی گرتووە؛ ئیتر بۆ بەویش ڕازی نابن! ئەبتاڵ تەحریر لە کتێبی زمان و ئەدەبی عەرەبی پۆلی شەشدا باسیان کرابوو.
دەیان ووت ئێوە بۆ وا دەکەن، خوێندن بە خۆڕاییە، حکومەت هەموو شتێکتان دەداتێ، ئیتر بۆ وادەکەن!؟ بەدەم ئەم قسانەوە یەک دوو هەنگاو دورکەوتبومەوە لەو شوێنەی کە کابرای ئەمن جێیهێشتبوم. من چونکە چاوم بەسترا بوو نەم دەزانی کوێ کوێیە، کابرای ئەمن پەیدا بوو ووتی وەرە. منیش بەلایەکی دیکەدا هەنگاوم نا. یەکێک لە قوتابی-ئەمنەکان هەم تێم خوڕی، ئیتر سەرم لێتێک چوو نەم دەزانی بۆ کوێ دەچم. کابرای ئەمن بە ڕاکردن هات و بە شەق و زللە تێم کەوت. قوتابی-ئەمنەکان حەپەسابون، کابرای ئەمنیش بۆ ئەوەی کە پێیان بسەلمێنێت چەندە بە غیرەتە بەشە لێدانی ئەو ڕۆژەشی بۆ تەواو کردم!

## ئەرێ دەستخەتی کێ بوو!؟

لەناو نوسراوەکاندا دەفتەرێکی تێدا بوو، بریتی بوو لە پوختەی ئەو کتێبانەی کە دەمخوێندنەوە. ئەو کتێبانە چونکە خوازراو بوون و هی خۆم نەبوون و زۆربەی جار جارێکی دیکە دەستم نەدەکەوتنەوە، ئەو باسانەی کە زۆر لەلام گرنگ و پڕبایەخ و سەرنج ڕاکێش بوون لەو دەفتەرەدا دەمنوسینەوە.
بەشێکی زۆری ئەو دەفتەرە دەستخەتی خۆم بوو بەڵام هەندێکیشی هی کاک جەلالی شێخ رەئوفی کوڕی پورم بوو، کە بە هاوڕێیەتی و برادەرایەتی و لەبەر ئەوەی دەستخەتی زۆر خۆش بوو بۆی نوسیبومەوە. کاک جەلال تاقەتی سیاسەت و مەسەلە فیکرییەکانی نەبوو بە هیچ جۆرێک لە ناوەرۆکی ئەو بابەتانە لێپرسراو نەبوو.
ئەمڕۆ بە پێچەوانەی زۆربەی ڕۆژەکانەوە کەس لێی نەپرسیم، کەس نەهات بۆ لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدانم. بوو بە نیوەڕۆ تۆزە خواردنەکەیان بۆ هێنام، کەلەپچەکەی کرمەوەو دەستم کرد بە قاوەڵتی. ئەوەندەی نەبرد محمد هاتەوە، دەستێک شاڵی کوردی لەبەردا بوو یەکێ نەی ناسیایە دەی ووت ئەمە نەک هەر کوردە بەڵکو پەرژینێکی قایم بێت پێشمەرگەیە. بەپەلە دەستی کەلەپچە کردمەوە بە ستونەکەوەو بۆ دڵنیایی بۆ ئەوەی بزانێت داخراوە هەردوو دەستی پێ بەرزکرمەوە. لەو کاتەدا ئەمنێک هاتە ژورەوە، سەیرێکی محمدی کردو ووتی ئەوە چییە لەبەرتدا؟ محمد ووتی دەرچونم هەیە.
دوای ئەوەش کەس لە منی نەپرسییەوە. لەبەر ئەوەی هەرگیز ڕۆژی وا ئارام و هێمنم بە خۆمەوە نەبینیبوو، گوێم هەڵخستبوو بۆ بچوکترین سرتە. لە ژورەکەی پشتمەوە گوێم لە زرمەی لێدان و تەقە تەق و دەنگ بوو. منیش وەک شێت یان وەک کەسێک بڵێت منیش لێرەم وەرن لێم بدەن! یان وەک کەسێک بڵێت حەیفە ئەمڕۆ بەبێ تێهەڵدان بگوزەرێت، لە خۆمەوە کەوتمە دەنگە دەنگ و هەڵا و زەن! جار جارێکیش سەیریکی بڵندگۆکانی پشت سەرم دەکرد، بەڵام کەس دەنگی نەبیستم و کەس گوێی پێنەدام. لە ڕاستیدا تەنیایی خۆی لەخۆیدا سزایەکی توندە، جا ئەگەر بەسترابیتەوەو لێدانیشت هەبێت ئەوا بیری ئەوەت نییە کە تەنیایی خۆی لەخۆیدا سەختە!
لای ئێوارە لەپڕ مەدحەت خۆی کرد بە ژوردا، پەشۆکاوو دزێو، لە هەموو کاتێکی زیاتر قێزەون دیار بوو. قاتێک چاکەت و پانتۆڵی لەبەردا بوو دەت ووت هەر ئێستا لە بالەی کۆنەکە لەفەردە دەرت کێشاوەتە دەرەوە؛ چرچ و لۆچ و پیس و ناشیرین. خۆیشی تورەو ترۆو تەنیا. لەگەڵ قاچی خستە ئەم دیو دەرگاکە شیڕاندی: ها سەگباب ئەتو هەر ئیعتراف ناکەیت، پەلاماری تێلایەکی داو دەستی کرد بە لێدانم، بەجۆرێک دەت ووت هەر ئێستاو ئەم چرکەیە دەستگیرکراوم. هەتا توانی بە کێبڵ لێیدام. وەکو شێت یان درندەیەکی کێوی بەوەش تێری نەخواردو پەلاماری فەلاقەکەی دا، ئاخر ئەم کەربابە تەنیایە خۆ فەلاقە لانی کەم سێ کەسی دەوێت! دوانیان دارەکە دەگرن و یەکێک یان دوانیش لەبنی پێی ئەو کەسە دەدەن، جا تۆ خەمی چیتە! وابزانم خۆیشی بیری نەبوو، بۆیە چەند جارێک دار فەلاقەکەی کێشا بە پشتی کلۆتمدا، یەکەمجار هێندە بەهێز بوو خۆم پێڕانەگیراو میزم کرد بە خۆمدا. زۆر لە حاڵی خۆم تەریق بوومەوە. باش بوو داری فەلاقەکە قورس بوو زوو ماندوو بوو ئەگینا لەوانەیە پشتی بشکاندمایە. دوای ئەوەی ماندوو بوو داری فەلاقەکەی بەو پەڕی نائومێدییەوە کێشا بە

ئەرزداو ملی شکاند، هەر چۆن هاتە ژورەوە بەو جۆرەش بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە بەبێ ئەوەی پیتێک بەدەست بهێنێت.

نزیکەی دە خولەک لەوەدوا گوصاد هاتەوە، دەستی کردمەوەو پەلکێشی کردم. لە دڵی خۆمدا ووتم بەخوا دیارە هێشتا تێریان لە لێدانم نەخواردووەو دەم بەن بۆ ژورەکەی مەدحەت بۆ ئەوەی بە هەمویان بمکوتن، بەڵام بە پێچەوانەوە بە لایەکی دیکەدا بردمی. بردمییە ژورێک لە ژوری فەرمانگەی ئاسایی دەچو نەک ئەشکەنجە. پیاوێک لەدوای مێزێکەوە دانیشتبوو، دەفتەرە بۆری من لەسەر مێزەکەی بەردەمی دانرا بوو. دەفتەرەکە شریتی بیرەوەری من بوو، هەر بۆیە هەموو شتێکی وەک فیلم بەبەردەممدا تێدەپەڕاندو نەم دەتوانی لەبیری بکەم.

کابرا بە شێوەی دەموچاوو سمێڵی پڕو زمانە نیوە کوردی و نیوە عەرەبییەکەیدا یان تورکمان بوو یان خەڵکی ناوچەکانی هێڵی بەیەکگەیشتنی کوردو عەرەب و تورکمان بوو. ئیشارەتی بۆ قەنەفەکە کردو ووتی دانیشە. منیش وەک پیاوانی بەڕێز لەسەر قەنەفەکە دانیشتم. دەستی دایە دەفتەرەکە، بەڵام گوصاد وەک لە غەیبەوە پێی بڵێن دەفتەرەکەی لەدەست وەرگرت پەڕەکانی هەڵدایەوەو لە شوێنێکدا ووتی لێرەدا دەستخەتەکەی زۆر ڕونە! ئاخر گەماڵ باوک تۆ لە کوێ دەستخەتی منت بینیوە! کورە تۆ حەقت چییە ڕەنگە ڕاست بکات!

لێرەدا زانیم ئەم بەزمە بۆ پشکنینی دەستخەتی منە، باشە ئەم گەوجانە بۆ لەیەکەم ڕۆژەوە لەجیاتی ئەو هەموو فەلاقەو لێدان و هەڵواسینە بۆ بیریان لەوە نەکردۆتەوە، نەخێر ئەمانە هەر زمانی کوتەک دەزانن، هەر ئەشکەنجەو کوشتن دەزانن، زۆر جاریش ئەوە باشترەو زیاتر لە بەرژەوەندی زیندانییە وەک لە لێکۆڵینەوەی زانستی و وورد و هێمنانە. کە بە تیلەی چاو سەیرێکی دەستخەتەکەی خۆمم کرد، هەموو گیانم هاتە لەرزەو شێوەی دەموچاوم گۆڕاو ترپەی دڵم بە ئاسانی دەبیسترا. بەڵام ئەوان لەلایان سوکی بوو بیر لەوە بکەنەوە بەو شێوازانە ڕاستیان بۆ دەربکەوێت؛ هەڕەشەو ئەشکەنجە، ئەشکەنجەو هەڕەشە، ئەمەبوو شێوازی ئەوان. لەلایەنی ئێمەشەوە؛ خۆڕاگری و متق نەکردن.

گوصاد بە پەلە لاپەڕەکانی هەڵدایەوەو لە خەتی من تێپەڕی و گەیشتە ناوەڕاستی دەفتەرەکەو لە کوێدا خەتی من نەبوو لەوێدا وەستایەوە. ترپەی دڵم هێواش بوەوەو هەناسەم ئاسایی بوەوە. سەیرێکی کابرای کردو ووتی: ئەوەتە! ئیتر ئاوڕشینێکی فێنکی دڵم کرا. کابرا هەستا سەرپێ و پارچە کاغەزێک و قەڵەمێکی دایە دەستم. ووتی ناوی خۆتم بۆ بنوسە. منیش ناوی خۆمم بۆ نوسی. ووتی: ناوی سیانی دەڵێم. ناوی سیانیم بۆ نوسی. بردی لەگەڵ خەتی ناو دەفتەرەکە بەرانبەری کرد، منیش بەو پەڕی دڵنیایی و متمانە بەخۆبونەوە سەیرم دەکردو لە سەدا سەد دڵنیابوم کە ئەوەندەی ئەرزو ئاسمان لەیەک دوورن.

دوای سەرنجێکی ووردی هەردوو دەستخەتەکە بۆی دەرکەوت کە زۆر لەیەک جیاوازن بەڵام بۆ ترساندنی من بە شێوەیەکی مەبەستدارانە سەیرێکی کردم و وەک کەسێک زۆر دڵنیا بێت لەسەر قسەکەی بە بزەیەکەوە ووتی: دەستخەتی تۆیە! منیش بە دەگێکی زوڵاڵی پڕمتمانەوە ووتم: نەخێر هی من نییە. ووتی تۆ بە هەموو شتێک هەر وا دەڵێیت، وەڵڵا لەوێ (لەم کاتەدا سەیرێکی گوصادی کرد) یەکسەر ئیعترافت پێدەکەن. بە هەردوو دەستی ئاماژەی بۆ قورگی کردو بە زەردەخەنیەکی دڕندانەوە ووتی: ئێستا ئیعدام بە ئامێری کارەباییە، یەک چرکە نابات دەخنکێیت، وەک جاران نییە! من لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری کۆمەڵەدا ووتارێکم خوێندبوەوە بە ناونیشانی: **کۆمپیوتەر بۆ ئەمن و گاجووت بۆ کشتوکاڵ**، بەڵام دیارە هەردەم لۆژیکی بەعس دڕندانەیە بۆیە ئەمیش شانازی بە ئامێری لەسێدارەدانی کارەباییەوە دەکات نەک بە هۆکارە نوێکانی ژیان و بەختەوەری مرۆڤ؛ کە ئەوان هەرگیز نەیانویستووە. منیش وەک وەڵامێکی ناویستانەو ناچارانەی ئەو هەموو نەزاکەتەی بە تەوس و زەردەخەنەیەکەوە سەیرێکم کرد.

دوای ئەوە ووتی وەرە، ئاماژەی بۆ کورسییەکەی بەرانبەر خۆی کردو منیش دانیشتم. ووتی باشە، ئێستا بۆم بگێڕەرەوە ئەم شتانەت لەکوێوە هێناوەو بۆ کوێیان دەبەیت؟ منیش وەک یەکەم جار چیم ووتبو بەبێ کەم و زیادو سەروبۆر پەڕاندن دەستم کرد بە گێڕانەوەی. کەسەرنجم دەدا قسەکان دەنوسێت و هەندێک جار دەڵێت

ڕاوەستەو پرسیارێک دەکات. ووتم بەخوا تەواوە. ئەوەندەی دیکە متمانەم بەخۆم پەیدا دەکردو، لە دڵی خۆمدا دەمووت: دیارە باوەڕیان بە درۆکانم کردووە!

ووتی: لەو شوێنەی کە دەستگیرکرای هیچ شتێکی دیاریکراوی لێبوو وەک مزگەوت، دوکان... ووتم بەڵێ ڕیزێک دوکانی لێیە. هەرچییەکم دەوت بەبێ کەموکوڕی و بە کەمترین دوبارەکردنەوەو بەبێ هیچ جۆرە ڕەخنەیەک دەینوسی.

+ لە دیوار هیچت نوسیوە؟
– نەخێر هەرگیز شتی وام نەکردووە
+ هیچ کارێکی تەقاندنەوەو وێرانکاریت کردووە؟
– نەخێر هەرگیز نەم کردووە

کە لە نوسین تەواو بوو دوو لاپەڕەی دایە دەست گوصاد، ئەویش دایە دەستم و ئاماژەی بۆ خوارەوەی لاپەڕەکان کردو ووتی ئالێرەدا ئیمزای بکە. من لە ووشەی ئیمزا زۆر دەترسام، زیاتر لە تێهەڵدانەکەش! نەموێرا یەکسەر ئیمزای بکەم و دەستم کرد بە خوێندنەوەی، ووتی گەواد قسەکانی خۆتە! منیش دوای خوێندنەوەی چەند دێڕێک دڵنیا بووم کە قسەکانی خۆمەو بە نابەدڵێکەوە هێڵێکم پیاهێنا.

لەسەر ئیمزا گەلێک چیرۆکم بیستبوو؛ دەیانووت خۆیان ئیعترافەکانت بۆ دەنوسن و دەڵێن فەرموو ئیمزای بکە! بەڵام من دڵنیا بووم کە قسەکانی خۆمەو دەرکیشم بەوەکرد کە لێرە خزمەتم تەواو بووەو دەبێت بەرەو هەیئەی کەرکوکم ڕەوانە بکەن؛ بە گوێرەی یادداشتی هاوڕێیانی کۆمەڵە.

## هۆڵی خۆپیشاندەران

دوای ئیفادەو ئیمزا ئیتر گوصاد نەیبردمەوە بۆ ژورەکەی خۆم (ئوتێل عەتا)، پەلی گرتم و بەنێوان دۆڵابەکاندا بەهەمان ڕێگادا کە یەکەمجار هێنابومیان بردمی بۆ بەردەم هۆڵێکی گەورە. لەوێ تەسلیمی پاسەوانەکەی کردم و پێی ووت: ئاگات لەمە بێت، ئەمە مەسەلەکەی قورسە و وەک ئەوانی دیکە نییە. پاسەوانەکەش وەک بەڵا ڕوی لە ماڵی کردبێت بردمییە ژورەوەو هەڕەشەی لە جەماعەت کرد کە کەس قسەم لەگەڵ نەکات، هەرکەس یەک حەرف قسەم لەگەڵ بکات ئەنجامی ئەشکەنجەیە! گەماڵ باوکە دەت ووت ڕۆستەمی زاڵیان لەلا یەخسیر کردووە.

کە سەیری ژورم کرد ژووری چی هۆڵێکی گەورە بوو پڕ بوو لە مناڵ و گەنج و پیر. ئەچومە لای هەر کەسەوە بە پەلە لێم دوور دەکەوتەوە وەکو پانزدە هەزار ڤۆڵتم لەسەر بێت. هەتا شەو بەو جۆرە بوون دوایی یەکە یەکە سامیان شکاو کەوتنە قسەکردن لەگەڵم. [هیوادارم هەندێک لەو بەڕێزانە ئەم یادەوەریانە بە تێبینی و ڕەخنەکانیان دەوڵەمەند بکەن و شاهیدی حەق بن لەسەر قسەکانم و هەر کەمو کوڕی یان زیادەیەکی پێوەبێت ئاگادارم بکەنەوە]. من حاڵم زۆر خراپ بوو، دوای چواردە ڕۆژ بەستراتەوەو هەڵواسراوی، دانیشتن بەناچاری لەسەر بنکەی کۆنکرێتی ستونەکان، هەر گوپەی سمتم چوار چوار دومەڵیان لێدەرهاتبوو. لەلادێ هەر کەس دومەڵی لێهاتایە دەیانووت دەوڵەمەند دەبێت، بەو حسابە بوایە من ملیۆنەریم بەدەست دەهێنا! ئێستا کرابومەوەو بەرەڵاکرابوم ئینجا هەستم بە ئازارو ناسۆر دەکرد. ویستم پاڵکەوم، بەڵام لام نەبوو لەسەری پاڵبکەوم. کابرای پاسەوانیش ئاگر بەربوبوە ماڵی، ئارامی لێهەڵگیرابوو، چونکە ئاگادارکرابوەوە زۆر دەترساو هەر کلای چاوی لەسەرم بوو.

ئاخر دەبێت من چی بم؟ بەچیم تێگەن؟ هۆڵەکە هۆڵی قوتابخانە بوو بوو، هەر وەک پێشتر باسم کرد لێرە فەرمانگەی ئەمن پێویستتر بوو لە قوتابخانە، هەر بۆیە ئەم هۆڵەش هەر وەک خۆی بە دەرگای ساج و سێ پەنجەرەی گەورەوە کرابوو بە زیندان؛ پەنجەرەکان یەکێکیان لە تەنیشت دەرگاکەو دوانەکەی دیکەش لەپشتەوە لەسەر گەراجێکی گەورە بوون. گەراجەکە دەرگای لەسەر ماڵەکانی گەڕەکی ماڵە ئەمنەکان (دورولئەمن) بوو، پڕ بوو لە ئۆتۆمۆبێلی دەستبەسەرداگیراو (حیجز) و شکاوو ئۆتۆمۆبێلی خۆیان.

ڕۆژێک منداڵێکی چلورەفرۆش بەبەردەمی گەراجەکەدا تێپەڕی، پڕ بە دنیا هاواری دەکرد: چلورە ... چلورە. کابرای پاسەوان ڕایکرد ڕاوینا. بە دەنگی ئەو مناڵە کوردە هەموو زیندانییەکان هەستیان بە حەوانەوە کرد.

بێجگه له من و کاوه‌ی ئاسنگەر هەرچی لەوێ بوو لەسەر شتی سوک گیرابوو: زۆربەیان لەسەر خۆپیشاندان گیرابوون، کە ئەمانە گەنج و منالّ بوون زۆربەیان قوتابی و هەندێکیشیان کاسبکار بوون. ئەوانی دیکە بەتەمەنتر بوون، یەکێک ئۆتۆمۆبێلی فرۆشتووەو بە فەرمانگەی ئەمنی نەوتووە و یەکێکی دیکە بۆیەی سور لەبەردەم ماڵەکەیدا ڕژاوەو ووتویانە تۆ موخەڕیبیت! ئیتر شتی لەو بابەتانە.
ڕۆژێک دووسێ منداڵیان هێنا و بە پاڵ و بە شەق کردنیانە ژورەوەو پێیان دەوتن جامخانەی چەند دوکانتان شکاندووە؟ ئەو کاتە بڕیاری مانگرتنی گشتی درابوو، ئەو منداڵانەش جامخانەی ئەو دوکانانەیان شکاندبوو کە دوکانیان کردبوەوە و مانیان شکاندبوو! یەکێک لە منداڵەکان زۆر ووریا دیار بوو، هێشتا دانەنیشتبوو لەپڕ لە حەوشەکەدا کەناسێکی بینی کە دەیناسی، یەکسەر بە هەموو هێزی هاواری کرد: بەماڵەوە بڵێ گیراوە... هەرچەند جەماعەت هاواریان لێکرد کورە ووسبەو پاسەوان تێی خوڕی ئەو هەر پەیامی خۆی گەیاند. ئەو منداڵە زۆر کردەو زرنگ و وریا دیار بوو، دەیووت قاچاخچێتیم کردووە سامم شکاوە لەم بەزمانە!

## شەربەتی ڕاوخ و میز

لەسەرەتای هەشتاکاندا لە عێراق جۆرە شەربەتێک هەبوو لە قوتودا ناوی ڕاوخ بوو، شەربەتێکی خۆش بوو بە تامی ترێ و هەرمێ و هەڵوژەو قۆخ دروستکرابوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە بیانی بوو بەڵام هەر بە گوێرەی نرخی ڕۆژ نرخی گونجاو بوو. هەروەک پێشتر باسم کرد من کە گیرام پارەو کاتژمێرو چاویلکەو ناسنامەکانیان لێسەندم و کردیانە زەرفێکەوەو ناوی خۆمیان لێنوسی. لەم هۆڵەدا بارەکە جۆرێکی دیکە بوو، هەموویان بێجگە لە من و (وابزانم کاوەش) پارەو شمەکی خۆیان پێبوو. یەکێک لە ئەمنە پاسەوانەکان هەموو ئێوارەیەک پارەی لێ کۆدەکردنەوە و لیستێکی دەکرد و دەچوو لە بازاڕ شتی بۆ دەکڕین؛ بێگومان بەرژەوەندی خۆیشی تیا بوو! ئەو پسکیت و خواردنی دەهێناو یەکێک لەو شتانەی کە زیندانییەکان زۆر حەزیان لێی بوو شەربەتی ڕاوخ بوو. کە دەستیان دەکرد بە پارە کۆکردنەوە من لە شەرمان بچکۆلە دەبومەوە، سەرم دادەخست و نقەم لەخۆم دەبڕی. ئەوانەی کە لە دەورو بەرم بوون تێگەیشتن کە پارەم پێ نییە و منیش ئینجا مەسەلەکەم تێگەیاندن. ئەوانەی لەوێ بووبوونە هاوڕێم کۆمەڵێک فیتەر بوون کە وەک خۆیان دەیان ووت لە شەقامی ئیبراهیم پاشاو لە نزیک شوێنی کارکردنی خۆیان گیرابوون. ئەو ماڵەیان دەزانی کە من لێی دەژیام. ئەوان پارەی باشیان پێبوو، ووتیان خەم مەخۆ ئێمە پارە بۆ تۆش دەدەین و ناهێڵین هیچ کەسیش بزانێت. ئیتر هەموو جارێک کە پارەیان کۆدەکردەوە کە سەرە دەگەیشتە سەر من یەکسەر یەکێکیان پارەکەی بۆ دەدام.
سەیری دەستی یەکێکیانم کرد کاژێرێکی لەوەی منی لەدەستدا بوو، من تازە کاژێرەکەمم کڕیبوو زۆرم خۆشدەویست! یەکسەر تێگەیشت و ووتی بەخوا دەبێت تاوێک لەدەستدا بێت و یاری بە ژمێرەرەکەی بکەیت بۆ بێتاقەتی. هەرچەند ووتم زۆر سوپاس و ئەمانە بەزۆر کردییە دەستم. من بەداخەوە ئێستا ئەو جوامێرانە نانسمەوەو ئەوانیش هەروەها، حەزم دەکرد هاوڕێیەتیمان بەردەوام بوایە.
ئێوارەیەک کابرای ئەمن ڕاوخێکی زۆری هێنابوو، دوو کارتۆن بوو. هەموو بە پێکەنینەوە ووتیان بەخوا چاکە هەموو پارەکەی داوە بە شەربەتی ڕاوخ! کەس بیری لە ئەنجامەکانی نەکردەوە. یەکی دوو سێ قوتومان بەرکەوت، بەڵام ئەی میز کردن؟ کەس بیری بۆ ئەو مەینەتە نەچوو.
یەکەم کەس هاواری لێهەستاو هەندێک بەو نێوەدا سوڕایەوە، ئۆقرەی لێهەڵگیرا! هەر دەهات و دەچوو هیچی نەدۆزییەوە، خەڵکانی دیکەش هاواریان لێهەستا. لەپڕ یەکێک ووتی کورە بیکەرە کارتۆنی قوتووە بەتاڵەکان! ئەها وا لەلای دەرگاکە. ئیتر یەکەم کەس بەبێ سێ و دوو قوتویەکی هەڵگرت و پڕی کرد لە میز. دووەم کەس و سێهەم کەسیش هەمان ڕێچکەیان گرت. یەکێک لە گیراوەکان ووتی فڵان کەس قوتوەکەی پڕکردووەو ڕژاوەتە سەر ئەرزەکە. جەماعەتیش ووتیان جا چۆن دەبێت، بتکردایەتە قوتویەکی دیکە. ئەویش دەیووت ڕاستە داویەتی بەسەریدا بەڵام نەڕژاوەتە سەر ئەرزەکە! ئەی چی لێهات؟ جەماعەت بەمە زۆر پێکەنین.

سەرە گەیشتە سەر من. منیش زۆرم میز دەهات و کورد وتەنی خۆ خلە لە بلە کەمتر نییە! بەڵام من چونکە بە جیا لەوان حساب کرابووم و بەهەر هۆیەکەوە بوو‌بێت بە گرنگ و ترسناک دانرا بووم لەلای پاسەوانەکان! یەکسەر نەموێرا بچم بۆلای دەرگاکەو میز بکەمە ئاودەستی قوتو. هەستام هەندێک سەیری ئەم لاو ئەولام کردو هەرچۆنێک بوو خۆم گەیاندە لای دەرگاکە. سەیری دەرەوەم کرد چاوم بە پاسەوانەکە کەوت، یەکسەر لای کردەوە ومنیش وەک یەکێک هەر پیاسە بکات گەڕامەوە. بەڵام بگەڕێمەوە چی بکەم؟ بەرموسەڵانم خەریک بوو دەتەقی، بەتەواوی ئوقرەم لێهەڵگیرابوو. لەدڵی خۆمدا ووتم باشە بۆ ئەوەندە بترسم وەڵا سەریشم ببڕن دەچم، ئەمجارە چوم و ڕاستەو ڕاست وەک ئەوان خۆم بەتاڵ کردەوە.

پاسەوانەکە باش ئاگاداری ئەم هاتن و چونانەی من بوو بوو. وای لێکدابوەوە کە دەمەوێت ڕابکەم. دەڵێن کەس بە دەردەی کەس نازانێت. ئیتر هەر ئەوەندەم خۆش بوو تا گەیشتمەوە جێگاکەی خۆم و پاڵکەوتم.

لەگەڵ کاتی ئاڵوگۆڕی پاسەوانەکاندا پاسەوانەکان بوون بەدوو، پاسەوانە کۆنەکە پاسەوانە نوێکەی لە هەڵسوکەوتی من ئاگادارکردەوە. ئیتر بە جوتە بە خۆیان و کەلەپچەیەکەوە هاتنە ژورەوە. کەلەپچەکەی بە جۆرێک توند کرد لە دەستمدا کە خوێن بەحاڵ هاتوچۆی دەکرد. ئینجا پاڵێکیان پێوەنام و بەر لەوەی بڕۆن بە تەوس و گاڵتە پێکردنەوە ووتیان: ئینجا ڕابکە.

من هەر دەجوڵام و ئەمدیواودیوم دەکرد، لام نەبوو لەسەری بکەوم و دەستەکانیشم خەریک بوو سڕ دەبون. گوێم لێ بوو یەک دوانێک لە زیندانییەکان دەیان ووت: گوناهە، شانسی نییە! لەولاوە یەکێک هەڵی دایەو ووتی: ئۆخخخەی با وای لێبکەن، خەتای خۆیەتی ئۆقرە ناگرێت و هەتا ئێستاش هەر ناخەوێ و جوڵە جووڵێتی! من حاڵی ئەوەم نەبوو وەڵامی کەس بدەمەوە ئەگینا ئۆقرەو مۆقرەی چی! من شوێنم نەبوو لەسەری پاڵبکەوم، هەموی برین بوو، ماندوبوم، کلۆتم هەموی دومەڵ بوو، سەرباری ئەوەش من فس فس پاڵەوان بووم! پاسەوانەکە هەردەم چاوی لەسەرم بوو منیش لە ترس و دڵەڕاوکەیەکی بەردەوامدا بووم.

بەیانیان چوار، یان شەش شەش بەڕیز دەیانبردین بۆ سەرئاو؛ وەک شەمەندەفەر دەستمان دەخستە سەرشانی یەکتر و دەڕۆیشتین. ئەم بەیانییە مقۆ مقۆ لەناو زیندانییەکاندا دروست بوو لەسەر دوو کارتۆنەکە. کام کارتۆنانە؟ کارتۆنە ڕاوخەکان هەر وەک خۆیان پڕ و قورس بوون بەڵام بۆنیان ناخۆش و کەبس نەکراو بوون! هەریەکە شتێکی دەووت، یەکێک دەی ووت بە پاسەوانەکە دەڵێین و دەچین دەیانڕێژین خۆ تەیارە نییە! یەکێکی دیکە دەی ووت بە خوا جوانە! ئەوان لە خورت و خۆڕایی بە سۆندە دامان دەگرنەوە جا چ جای ئەوەش! ئەی چییان لێبکەین؟ خۆ ناکرێت هەر لەوێدابن! هەر دەبوا بە پاسەوانەکان بوترایە، بەڵام کێ زات دەکات! دەڵێن جارێک خێڵی مشک هەموو کۆبونەوە، ووتیان کاکە پشیلە حەشری لێتاڵکردوین، هەمومان دەخوات، با چارەسەرێک بدۆزینەوە. هەموو لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە زەنگۆڵەیەک بکەنە ملی پشیلە و هەرکاتێک هات گوێیان لێبێت! ئەمە زۆر باش بوو بەڵام کێ زات دەکات زەنگۆڵەکە بکاتە ملی پشیلە!؟

پیاوێکی لێ بوو لەچاو هەموماندا هەم بەتەمەن و هەم ڕۆشنبیر یان خوێندەوار دیار بوو. کێشەکەشی لەهی هەموان سوکتر بوو. لەسەر ئۆتۆمۆبێل فرۆشتن گیرابوو؛ لەو سەردەمەدا هەر کەس کاری کڕین و فرۆشتنی بکردایە دەبوایە بە فەرمانگەی ئەمنی بوتایە. ئەم پیاوە ئەو کارەی نەکردبوو بۆیە لێرە دەستبەسەرکرابوو. ئەم پیاوە بوو بوو بە دەمڕاستی زیندانییەکان و لای پاسەوانەکانیش وەکو ئەڵقەی پەیوەندی و وەرگێڕ لەنێوان هەردولادا تاڕادەیەک ڕێزی لێدەگیراو گوێیان لێدەگرت. هەموو لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە ئەو بە پاسەوانەکە بڵێت و دوو کەس لە خۆمان بچن بیڕێژن.

ئەو پێشنیارەکەی قبوڵکرد بەڵام هەر دەمی هەڵهێنایەوە پاسەوان گڕیگرت و وەک سەگی هەوشار کەوتە هاوار هاوار و دوو سێ پاسەوانی دیکەشی کۆکردەوە. هەمویان هاتنە ژورەوەو ووتیان دەبێت بزانین کێ لەژورەوە میزی کردووە! هەموی سەیری یەکتری دەکردو کەس فزەی لێوە نەدەهات. ئاخر کەس نەمابوو ئەو شەوە، کە بوو بە شەوی ڕاوخەکە، نەی قەوماندبێت! هەر هەڕەشەو گوڕەشەیان بەردەوام بوو هەتا یەکەم کەس کوڕێک

پەردەی بێدەنگی بەزاندو ووتی : من میزم کردووە. بە شەق و زللە دایان گرتەوەو ووتیان کێی تریش؟ کەس دەنگی نەبوو. لە تەنیشتییەوە دانەیەکی دیکەیان داگرتەوەو ووتیان تۆیش نەبویت؟ ووتی بەڵێ منیش بووم.
من لەو سەری هۆڵەکە جێگیربووم، دڵم بۆ ئەو دوانە گەرم بوو کە بوون بە قۆچی قوربانی هەمووی. ووتم: عەیب ناکەن، بێغیرەتینە! بۆ هەر ئەو دوانە دابڵۆسێت، هەموومان نەمانکردووە؟ لەولاوە پاسەوانەکە زوومی خستە سەر من و ووتی ؛ چییە؟ ئەوە دەڵێت چی؟ ووتم بەڵێ منیش میزم کردووە! ئیتر وەک یەکێک بڵێت دۆزیمانەوە لێیانگەڕێن! وازیان لە هەمویان هێناو هاتنە وێزەی من. دوای ئەوەی بە هەمویان چاک کوتامیان پارچە پشتێنێکیان هێناو کردییە سەرچاوم، ئینجا بەهەموو هێزی جەڕاندی تا کرچە کرچ لە سەرمەوە هات، دوای ئەوە شەقێکی تێهەڵدام و ووتی: تۆ ئەمشەو چوارجار هەوڵی ڕاکردنت داوە! ئینجا برۆ لە پەنجەرەکەوە ڕابکە لە دەرگاکەوە بوار نییە. منیش بەدەم ئازارەوە دەم بۆڵاندو جنێوم دەدا بەوانەی کە نەیاندەوێرا قسە بکەن. دوای ئەوەی کە لەباتی هەموان من ئەشکەنجەیەکی باشم خوارد پاسەوانەکە قبوڵی کردبوو کە دوو کەس لە خۆمان بچن کارتۆنە لەعنەتییەکان بڕێژن.
بۆ کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ پاسەوانەکە هاتە ژورەوە، چاومی کردەوە و کەلەپچەکەی لە دەستم کردەوە بەڵام چی ببینم! بەرچاوم یەکەمجار ڕەش دوای ئەوەش زەردبوو، ئینجا بوو بە ڕێشکەوپێشکە. دەستم کرد بە چاو هەڵگڵۆفین، پاسەوانەکەش هەر بە تیلای چاو سەیری دەکردم. هەتا چارەکەکاژێرێک چاوم هەر ڕێشکەوپێشکەی دەکردو ئازاری سەرم هەتا ماوەیەکی دورودرێژ بەردەوام بوو.
پەندێکی کوردی هەیە لەسەر ئەو مەیمونەی کە چوو سەیری ئۆردوو بکات و تیاچوو! دەڵێت:
مەیمون تۆ لەسەیری ئۆردوت چی!

## ئەرێ بەڕاستی بەرو نەبوو؟

بەیانیان چوار چوار دەیانبردین بۆ سەرئاو، خۆ ئەگەر ژمارەمان زۆر بوایە جاری وا هەبوو شەش شەشیش. لەڕاستیدا لەو ماوەیەدا کە بەتەنیا لەژوری ئەشکەنجە بووم من سەرئاوم تەنها بۆ خۆفێنک کردنەوەو هەناسەدان و تۆزێک پشوو پێخۆش بوو. لەو دواییەشدا کە بووم بە خاوەنی تەرمۆزەی مەسینە جار جار کەمێک میزم دەکرد؛ بەڵام هەرگیز ئەوەندە بێتاقەتی نەدەکردم کە پێویستم بە سەرئاو بێت. من ئەوەندەم ئارەق دەکردەوەو بەقێزو بێزەوە کەمێکم دەخوارد دانیشتنی سەرئاوی گەورەم هەر لەبیر نەمابوو.
ئەم بەیانییە ڕیخۆڵەم پێچێکی دا، نەخێر بوو بە دوان و کار لە پێچ و هەوا دەرچوو، نازانم بەهۆی شەربەتە لەعنەتییەکەوە بوو یان هەر هۆیەکی دیکە دوای پازدە ڕۆژی ڕەبەق دانەنیشتن شتێکی ڕەقی ڕەشی وەکو بەرو لە پاشم کەوتە خوارەوە! لەڕاستیدا هەر لە بەرو دەچو، شێوەی وەک بەرو وابوو کە کەوتیشە خوارەوە تەقەیەکی تایبەتی بەڕوانەی لێوەهات کە بەو شوێنە نامۆبوو. بۆیە حەقمە بپرسم: ئەرێ بەڕاستی بەرو نەبوو!؟

## خواردن و دومەڵ

خواردنی فەرمانگەی ئەمن کەم و پیس و ناخۆش بوو. بەتایبەتی ئێواران پیازاوێکیان دەهێنا هەرکەس لێی بخواردایە بێ دومەڵ دەرنەدەچو! من هەر وەک پێشتر باسم کرد هەرگیز برایەتیم لەگەڵ پیازی کوڵاودا نەبووە! ئەگەر زۆرم برسی بوایە سەمونەکەم بە ئاوەکەی کەمێک تەڕ دەکرد و دەمخوارد. من چونکە ماوەی چواردە ڕۆژ لەسەر بنکەی کۆنکرێتی ستونێک بەبەردەوامی دەنیشتبوم هەردوو سمتم دەمێکە بوو دومەڵی لێهاتبوو، بەڵام لێرە دومەڵ پشت و سەرشانەکانیشمی گرتەوە. هەموو زیندانییەکان بەدەست دومەڵەوە دەیاناڵاند. هەر کە خواردنەکە دەهات دەیانووت هەر پارووە دومەڵێک مسۆگەر دەکات. ئیتر نازانم خواردنەکە شتی پیسی تێدەکرا یان هەر نەخۆشییەکی تایبەت بوو.

## کوڕە بەسراییەکە

ئێوارەیەکیان کاتێکمان زانی دیشداشە لەبەرێکیان بە پاڵ کردە ژورەوە. کەس نەیدەوێرا هەر سەیریشی بکات؛ ووتیان مەکە ئەمە ئەمنەو بە فێڵ کردویانەتە ژورەوە! بوو بە شەو ووتیان: ئەریٚ وەڵڵا ملازم موحسین هات! من چونکە پێشتر ملازم موحسین هاتبوو بۆ زیارەتم، ئەوەندەی ئەوان نەدەترسام. یەکێک خەریک بوو بە پارچە پشتێنێک چاوی خۆی دەبەست و یەکێکی دیکە پشتی دەکردە پەنجەرەکە. کاتێکمان زانی لە پەنجەرەکەوە دەستی کرد بە گاڵتەو قەشمەری بە زیندانییەکان و لەگەڵ ووتنی گۆرانی سەدام زێڕەدا دەستی دەکێشا بە شیشی پەنجەرەکەدا لەباتی مۆسیقا.

لەپڕ زومی خستە سەر کوڕە دیشداشە لەبەرەکە: ها گەواد، لە بەسراوە هاتویت بچیت بۆ ئێران، ئێستا لە بەسرە خەڵک خوشکەکانت دەشەکێننەوە. چەند خوشکت هەیە؟ کوڕەش بە دەنگێکی مردوی ناو گۆڕەوە ووتی: دوو. موحسین ووتی: ئەی ئەم دیشداشەیە چییە لەبەرتدا؟ گەراجی ناوگەڵتە!؟ وەڵڵا بابە گەراجی چاکە. ئیتر بە پاسەوان و زیندانییەوە هەموو دایانە قاقای پێکەنین. کوڕەی داماویش بۆ شاردنەوەی تەریق بوونەوەکەی زەردەخەنەیەکی لاوازی گرت.

ئیتر ترس ڕەوییەوە لەسەر کوڕەی دیشداشە لەبەر. لە هەموو لایەکەوە پرسیار وەک تەرزەو باران دادەباری بەسەریدا. کاتێک زانیم سەرەی منەو دەتوانم پرسیاری لێبکەم، لێی چومە پێشەوەو بە عەرەبییەکی فەسیحی ناو ئەلمونجید ووتم: قاموا باستعمال العنف معك؟ من مەبەستم بوو بڵێم ئایا ئەشکەنجە دراویت؟ بەڵام کوڕە بەسراییەکە ووشەی عنفی لە کولەکەی تەڕدا نەبیستبوو! منیش یەک ووشە عەرەبی جڵفەم نەدەزانی. هەرچۆنێک بوو بۆ شیکارکردنی پرسیارەکەم ووشەی عنفم گۆڕی بۆ تەعزیب. ئەم جارە تێگەیشت و ووتی بەڵێ. بەڵام وابزانم هەر ئەو لێدانە کەم وپڕ پچڕانەی پاسەوان و دەستاودەستکردنی بینیبوو؛ کە بە زاراوەی ناو ئەمن پێیان دەڵێن سەرە مقەست! چونکە هیچ شتێک بەلەشییەوە دیار نەبوو.

## ئەریٚ وەڵڵا فشی کرد!

ئەو پیاوەی کە ووتم لەسەر ئۆتۆمۆبێل فرۆشتن گیرابوو وە بوو بوو بە دەمڕاست لەنێوان ئێمەو پاسەوانەکاندا، ڕۆژ بە ڕۆژ متمانەی هەردوولای زیاتر پەیدا دەکرد. کار گەیشتە ئەوەی ڕۆژێک پاسەوانەکە ڕادیۆ بچوکەکەی خۆی دایە دەستی و ووتی: کاکە گوێ بگرە سەید و ئەلڕەئیس قسان دەکات، هەم گوێی لێبگرەو هەم بۆ جەماعەتیشی وەربگێڕە. سەدام باسی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی خۆیانی دەکرد لەناو خاکی ئێرانەوە بۆ سەر سنوری نێودەوڵەتی نێوان هەردوو وڵات. ئەمەی وەک نیازپاکی و هەنگاوێک ڕادەگەیاند بۆ ڕاوەستاندنی شەڕ. لەڕاستیدا ئەمە ڕاگەیاندنی شکست بوو لەو جەنگەدا کە بە پاڵپشتی هێزە گەورەکان هەشت ساڵی خایاند! لەپڕ کابرای وەرگێڕ بەشێوەیەکی ناویستانەو هیستریانە بە هەموو هێزی ووتی: ئەریٚ وەڵڵا فشی کرد! ئیتر هەموو دەستمان کرد بە پێکەنین و کابراش شێوازو هەلومەرج و ئەگەرەکانی ئەو فشکردنە مێژووییەی بۆ ڕوندەکردینەوە.

## حەمام

شەوێک ووتیان دەتانبەین بۆ حەمام. ئێمەو گەرماو، کوجا مەرحەبا!؟ من هەر گاڵتەم پێدەهات و هەموو خولەکێک چاوەڕوانی ئەوە بووم کە بمبەن بۆ شوێنی بەنێوبانگتری ئەشکەنجە. لەپڕ ڕۆمانە بەناوبانگەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدم بیر کەوتەوە! 'ژانی گەل'. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ئەگەرچی کارە ئەدەبییەکانی، ئەوەندەی من ئاگادارم، کەمن بەڵام نەختن! بەوپەڕی باوەڕەوە دەڵێم کەم کەس بتوانێت بەو جۆرە باسی ژیانی خەڵک بکات، باسی زیندان بکات و لە قوڵایی هەستی مرۆڤەکان تێبگات. ئەوەی کە خەڵک چاوەڕوانی بوو لە

گەرماوەکەی ژانی گەلدا ساردی ئاوەکە بوو، بەڵام بەپێچەوانەوە ئاوی سارد هەر نەبوو هەموی ئاوی لەکوڵ بوو! گرنگ ئەوەیە کە خێری لێنەبینیت.

بەهەرحاڵ پرۆسەی گەرماو دەستی پێکردو دوو دوو دەستیان کرد بە بردنمان بۆ گەرماو. سەرە گەیشتە سەر من و لەگەڵ کوڕە بەسراوییەکە بەر یەک کەوتین. گەرماوەکە گەرماوێکی هاوینە بوو. دوشێکی تیابوو ئاوێکی لێدەهاتە خوارەوە بۆ خواردنەوە هیچ عەیبی نەبوو! بەڵام بۆ خۆشتن بەو وەرزە گەرمەو لەو شوێنە گەرمەشدا کوڕی دەویست خۆبداتە بەری. ئاخر ئەو ئاوەی کە دەماندەنێ بۆ خواردنەوە بۆ وا سارد نییەو ئەم ئاوە بۆ ئەوەندە ساردە! نازانم.

هەندێک سوڕاینەوە هیچ سابون دیار نەبوو، من هەموو گیانم برین و قەتماغە بوو بۆیە هەر بۆ ناوو لەترسی پاسەوانەکە کە نەڵێت بۆ خۆت ناشۆیت، بە خێرایی خۆم دایە بەر ئاوەکەو خۆم لەبەرکردەوە. لەوەزیاتر کە تەڕ بووم و جلە پیس و خوێناوی و عارەقاوییەکانم لەبەرمدا خوسان، هیچ ئەنجامێکی دیکەی نەبوو. بەڵام کوڕە بەسراوییەکە چونکە لەشی ساخ بوو، دشداشەکەی شت و گوشی و ئینجا خۆی دایە بەر ئاوەکەو دشداشە تەڕەکەی لەبەرکردەوە.

گێڕاینیانەوە شوێنی خۆمان و پاڵکەوتم و خەوم لێکەوت. نازانم هۆی تەڕی و خوسانەکە بوو یان چی دیکە! ئەو شەوە بۆ دووەمین جارم لە زینداندا خەوم بینی. بەڵام ئەمجارە لە خەومدا ئاگام لە گیران و میران هەر نەبوو؛ نێوانی خۆمان بێت خەونێکی ڕۆمانسی بوو!!

## شێخ و سەید

لەناو زیندانییەکاندا لە ئەسڵ و فەسڵ زۆر دەکۆڵنەوە. خەڵکی کوێی؟ کێ دەناسی؟ چۆن گیرایت و واسیتەت هەیە یان نا؟ ئەم پرسیارانە کۆمەڵێک پرسیاری ڕۆتینین و لەهەموو کەس دەکرێت.

من ووتم خەڵکی پاڕەزانم و لەوێدا پیاوێک هەبوو ووتی: من ماڵی خاڵۆ شێخ سابیر دەناسم. ووتم دە ئەو شێخ سابیرە ئامۆزای باوکمە. ووتی: کەوابێت شێخیت! ووتم بەڵێ.

ئەو ڕۆژەی کە پاسەوانەکە زۆری لەمندا لەسەر مەسەلەی شەربەتی ڕاوخەکە، بۆ ڕۆژی دوایی دەستی شکا بوو کردبوییە ملی. لەڕاستیدا نەماندەزانی بە چی دەستی شکاوە بەڵام ڕێک ئەو دەستەی کە لەمنی دەدا لە گەچ گیرا بوو بە پارچە لەفافێک کرابووە ملی! پێدەچێت شەو لەدەرچون و بەماڵاندا هەڵگەڕاندا شکابێت، یان لە ئۆتۆمۆبێل بەربوێتەوە، یان هەر هۆیەکی دیکە.

زۆربەی زۆری ئەوانەی کە لەوێ بوون، لەسەرو هەموشیانەوە کابرای ئاشنای خاڵە شێخ سابیر، لەسەر ئەوە سور بوون کە من شێخم و چونکە ئەو بە غەدرو ناهەق زۆری لێداوم پاکی باوو باپیرانم پێی نواندووە!! تەنانەت دوای بەربونیان، چونکە ئەوان زوو بەر بوون، ئەو هەواڵەیان گەیاندبوو بە خزمان و دایکیشم! ڕوداوەکەیان بۆ گێڕابونەوە. کاتێک ئازاد بووم ئەو چیرۆکە تاکە چیرۆکێک بوو کە دەیانزانی، بەبێ ئەوەی کە خۆم بۆیان بگێڕمەوە! وەکو من لەوە زیاترم لێنەدرا بێت و زوڵمی لەوە گەورەترم بەرانبەر نەکرابێت.

من دەمزانی زۆر لێرە نامێنمەوەو ئەوانیش زوو بەردەبن چونکە هیچیان لەسەر نییەو تەنها دەستبەسەرن، هەر بۆیە ئەمەم بە هەل زانی بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێت بتوانم هەواڵێک بنێرم بۆ ماڵەوەو بۆ هاوڕێکانم بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. هەر بۆیە ئەمجارە لە کاتی سەرقاڵی دەرکردن و هێنانەوەی زیندانییەکاندا بۆ سەرئاو بە هەلم زانی و ئانیشکم ژەند لەوەی تەنیشتمەوە، ئەویش بە ترس و سامێکەوە لای کردەوەو بە ئەسپایی ووتم: دەمەوێت چەند قسەیەکت بۆبکەم، گوێم لێبگرە بەڵام سەیرم مەکە! کوڕەی داماو کە ئەمەی بیست یەکسەر هەستاو هەتا توانی لە من دوور کەوتەوە و ئینجا بێچرپە دانیشت!

خۆیشم بۆم دەرکەوت کە ڕێگاکەم هەڵەبوو وە زۆر بە زەقی پێم ووت، لەهەر ئەوە شێوازەکەم گۆڕی. ئەمجارە لەکاتی قسەو باسی ئاساییدا و لەوەڵامی پرسیاری ماڵتان لەکوێیەو کوێی کارگەی سەهۆڵەکەدایە و ئەو شتانەدا کوڕێکیان ووتی: وەڵڵا من ماڵەکەتان دەزانم! ئیتر ئەوە بەس بوو بۆ من. خۆی کەوتە قسەو ووتی: بەخوا ئێمە

هیچمان لەسەر نییەو هەر دەستبەسەر کراوین و دەزانم زوو بەردەبین، هەر ڕۆیشتمەوە دەڵێم عەتام بینیوەو باشەو لە ئەمنی سلێمانی بوەو ووتویەتی ڕەنگە بمنێرن بۆ کەرکوک. هەر خۆی هەمووی بۆ تەواو کردم و نەختێک زیادیشی پێوەناو ووتی: بەخوا پێیشیان دەڵێم هەوڵت بۆ بدەن و واسیتەیەکت بۆ بدۆزنەوە! لێرەدا بە پێویستم زانی قسەکەی پێببرم، بۆیە بە شێوەیەکی توندو جیددی وەڵامم دایەوەو ووتم: بە قوربانت بم باسی واسیتە مەکە با لە خۆڕایی پارە بەفیڕۆ نەدەن. من واسیتە بەکەڵکم نایەت، تەنها زمانی خۆم دەخوات و خۆیشم، وەک دەزانن، نە ئاگام لە هیچەو نە هیچیشیان لەسەرم سەلماندووە. بەڵام کوڕە هەر سور بوو لەسەر بیروڕای خۆی و وای دەزانی من شەرم دەکەم ئەگەر داوای واسیتە بکەم! لەڕاستیدا هەموو کەس حەز بە ئازادبوون دەکات و ئەگەر هۆکارێکی وەک واسیتەو پارەش بەکارت بێت پێدەچێت خراپ نەبێت؛ بەڵام من لەو سەرەوە دەهاتمەوەو دەمزانی خەریکی چیم و کورد ووتەنی: بەرخگەڵەکەم چی خواردووە!
لەترسی چاودێری ووردی پاسەوانەکان نەم وێرا لەمە زیاتر ئینکاری لەگەڵ بکەم و دەنگمان خەریک بوو بەرزدەبوەوەو سەرنجی دەوروبەری ڕادەکێشا، لەبەر ئەوە باسەکەمان بە نیوەناچڵی بەجێهێشت. هەر وەکو چاوەڕواندەکرا کوڕە بەربووبوو، پەیوەندی کرد بوو بە ماڵی مامە حاجییەوە، ئیتر پورە ئامین وەکو هەنگی لە گوێزدا دۆزیبێتەوە ئەئاوا کەوتبووە سۆراخی و دایکمی بردبوو چوبوو بۆ لای. هەموو بەسەرهاتەکانی بۆ گێڕابونەوە بە مەسەلەی دەست شکانی کابرای ئەمنیشەوە. زۆر بە جیدی ووتبوی عەتا پێویستی بە واسیتەیەکی گەورەیەو ووتویەتی فریام کەون! لەڕاستیدا من بەهیچ کلۆجێک لەگەڵ ئەوە نەبووم و باوەڕم بە کاریگەری ئەوە نەبوو، بەڵام پیاوەتی کوڕە کورتی هێنا یان دروست تر بڵێین سەری کردو نرخەکەشی هەزار دیناری ئەو کاتە بوو کە دەست سەرەک جاشێک کەوت! کاتێک بەر بووم زۆر بەو کارە توڕە بووم بەڵام ووتیان تکات لێدەکەین وا بزانە هەر نەبووە.

## شەپۆل

لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا هەموو کەس دڵی گەرم دەبوو، بەتایبەتی گەنجان و منداڵان و هەر کوڕی هەژارانی نەدەگرتەوە، بەڵکو کوڕانی دەوڵەمەندیش تێوەدەگلان. شەپۆل نمونەی ئەوانە بوو. شەپۆل منداڵێکی قژ زەردی سپی بوو، بە تەمەن لە هەموان منداڵتر بوو، یان وا دیار بوو. ووشەی شەپۆل بە لەفزی عەرەبی زۆر خراپ دەوترا، دەبوو بە شەبول و ئەمنە عەرەبەکان هەموو پێدەکەنین. ئەوەندە گەوج بوون وایان دەزانی ناوی میزە!
ڕۆژێک ئەمنێک بە پارچە کاغەزێکی بچوکەوە هات و بانگی ناوی شەپۆلی کرد. شەپۆل هەستاو چووەدەرەوە. بوو بە مقۆ مقۆ بۆ کوێی دەبەن و چی لێدەکەن و بەردەبێت یان نا. یەکێک لە زیندانییەکان ووتی: من باوکی دەناسم سەمونخانەی هەیەو دەوڵەمەندن دیارە واسیتەی لای بەڕێوەبەری ئەمن کردووە چونکە کۆنتراکتی سەمونی ئەم فەرمانگەی ئەمنە بەدەست ئەوەوەیە. هەرچۆن بوویێت شەپۆل بەبێ ماڵئاوایی جێی هێشتین و ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە.

## ڕەوانەکرد بۆ کەرکوک

دوای بەسەربردنی چوار ڕۆژ لەم هۆڵە گەشتوگوزارییەدا لەگەڵ جەماعەتی خۆپیشاندان بۆ بەیانی ڕۆژی پێنجەم ناوی من و کاوەیان خوێندەوە. شایانی باسە ئەو چوار ڕۆژە هەموو جارێک کاوەیان دەبرد بۆ ئەشکەنجەو دوایی بە بوراوەیی بە دەستەبەرە دەیانهێنایەوە. دیارە ئیتر خزمەتی لەلای ئەوان تەواو بووە یان هەر ئەوەندەیان ماوە هەبوو بۆیە لەگەڵ من ڕاپێچیان کرد.
بەیەکەوە بردینیانە دەرەوە، فەرمانیاندا چاومان ببەستین ئێمەش یەکی بە پارچە پشتێنێکی دڕاوی جورجێت چاوی خۆمان بەست. لەڕاستیدا چاوبەستنەکە هەر ڕوکەش بوو، ئەگینا ئەوانیش دەیانزانی کە چاومان لە هەموو شتە. من یەکەمجار وام دەزانی هەر من چاوم لە شتە و بە کاوەم دەوت کوێ بەرزو نزمە، بەڵام دوایی

تێگەیشتم! بردینیانە ژورێک پیاوێکی لێبوو لە تورکمان دەچو بە عەرەبییەکی شکاو قسەی دەکرد. من پێشتر ئەو پیاوەم بینی بوو؛ ئێوارەیەک هات بۆ سەردانی ئەو ژورەی کە منی تێدا بەسترابومەوە. زۆر گفت خۆش و زمان لوس بوو، بە پێچەوانەی ئەوانی دیکەوە، شێوازی هەڵسوکەوتی مرۆڤانە بوو لەگەڵ من. من زۆر لە زمانی لوسی دەترسام، زیاتر لە هەزار سۆندەو کێبڵ و کارەبا.

کە هێنایینیانە ژورەوە چاویان کردینەوە، گوێم لێبوو ووتی فەرمو دانیشە. منیش بێ ئەوەی سەیری ئەملاو ئەولا بکەم لەسەر قەنەفەکەی بەردەمم وەک پیاوان دانیشتم. من نەمزانی لەگەڵ منی نییەو ئەو ئەمنەش کە بردبوینی بۆ خزمەتی بە تێهەڵدان و جنێو وەڵامی دامەوە. کە لام کردەوە سەربازێکم بینی، ترساوو شەرمەزار، ئینجا تێگەیشتم ئەو فەرموو دانیشەیە بۆ من نییەو  بۆ ئەوە. سەربازەکەش بە چاوی بەزەیی و هاودەردی و ترسەوە نیگایەکی لێکردم، ئیتر نازانم ئەو داماوە بۆ بانگ کرا بوو.

کابرای ئەمن هەر نەی دەبڕییەوە؛ گەواد فەرموو دانیشە بۆ تۆیە! تۆ لەوێ دانیشیت! بەم جۆرە لەسەر جنێوەکانی بەردەوام بوو، دەت ووت دەمێکە دەمناسێت و ڕقێکی تایبەتی لێمە. کابرای تورکمان ویستی بارەکە هێور بکاتەوە، ووتی برام لێرە دانیشە، بە پەنجە ئاماژەی کرد بۆ سوچێکی سەر ئەرزەکە. من لەسەر ئەرزەکە دانیشتم و کاوەش بە دوامدا. ئینجا دەستی کردەوە بە زمان لوسی: ئێوە بۆ ئاژاوە دەنێنەوە، نازانن حکومەت لە باری جەنگدایە لەگەڵ ئێران! بەخوا گوناهتان دەگات، زۆری لەم قسە قۆڕانە کرد و کەممان بیست. دوای ئەوە ووتی: بەڵام حکومەت وەک ئێوە نییە، حکومەت بەزەیی هەیە، بەزەیی! هەر کە ئەمەی ووت یەکێکی دیکەی لێ بوو قسەکەی پێبڕی، نازانم چۆن تێیگەیاند بەڵام وەکو یەکێک بڵێت ئەوە تۆ دەڵێیت چی؟ خەریکی زیاد دەڕۆیت! کابرا شێوازی قسەکەی گۆڕی و ووتی: ئا بێگومان، ئەگەر ئیعتراف بکەن، دەبێت ئیعتراف بکەن، کاوە تۆیش!

من ئەم قسانەم بە هەند وەرگرت، ووتم بەخوا وا دیارە بۆنی لێبوردنێک شتێک هەیە. کە گەیشتمە هەیئەو پرسیاری هەواڵی ئەم دنیایەیان لێکردم، ووتم شتێکی وام گوێ لێبووە! هەندێک هەر گاڵتەیان لێدەهات بەڵام بۆ لایەنگرانی بیرۆکەی لێبوردن بوو بە پشتگیرییەکی تەواو. عەینەدینی گۆرانیبێژ دەڵێت: کوێر هەتا دەمرێت بە تەمای چاوە! هەر بەهەمان پێودانگیش زیندانی ئەگەر لەژوری سێدارەش دابێت تا دوا چرکە هەر بە تەمای لێبوردنە.

لێرەش هەندێک پرسیاری باوک و براو خزم و عەشرەت و خەڵکی بەناوبانگی ناوچەکەت کە بیناسیت و ئەو شتانەیان لێکردین و بەکورتی و بە نییەو نازانم تەواومان کردو چاومان بەست و هێناینیانە دەرەوە.

ئەفسەرێک ڕاستەوخۆ هات و لە ئەمنەکانی پرسی : تەواو؟ ئەوانیش ووتیان بەڵێ گەورەم. ئینجا لە ئێمەی پرسی هیچتان پێنەبووەو ئەمانەتتان لای ئێمە نییە؟ ووتم بەڵێ من کاژێرو پارەو چاویلکە و ناسنامەم پێبوو. بە یەکێک لە ئەمنەکانی ووت: بڕۆ خێرا شتەکانی عەتا بهێنە. دیارە ڕێزی مەعمیلی کۆنی لەلا بوو! ئەمنەکە بەڕاکردن هاتەوە، زەرفێکی بەدەستەوە بوو، شتەکانی یەکە یەکە نیشاندام و کردمنە گیرفانم.

دوای ئەوە لەبەردەم هۆڵی خۆپیشاندەرانەوە بردینیان، ئەمنە قۆڵشاکەوەکە پاسەوان بوو، وەکو هار بووبم یان تێرم نەخواردبێت پێم ووت خوا حافیز! یان وەکو یەکێک بڵێت هەڵیکرێنە قۆڵت جوانە! جەماعەت لە ژورەوە گوێیان لێبوو دوایی کاتێک بەربوو بوون ئەوەشیان کردبووە بەڵگەی ئەوەی کە گوایە باوو باپیرانی من بوونە هۆی شکاندنی دەستی!

لەوێوە بردینیانە ئەو گەراجەی کە پەنجەرەی هۆڵەکەی لەسەر بوو، لە هۆڵەکەوە پێشتر زۆر باش دیقەتم دابوو. لەوێ کەمێک ڕایانگرتین، کابرای ئەفسەر هات بە ئەمنەکانی ووت: بەم شێوەیە مەیانبەن، بڕۆن یەکی کراسێکیان بۆ بهێنن. ئاخر کراسەکانمان لە خوێن و عارەق و چڵک و دڕاویدا داغان بوو بوون. بەڵام ئەی ئەو بۆ بە خەمەوە بوو؟ خۆ بۆ سەر شایی نەدەناردین و بۆ ئاهەنگی هۆڵیش نەدەچوین! دیارە هەر ڕوسمی خۆیان وایە و لەبەر ئێمە نەبووە.

ئەمنێک بە هەڵەداوان هاتەوە، کراسێکی تازەی ئاخر مۆدێلی هەشتاکانی پێبوو! ئەو کراسەی دا بە کاوە. کابرای ئەفسەر سەیرێکی منی کردو ووتی: بچن کراسێکیش بۆ عەتا بهێنن. کراسی دووەم کە بۆ من هات کراسێکی سەربازی خاکی نیو قۆڵ بوو، هەر مەپرسە چەند جوان بوو، ئەفسەرانە بوو! لەگەڵ شەرواڵە خاکییەکەمدا هەر لە پێشمەرگە یان موخەڕیب بە ووتەی ئەوان، دەچوم! ئەو کراسە بوو بە هۆی نەگبەتی، شەقی زیادەو سەرەمقەستی زیاتر لە هەیئە. یەکێک دەیووت تۆ سەربازیت؟ یەکێکی دیکە دەی ووت تۆ موخەڕیبیت؟ یەکێکی دیکە دەی ووت تۆ سەربازت کوشتووە؟ ئیتر هەر پرسیارەو دە شەقی هەیئە حساب بکە ( بە خاترەوە)!

دوای ئەوە ئۆتۆمۆبێلێکی پیکابی سور هات. دەرگای دواوەی موشەبەک بوو لا تەنیشتەکانی قەپات بوون. دەرگاکەیان کردەوەو من و کاوەیان کەلەپچە کرد بەیەکەوەو سەریانخستین. کە سەرکەوتین بینیمان لە ناوەوە کرابوو بە دوو خانەوە، من و کاوەیان کردە خانی دووەم و دەرگایان داخست. لە خانی قەفەسی یەکەمیشدا لەبەردەمماندا ئەمنێک بە کلاشینکۆفێک و یەک مەخزەنەوە سەرکەوت. ووتمان ئەمە قەفەسەکەمان لێدەکات بە قوزەڵقورت! باش بوو کاتێک لە شار دەرچووین ئەویش دابەزی و چووە پێشەوە بۆ لای جەماعەتەکەی.

من وکاوە بە ئارەزوی خۆمان دەستمان بە قسە کردو بۆ یەکەمین جار بەو پەڕی متمانەوە یەکترمان ناسی. یەکەمجار کاوە خۆی ناساندو ووتی: من ناوم کاوەیەو خەڵکی پێنجوێنم و کومەڵەم، لە بازگەی سەید سادق نامەیەکم پێگیراوە. منیش وەکو باوەڕنەکەم ووتم: جا نامەیەکی بچوک چۆن دەگیرێت؟ لەوەڵامدا ووتی: جا ئەگەر وەک ئێستەم دەزانی، وام دەشاردەوە قەت نەگیرایە، بەخوا هەر لەخۆیەوە ووتی دابەزەو پشکنیمی و نامەکەی لە گیرفانم دەرهێنا، ئەوەتە لێرە خۆم دەبینمەوە. ئەی تۆ؟ من کەمێک ڕامام و کەوتمە سێودووی دڵی خۆم. باشە من تا ئێرا هێناومە و ئیعترافم نەکردووە کێ دەڵێت ئەم کاوەیە ڕاست دەکات و تاکتیک نییە! کاوە باش بوو لەباتی منیش وەڵامی دایەوەو ووتی: کاکە مەترسە! بەخوا دەزانم تۆیش کۆمەڵەیت! من هەر بە تەواوی نەچومە ژێر ئەو بارەو ووتم: هەندێک نوسراوو کتێبم پێ گیراوە!

کاوە دەستی بە قسە کردەوە، ووتی ئیتر لێدانمان تەواو بووەو دەمانبەن بۆ بەغا بۆ دادگا! من یەکسەر قسەکەم لەدەم قۆزتەوەو ووتم: نەوەڵڵا دەمان بەن بۆ هەیئەی کەرکوک! من لە ئەدەبیاتی کۆمەڵەدا تەواوی ئەو پرۆسەیەم دەرخ کردبوو. سەرباری ئەوەش ئەوەندەی هەموو دنیا لە هەیئەی کەرکوک دەترسام! ناوەکەی زۆر گەورەو سامناک بوو! لەلایەکی دیکەشەوە وام دەزانی ئەگەر لە سلێمانی بم نزیکم لە خەڵکی هاوشاری خۆم و لە دڵدا هەستم بە جۆرە دڵنیاییەکی درۆ دەکرد. بەڵام وام دەزانی کەرکوک واتە سەرەونگون بوونی یەکجاری و ئەشکەنجەی جەرگبڕ؛ ئیتر هەمیشە ترس لە نەزانراوو نەبینراو زۆر سەختە!

کاوە بە هەواڵی هەیئە کەمێک ترساو مات بوو، دوایی هاتەوە سەرخۆ. کاوە زۆر خۆڕاگر و بەجەرگ بوو، لە سلێمانی هەموو ڕۆژێک، لەماوەی ئەو چوارڕۆژەدا کە لە هۆڵەکە بووین، بە چواردەستە دەیانهێنایەوە بۆ ژورەوە. ڕاستە وەک خۆی پێی ووتم بە درۆ خۆی کردووە بە بوراوە! بەڵام لەڕاستیدا زۆریان ئەشکەنجەدەدا.

بە جووتە بڕیارماندا کە هەرچییەکمان لێبکەن ئیعتراف نەکەین و هەردوکمان ئەو قەناعەتەمان بۆ یەکتر دوبارەکردەوە. هەردوکمان لەسەر ئەوە کۆک بووین کە هەر ئەوەمان قازانجە کە ئیعتراف نەکەین چونکە ئەگەر ئیعتراف بکەین ئەوا بێجگە لە حەیاچونی سیاسی و ڕێکخراوەیی و بێجگە لە توشکردنی هاوڕێیانی دیکەشمان، خۆیشمان زیاتر ئەشکەنجە دەدرێین و دوایش هەر ئیعدام دەکرێین. من درۆکانی خۆم ئەوەندە توند چنی بوو، ئەوەندەم دوبارەکردبونەوە بەهەمان شێوەو بەبێ کەم و زیاد، خەریک بوو خۆێشم باوەڕم بە خۆم دەکرد!

لەڕێگا ئۆتۆمۆبێلەکە زۆر توند دەڕۆیشت، لە بازگەکان ڕاوەستانی نەبوو. لەشوێنێک هێواش بوەوە، لۆرییەک لەدوامانەوە بوو بە تەواوی لێمان نزیک بووبوەوە، کە ئێمەی بینی بەو شێوەیە زۆر تێک چوو، ئێمە هەردوکمان دەستە بەیەکەوە کەلەپچەکراوەکانمان بەرزکردەو و نیشانماندا، ئەویش بە دەست ئاماژەی ئەوەی دەکرد کە بڵێت: چی بکەم؟ چی؟ ئێمەش بە دەست ئاماژەمان بۆدەکردو دەمان ووت: لێی بدەو خۆتی پێدا بکێشەو

بمانفلیقێنەرەوە! ئەو زۆر چاک لە مەبەستی دەستمان تێگەیشتبوو بەڵام چۆن وا بە ئاسانی قەناعەت بەو کارە دەکات!؟ لەکاتێکدا سەرباری لێپرسراوێتی و کێشەی خۆی دەبووە هۆی مردنی ئێمەش، هەردوکمان.
گەیشتینە کەرکوک، بەناو بازاڕدا گوزەری کرد، چاومان بە عەرەبانەی سەوزەو میوەفرۆشەکان کەوت، پیرێژنێکی عەبا بەسەر قەدەرێک تێمانڕاماو سەرنجی داین؛ وادیار بوو دەیزانی مەسەلە چییەو ئەو فلیمەی بینیبوو. دوایی بە ماتی و نائومێدییەوە چاوی تێبڕین، لەگەڵ دوورکەوتنەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەدا ڕوی بێهیوایی وەرگێڕاو ڕۆیشت. کە لەدواوە سەیری عەبا ڕەشە تۆخەکەیمان دەکرد وەکو یەکێک هیوایەکی گەورە، ڕزگارکەرێکی خاوەن ویست و هەڵوێست و بێدەسەلاتی لەدەستدابێت سەیرێکی یەکدیمان کردو یەکی ئاهێکی نائومێدیمان هەڵکێشا. تۆبڵێیت ئەو ژنە بە دزو پیاوکوژمان نەزانێت؟ نەبەخوا ئەگەر وابوایە ئەئاوا بە کوڵۆڵی و بەبەزەییەوە سەیری نەدەکردین! کێ ناڵێت کوڕی ئەویش ئا بەم جۆرە و بە ئۆتۆمۆبێلێکی لەم شێوەیە نەبراوە، ئەمانەو هەزاران ئەگەری دیکە.
ئۆتۆمۆبێلەکە لەناو بازاڕو قەرەباڵخی ڕزگاری بوو، ئینجا تیژ بوەوە، ڕانەوەستا تا گەیشتە بەر دەروازەیەکی گەورە. لەوێ کۆمەڵێک سەرباز پێشوازییان لێکردن و بەخێربێن و چاک و چۆنی لەنێوان ئەمن و سەربازەکاندا ئاڵوگۆڕکرا. سەربازێک ئاماژەی بۆ شۆفێری ئۆتۆمۆبێلەکە کردو ئەویش بە بەگ هاتە دواوە بۆ بەردەم دەروازە گەورەکەو یەکێکیان هاواری کرد: باشە ڕاوەستە با تاوانبارەکان دابەزێنین. یەکەم جار بوو گوێم لە ووشەی موتەهەم بێت کە پێم بوترێت! لەوەپێش زۆر ڕقم لە موتەهەم بوو، وام دەزانی هەر بە دزو پیاوکوژو جەردە دەووترێت. حەزم دەکرد بمتوانیایە بەهەموو هێزم هاوارم بکردایە: نەخێر من تاوانبار نیم! موتەهەم نیم، من حەقخوازم و ڕاستی خوازم و حەزم بە بەختەوەری هەموو کەسە و ڕزگاربوونی تەنانەت ئێوەی دڕندەش لە دڕندایەتی ئامانجی من و هاوبیرانی منە.
دایان بەزاندین و کەلەپچەکەیان لەدەستمان کردەوەو لەگەڵ خۆیان بردیان و خواحافیزییان لەسەربازەکان کرد و سواری ئۆتۆمۆبێلەکەیان بوون و بەرەو سلێمانی ملیانشکاند. ئیتر لەم ساتەوە ئێمە کەوتینە دەستی پاسەوانە سەربازەکان و ئەوانیش بە نوکەشەق و پاڵ و جنێوو بەخێرهاتنیان کردین.

## هەیئەی لێکۆڵینەوەی تایبەت لە کەرکوک

وەکو پێشتر باسم کرد من زۆرم دەربارەی هەیئە خوێندبووەوە: لە ناوەڕاستی فەیلەقدایە، سەربازییەو ئەشکەنجەکانی سەخت و کەم وێنەن هتد... لەبەر ئەوە باش دەمزانی ئێرە کوێیەو هەرچییەکیشاین لێبکردینایە هەر بەکەممان دەزانی! چونکە ئێمە چاوەڕوانی خراپتر بووین. بەپەلەپەل کێشیان کردین بەرەو ژورەوە، بەڕاڕەوێکی تەنگەبەردا بردینیان و لەبەردەم دەرگایەکی شیشی چنراو (موشەبەک) دا ڕایانگرتین؛ شیشەکانی هێند ئەستور بوون بێگومان لە یەک ئینج کەمتر نەبوون، دوو پاسەوانی بەلاوە ڕاوەستا بوو. یەکێک لە پاسەوانەکان دەستی کرد بە دەست بردن بۆ دواوەمان، بەڵام پاسەوانەکەی هاوڕێی بەو کردارە بێزار بوو لێی توڕە بوو زۆر لۆمەی کرد. پاش کەمێک ڕاگرتن لەبەردەم ئەو دەرگایەدا یەکێکی دیکە هات و دەرگاکەی بە کلیل کردەوە، دوای ئەوە بە هەردوو پاسەوانەکە ئینجا توانیان دەرگاکە بکەنەوە، ئەوەندە قورس بوو. بێگومان لە سلێمانییەوە تا ئێرە ئێمە چاومان لە هەموو شت بوو، لێرەش تا ئەم ساتە کەس بیری لەوە نەکردبووەوە کە چاوبەستنەکەمان هەر ڕوکەشە.
لەوێش بردینیانە ژورەوە و بە قەراغی چیمەنێکی سەوزی جواندا بردینیان و لەسەر کۆنکرێتێکی گەرم و بەرخۆر ڕووەو دیوارەکە دایان نیشاندین و دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوەی سەرپێی و بێ سەرەو بەرەو هەرکەس دەهات و شەقێکی لەمن هەڵدەدا و دەیان ووت تۆ عەسکەریت، یان موخەڕیبیت؟ هەتا دەمووت من قوتابیم و لە سلێمانی کراسەکەم دڕاوەو ئەم کراسە میراتییە سەربازییەیان داومێ تێریان دەکوتام! دەڵێن ڕێوی هەتا قەواڵەی خۆی خوێندەوە پێستاین کەوڵ کرد.

ئەوان ڕقیان لە ئێمە بوو چونکە کوردین، چونکە لەسەر سیاسەت گیراوین، چونکە ئیعترافمان نەکردووە، چونکە مارکسین، چونکە بە پیس و چەپەڵی و خوێناوی و داماوی چوینە بەردەستیان، چونکە دوژمنی سەرسەختی ئەوانین؛ بەڵام لەسەرو هەموو ئەوانەشەوە ئەوان زیاتر ڕقیان لە پێشمەرگە و کەسانی خاوەن چەک و هەڕەشەی کوشتنی ڕاستەوخۆ یان کەسانی سەرباز بوو کە لەگەڵیان نەیار بێت. هەر بۆیە من ئەوەندە شەقی زیادەو سەرەمقەستم دەخوارد چونکە بەو کەسانەیان دەزانیم. دەیان ووت ئەمە یان سەربازەو لەگەڵمان نەیارە یان پێشمەرگەیەو داخۆ چ سەربازێکی کوشتووەو کراسەکەی لەبەرداکەندوەو کردویەتییە بەر خۆی!

دوای نزیکەی نیو کاژێر لەبەر ئەو خۆرە گەرمە و لەبەردەم ئەو گورگانەدا ئینجا ناوی کاوەیان خوێندەوەو کاوە وەڵامی دایەوەو پەلیان گرت و بردیان، بەدوای ئەویشدا بە چارەکێک منیان بانگ کرد.

بە سێ قادرمەدا بردمیانە خوارەوە بۆ ژوورێک، پڕ بوو لە فایل و ئەوراق. دوو پیاوی لێ بوو یەکێکیان پانتۆڵێکی ڕەش و کراسێکی سپی لەبەردا بوو، بە عەرەبی قسەی دەکرد. دووەمیان کابرایەکی زۆر درێژی قوچی باریک و لاواز بوو، کە لە درێژیدا چەمابوەوە، بە کوردی شێوازی هەولێر قسەی دەکرد. یەکسەر ووتی:

+خەرکی کوێندەری؟

- سلێمانی

+ باشە لۆ خەرکی سلێمانی بە هەولێریان دەرێن هەولێرە ماست؟ مەش بە ئەنگۆ دەرێین خششەی دێ!

ئەو بەم قسە هەلەق مەلەقانە دەستی پێکردو منیش لەدڵی خۆمدا نەک هەر کێشەی وەک هەولێری و سلێمانی بەڵکو هەموو کێشە ئەتنییەکانم تێپەڕاند بوو بە شێوەیەکی نێونەتەوەیی پوخت بیرم دەکردەوە؛ بەڵام کابرا هەر لە شەریکەوە ڕقی لە خەڵکی سلێمانی بوو. ئەم کابرایە زوو زانی کە چاو بەستنەکەم ڕوکەشەو بە ڕوانین و هەڵسوکەوتمەوە دیار بوو کە چاوم لە هەموو شتە. فایلێکی هەڵگرت وێنەیەکی بچوک بە سوچێکییەوە نوسێندرا بوو ووتی: ئەمە هی تۆیە؟ منیش ووتم: نازنم دەتوانم چاوم بکەمەوە؟ لە قسەکەم نەبومەوە شەقێکی هەڵدا لە بەرموسەڵانم ، چونکە قاچی زۆر درێژ بوو زۆر لەناکاوو لە مەودایەکی دووریشەوە لێی دام و بە ڕێکەوتیش بەر دومەڵێک کەوت؛ ئیتر ئازارەکەی زۆر زۆر بوو. دوای ئەوە ووتی: دەزانیت ئێرە کوێیە؟ ووتم نەخێر. بە پێکەنینەوە سەیرێکی کابرای دووەمی کردو ووتی: ئێرە ئەو شوێنەیە کە داکتی...

دوای ئەوە گیرفانەکانی بەچاکی پشکنیم، کاژێرو پارەو ناسنامەکانی کردە زەرفێک و ناوی لەسەر نوسی. نائیب عەریفێکی ڕەشی زەعیف ڕاوەستا بوو، هەر لەوانەی دەکرد کە خەریکی مارگرتنن! ووتی: ئەبو خالید وەرە ئەمەش مارکسییە! لەدڵی خۆمدا ووتم تۆ بڵێیت لێرە مارکسییەکان شوێنیان جیاواز بێت، بەڵێ بەڵێ باڵێکی جیاوازیان بە گوڵ و گوڵزار بۆ ڕازاندونەتەوە!

ئەبو خالید سەری تێگەیشتن و ڕەزامەندی لەقاندو پەلی گرتم و بردمییەوە سەرەوەو دەرگای جامخانەیەکی کردەوەو بە ڕاڕەوێکی تەنگەبەردا بردمی کە لایەکی سێ دەرگای لەسەر بوو بە قفڵی گەورە گەورە داخرا بوون و لایەکی دیکەشی جامخانەیەکی دورودرێژ بوو. نەی وەستاندمەوە تا ئەو سەر، لەوێ بەقەدەر خەرمانێک جامانەو پشتێن و مشکی و پێڵاو هەڵدرابووەوە، پیاو لە سەرنجی یەکەمی ئەو دیمەنە زراوی دەتۆقی. لەدڵی خۆمدا ووتم خاوەنی ئەم پشتێن و جامانانە دیارە کراون بە سابون! ووتی: چاوت بکەرەوە، چاوم کردەوە. ووتی: هیچت پێ نییە، قەڵەم، کاغەز ووتم: نەخێر هەرچییەکم پێبووە لێیان وەرگرتوم. لەدڵی خۆمدا ووتم دیارە بیستویەتی کە مارکسییەکان ڕۆشنبیرن یان ئەزمونی زۆری هەبوو لە گەڵیان! بەوەش متمانەی نەکرد کە ووتم هیچم پێ نییە، خۆی سەرتابەخوار پشکنیمی. سەرم هەڵبڕی سەیرێکی سەروچاوە دزێوەکەیم کرد، وەکو بڵێم ئاها درۆ ناکەم هیچم پێ نییە!

توند هەردوو شانی گرتم و ووتی مەترسە! ئیتر ئەوەندەم زانی بە شێوەیەکی بەردەوام سەری دەکێشام بە ئەمبەرو ئەوبەری دیوارەکاندا تا لەهۆش خۆم چوم، دوای ئەوە ئاگام لەوە بوو کە بەهەموو هێزی فڕێی دامە شوێنێک.

وادیار بوو ئەبوخالید لەگەڵ مارکسییەکان زۆر داخ لەدڵ بوو، بۆیە بەم جۆرە لێیدام. ئیتر نازانم بۆ ئەبوخالید ئەوەندە ڕقی لە مارکسی بوو: لەبەرخاتری خوا بوو یا عەلی یان بەعس.

## دیمەنی ناوەوەی ژوری ژمارە دووی هەیئەی تازە

کە چاوم هەڵهێنا بینیم ژورەکە یەکێکی دیکە ناگرێت من نەبێت حەپەسام و دەنگێکم لێوەهات وەک بەمەوێت هاوار بکەم . سەیرم کرد هەموویان سەریان سفر کراوەو زۆر پیرو داماوو زەردو لاواز هاتنە بەرچاوم. لەدڵی خۆمدا ووتم ئەمانە ڕەنگە جەماعەتی قالە تەگەرانی بن؛ دایکم زۆر جار باسی ئەو جەماعەتەی بۆدەکردم: ڕۆڵە هەموویان بێسەرو شوێن کران، ئێستەو ئەوسا ڕۆیشتنیان هەبوو هاتنەوەیان نەبوو، هەموویان کوڕی دوو گەزی، ئەرێ وەڵڵا ئەو کابرایە لەخشتەی بردن و ئەئاوا بەم دەردە چون؛ مەگەر خوا بزانێت ماون، مردون!؟
جارێکی دیکە لەدڵی خۆمدا دەمووت: ئەمانە دیارە چل پەنجا ساڵە لەم ژورەدان، کەسیان چاوپێنەکەوتووە.
کابرایەکی پیری سەرڕوتاوە کە تەوقی سەری هەر لە تاسی چیمەنتۆی دەکرد شریتی بیرکردنەوەو گریمانەکانی پچڕاندم و لێم هاتە پێشەوەو بەسەرمدا قیڕاندی: بۆ وا شپرزاویت، عەیب ناکەیت، شورەیی نییە!؟ ئێمەش وەک تۆ لەسەر سیاسەت گیراوین، من لەوەتەی هەم شیوعیم، لەزەمانی مەلیکدا بە پلایس نینۆکیان دەرکردوم! یەک دوانێکی دیکە لەولاوە هەڵیاندایە: هەژارە چی نەشپرزێت، وەڵڵا هەتا ئێستا هیچ کەس لەو قاوشەدا وای لێنەکراوە! خۆ ئەبو خالید هەر کوشتی. نەتان بینی چۆن ئەبو خالید دوایی هاتەوە و لە کونی دەرگاکەوە سەیری کرد بزانێت هۆشی هاتۆتەوە یان مردووە. ئیتر بەم جۆرە ڕێوڕەسمی هاتنە ژورەوەکەم کرایەوەو دەرگای پرسیار وەک دوو دەری کەوتە سەر پشت.
پرسیار وەک تەرزەو بارانی بەهار بەسەرمدا دەباری: بۆ گیراویت؟ چیت کردووە؟ چیت پێگیراوە؟ خەڵکی کوێی؟ کارت چییە؟ ناوت چییە؟ لەکوێ دەستگیر کرایت؟ توخوا دەنگوباسی دەرەوە؟خۆپیشاندان هەیە؟ تو ئەو قورئانە کاکە دەنگوباسی عەفوات و شت نییە!؟ منیش یەک بەیەک بە ووریاییەکی زۆرەوە و بەکورتی وەڵامی پرسیارەکانم دەدایەوە بە جۆرێک ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە خۆم و ڕاستییەکانەوە هەبوو لەسەر خۆم بەجۆرێک وەڵامم دەدایەوە کە لە لێکۆڵینەوەی ڕاستەوخۆشدا هەر وەهام ووتبوو. چونکە دڵنیا نەبووم ئەوانە بە ڕاستی چین و ڕاست ودرۆیان چۆنەو هەرئەوەش باش بوو چونکە زۆرجار لەناو زیندانییەکاندا سیخوڕ دەچێنرا. من ئەزمونی لەم بابەتەم لە یادداشتی هاوڕێیانی کۆمەڵەدا زۆر خوێندبووەوە.
کابرای شیوعی هەر وازی نەهێنا، هەوڵی دەدا بزانێت چیم و چۆن گیراوم و هێزو وورەم چۆنە! هەر بۆیە درێژەی پێداو ووتی: لێرە ئەشکەنجە زۆر سەختەو ئیعتراف بە دێویش دەکەن، هیچ نیم و میچ نیم ناخوات؛ من هەر نەچومە ژێر ئەو بارە. دوایی لە جەماعەتەکەم بیست ووتیان ئەو پیاوە پیرە ووتویەتی: ئەم کوڕە یان هەژارەو بەهەڵە گیراوە و ئاگای لە هیچ نییە، یان ئەمە شوڕشگێڕێکی زۆر سەر سەختەو بەهیچ جۆرێک ئیعتراف ناکات. ئیتر نازانم من کامیان بووم!
کە سەرنجێکی ژورەکەم دا بینیم لە دەرگاکەو پانکەیەکی سەقفی و هەوادەرکەر (ساحیبە) یەک زیاتر بە بنمیچەکەوە، هیچی دیکەی تێدا نییە. بەهەرچواردەوردا، بەردەم دەرگاکەو سەتڵی میزەکەی لێدەرچێت، خەڵکی سەرتاشراو قاچیان کردووە بەناو قاچی یەکترداو ئەوەندە قەرەباڵغ بوو ئەگەر یەکێک بیویستایە بچێتە سەر پشت دەبوایە یارمەتی لە هەموو ڕیزەکە وەربگرتایە. ئەوەی تازە بوایە لەلای دەرگاکەوە، لەتەنیشت سەتڵی میزەکەوە جێگەی بۆ دیاری دەکرا؛ هەتا زیاتر بمایتایەوە بەرەو سەرتر هەڵدەکشایت و زیاتر لە سەتڵی میزەکە دووردەکەوتیتەوە!
دەگاکە لەسەرەوە چەکمەجەیەکی بچوکی پێوەبوو کە لەدەرەوە دەکرایەوەو دادەخرا، وەک پەنجەرەیەکی بچوک وابوو، هەر لەوێوە ئێشکگرەکان (خەفەرەکان)؛ کە ئەوانیش لەناو زیندانییەکاندا هەڵبژێردرابوون و دەبوایە یان ئیعترافی کردبێت یان هەرچۆن بێت لێکۆڵینەوەی لەسەر نەبێت و عەرەبی باش بزانێت وئامادەی ئەو کارە بێت، ئاگاداریان دەکردینەوە کە خۆمان ئامادە بکەین بۆ چونە سەرئاو؛ بەیانیان و ئێواران. هەر ئەوانیش خواردنیان

بۆ هەرسێ ژورەکە دابەش دەکرد. دیمەنی یەکەمجاری کەللەی ئەو ئێشکگرانە هەر لە جەللاد دەچوو، بۆ کەسێک کە یەکەمجاری بێت ئەو فیلمە ببینێت. هەر ئەو ئێشکگرانە هاتن و هەواڵی کاوەی ئاسنگەریان بۆ هێنام کە لە ژوری ژمارە یەکە!

ئەم شوێنە بریتی بوو لە سێ ژور؛ یەکەم و دووەم بۆ ئەوانە بوو کە لێکۆڵینەوەیان لەسەرە یان هێشتا کاتی دادگایی کردنایین نەهاتووە، ژوری ژمارە سێ، کەپێیان دەووت ژوری دادگا، بۆ ئەو کەسانە بوو کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەمابوو چاوەڕوانی دادگا بوون. بەردەمی هەر سێ ژورەکەش ئەو ڕاڕەوە بوو کە باسم کردو ئەوبەریشی جامخانەیەک بوو کە دەیڕوانی بەسەر حەوشەیەکدا ناوەڕاستەکەی چیمەنێکی سەوزی جوان بوو. هەندێک شەو گریانی منالێک دەبیسترا، زیندانییەکان دەیانووت: تۆ هەموو بێدەنگ بن ئاها منداڵێک دەگری! ووتیان ژنێک منالێکی ساوای پێیە و لە زیندانی تاکەکەسییەو شەوان چونکە زۆر گەرمایەو منالەکە بەرگەی ئەو گەرمایە ناگرێت و دەگری، دەیهێننە ئەو چیمەنە دایدەنێن. ئیتر هەریەکە بە جۆرێک لێکی دەدایەوەو هەندێک هەر دەیانووت درۆیەو شتی وا هەر نییە. بەڵام کاتێک ئازاد بووین ژنێکمان بینی، ژنێکی شۆخ و جوان و گەنج بوو، سەرتاپای ڕەش پۆش بوو، لەچکێکی کوردانەی کردبوو، بەڵام منداڵی پێنەبوو. نازانم هەر ئەو ژنە بوو منالەکەی مردبوو، یان کەسێکی دیکە بوو یان چی!!؟ لەگەڵ ئێمە ئازاد بوو بەڵام کە سواری پاسیان کردین هەر کەس بۆ پارێزگای خۆی، نازانم ئەو بۆ کوێ چوو خەڵکی کوێ بوو. لەوسەری ڕاڕەوەکەدا، لەولای خەرمانی پشتێن و جامانەو پێڵاوەکانەوە، ریزێک ئاودەست و دەستشۆر و دوشی پاک و خاوێن و تازە هەبوو! بەڵام بە ئێمە چی؟ شەش و حەوت بەپەلەپروزێ دەیانبردین بۆ سەرئاو، هەرگیز بەکامی دڵی خۆت دانەدەنیشتیت! بەڵام لەچاو ئەوەدا کە دوایی لە هەیئەی کۆن بینیمان بە حەوت ئاو شۆڕابوەوە. پاسەوانەکان تەنها دەهاتن قفڵی ژورەکانیان دەکردەوەو ئێشکگرەکانیان دەردەکردو دەچونە دەرەوەو دەرگای جامخانەی سەرەکی ڕاڕەوەکەیان دادەخست، ئیتر ئێشکگرەکان دەبوایە لە کورتترین ماوەدا ئێمە بەرن بۆ سەرئاو، خواردنمان بۆ بهێننە ژورەکان و بەزوترین کات کۆی بکەنەوەو دەرگا کڵۆم بدرێتەوە.

دیوارەکان هەمووی یادگاری و نوسین و شیعرو سەرگوزشتە ی گیراوەکان بوو. کابرایەکی گەرمیانی لێبوو نەخوێندەوار بوو، هەموو ڕۆژێک خەتێکی دەدا لە دیوارەکەی پشت سەری بۆ ئەوەی بزانێت چەند ڕۆژە لەو ژورەدایە. لەو ماوەیەدا کە من لەوێ بووم ڕۆژێک هاتن دەرگای ژورەکەیان کردەوەو هەر هەموومانیان دەرکردو بردینیان بۆ ژوری ژمارە سێ. ژوری ژمارە سێ زۆر جار چۆڵ دەبوو، چونکە ئەو تاقمەی لەوێ بوون تێکڕا دەبران بۆ دادگاو دوای ئەوەش هەرکەسە بە پێی فەرمانی ئەو دادگای نادادە بۆ شوێنی دیکە دەنێردرا؛ ئیتر سێدارە بێت، زیندانی هەتاهەتایی بێت زیندانی دیکە بێت یان جارجارێک ئازادبوون. دوای نزیکەی کاژێرێک هاتنەوە بردینیانەوە بۆ ژوری خۆمان و لە ڕێگای ئێشکگرەکانەوە هەڕەشەیەکی توندیان ناردبوو کە هەرکەسێک ئیتر شت لە دیوارەکان بنوسێت ئەشکەنجەی بێ وێنەی دەدەن! ووتیان گوایە ئەبو خالید ووتویەتی: یادگاری شۆڕشگێڕی دەنوسن! بەڵام ئەو هەڕەشەیە مەگەر ئەوانە تەمێ بکات کە وەکو ئەو دوو شێتە بیر دەکەنەوە کە لە بەرزنجە گیرابوون! لە بەرزنجە دوو شێتیان زیندانی کردبوو، یەکێکیان ووتبوی میزم دێت، ئەوی دیکە ووتبوی لەوێدا بیکە، یەکەمیان ووتبوی: کورە دەمان گرن!

بەشەوو بە ڕۆژ کاروانی ئەسپێ گەرمیان و کوێستانیان دەکرد. بەتایبەتی کاتی سەرلەئێواران کە زیندانییەکان چاوەڕوانی هیچ شتێک نەبوون؛ خۆیان بە ژماردن و چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی ئەم کاروانی ئەسپێیەوە خەریک دەکرد.

## لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەو ژێرزەمینەکە

هەر کەسێکی تازە بهاتایە دوای پرسیارو خواسیارو دوای دیاریکردنی جێگای تەنیشت سەتڵی میزەکە، دەستیان دەکرد بە باسی ژێرزەمینەکە: ئای کاکە! بەخوا لێرە ئیعترافت پێدەکەن، تۆ نازانیت ژێرزەمینەکە چۆنە! پەنجا قادرمەیە بۆ خوارەوە، ئێرە سەربازییە، بەخوا هاوار هاوار نەکەیت هەر دەتکوژن، دەڵێن ئەمە

دیاره زۆر بەهێزە. هەندێکی دیکەش دڵخۆشییان دەدایتەوەو دەیان ووت: خەمت نەبێت، ئێرە زۆر لە سلێمانی باشترە! ئەمان چونکە سەربازن هاوارو دادو فریادو پاڕانەوە کاریان تێدەکات، تا دەتوانیت هاواربکەو بپاڕێرەوە بە فشە! دەزانم لە سلێمانی عەیبە هاوار بکەیت بەڵام لێرە وا نەکەیت ئەوە هەر دەتکوژن! ئیتر دەکەوتیتە ناو دەریایەکی ترس و دڵەڕاوکەوە.

بۆ بەیانی کەوتنە ناو خوێندنەوە، هەر کە گوێم لەناوی خۆم بوو زۆر ترسام، شپرزام، جەماعەت ووتیان کەمێک ئاو بخۆرەوە. دوای ئەوە دەرگاکە کرایەوە چومە دەرەوە، سەربازێک ڕاوەستابوو ووتی: چاوت ببەستە. چوم چاوی خۆمم بەست. پێشتر لەژورەوە پێیان ووتم کە چویت چاوت ببەستیت بە شتێکی گەورە چاوت ببەستە؛ ئەوە باشترە هەم بۆ لێدان کەمتر ئازار بە سەرت دەگات و هەم ئەگەر بشبورێیتەوە ئاو دەکەن بەسەرتدا و زیاتر ئاو هەڵدەمژێت. من بە درۆ نەمدەزانی خۆم ببورێنمەوە، کاوە لەوەدا کارامە بوو! منیش بەپێی ئەو ئامۆژگارییە گەڕام تا کێشێکی گەورەی کوردەواریم دۆزییەوە؛ چاوی خۆمم پێبەست، تا بڵێیت ڕەش و نەرم و قورس بوو. بەگوێرەی قسەی کابرایەکی پیر کە بەپاڵ کردیانە ژورەوە و هەر خەمی کێشەکەی بوو، ئەو جۆرە کێشانە ئەو کاتە بایی بیست وپێنج دینار بوون؛ لەکاتێکدا کرێ ئۆتۆمۆبێلی سلێمانی-بەغا ئەو دەمە دینارونیوێک بوو! ئەو کێشانە شایستەی پیاوماقوڵ و پیاوی پیاوانە بوون!

وەکو شەمەنەفەر دەستیان پێگرتین بە شانی یەک و بردینیان تا گەیشتینە قادرمەکان. ئەرێ وەڵڵا بەرەو ژێرزەمینەکەیە، بە قاچ قادرمەکانم ژمارد تەنها چواردە قادرمە بوون بۆ خوارەوە. لەوێش لە شوێنێک دایانناین کە بە مەزەندە لە هۆڵێکی گەورە دەچوو. بەهەرچواردەوری هۆڵەکەدا ڕوەو دیوارەکە بەڕیز دایان نیشاندین.

کۆمەڵێک سەربازی لێبوو دەستیان کرد بە پرسیاری سەرپێی و سەرە مقەست: شەق و زللە و لەققە، دەگەیشتنە هەرکەس دەیان پرسی بەڕۆژویت؟ چونکە ئەو کاتە ڕەمەزان بوو! گوێم لێ بوو هەموان یان زۆربەیان دەیانووت بەڵێ بەڕۆژوین بۆ ئەوەی لە سەرە مقەست بەدوور بن! ئەم برا عەرەبانەمان زۆر موسوڵمانن، بۆیە ئێمە فەلاقە دەکەن تا خوا لێیان ڕازی ببێت؛ چونکە کورد ئاگر پەرست و مارکسی و کافرن! پرسیاری دووەم ئەوە بوو ئایا ئیعتراف دەکەیت؟ هەمووی دەیووت بەڵێ، چونکە ئەگەر بتوتایە نەخێر، هەر لەوێدا بەبێ هەق و حساب تێری دەکوتایت و بە لێکۆڵینەوەش حساب نەبوو. چونکە لیژنەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵێک ئەفسەربوون و هێشتا نەهاتبوون، بەگوێرەی ئەزمونی کۆنەکان. ئەم سەبازانە جەللاد بوون و بۆ کارئاسانی خۆیان حەزیان دەکرد هەموو ئیعتراف بکەین؛ بۆ ئەوەی ئەوان کەمتر ماندوو بن بە لێدان و ئەشکەنجەدانەوە.

سەرە گەیشتە سەر من، ووتی بەڕۆژویت؟ متقم نەکرد، ووتی ئیعتراف دەکەیت؟ ووتم بەڵێ من هەر لە سلێمانی ئیعترافم کردووە. ووتی: زۆر باششە! پرسیاری سێهەمیشم زیاد کرد ووتی: تۆ سەربازیت؟ ووتم نەخێر. هاوڕێکەی لەولاوە ووتی موخەڕییە! ووتم نەخێر من قوتابیم ، ووتیان ئەی ئەو کراسە سەربازییە چییە لەبەرتدا؟ ئیتر چیرۆکی کراسە میراتییەکەم بۆ گێڕانەوە، ووتی قەیناکات.

نازانم ئەو کاتە چۆن تێپەڕبوو، چۆن گوزەرانێک بوو. لەپڕ گوێم لە تەپەی پێی چەند کەسێک بوو لە قادرمەکان هاتنە خوارەوە. سەربازەکان کڕ بوون، هۆڵەکە هێمن بوەوە، دوای ئەوە گوێم لە تەقەی پێی سەرباز بوو لە سڵاوی سەربازیدا بە قاچ و بێگومان دەستیشی لەگەڵ بووە! بەم جۆرە زانیم کە ئەوانەی هاتنە خوارەوە ئەفسەرن و هەر ئێستا لێکۆڵینەوە دەست پێدەکات.

چەند کەسێک بانگکراو بۆڕەو قیرە بەرزبوەوە. من هەر گوێ قوڵاخ بووم بۆ ناوی خۆم؛ هەر ئێستا سەرەی منیش دێت. بەڵێ سەرە گەیشتە سەر من.

پەلیان گرتم و بردمیانە ژورێک، لەوێ سەرپێی دوو قسەیان لێپرسیم. دڵنیا بووم وەڵامەکەی هەرچییەک بێت ئەنجامەکەی هەر لێدانە. ووتم: لە سلێمانی چیم ووتووە هەر ئەوە ڕاستەو ئەوە دەزانم. بە دەنگێکی فەرمانی جەللادانەوە قیڕاندی: جلەکانت داکەنە! دەی دایکەنە، بەنابەدڵێکەوە یەک دوو قۆپچەی کراسەکەم کردەوە، لەڕاستیدا من کاتم دەکوشت بەڵام کاتێکم زانی یەکێک لەجەللادەکان دەستی دایە کراسەکەم و لایەکی دادڕییەخوارەوە، لەوەدەچوو ئەفسەرەکان بە ئیشارەت پێی بڵێن. منیش ناچار شەرواڵ و هەموو پارچەکانی

دیکەم داکەند. دەستیان کرد بە پێکەنین پێم بۆ وورە ڕوخاندن و کەرامەت شکاندن و سۆندەکانی دەستیان دەهێنا بە ناو گەڵمدا.

دوای ئەوەی بە پێی ئیشارەتێک کە من چاوم لێنەبوو بەڵام هەستم پێدەکرد دەستیان کرد بە لێدانی قاچ و قولم بە سۆندە. چونکە کە ڕوتیانکردمەوە بینییان کە پشتم یەک پارچە برین و قەتماغەیە.

لێرە هەندێک شت لەگەڵ ئەمنی سلێمانی جیاواز بوو:

١. هەتا ڕوت و قوتیان نەکردیتایەتەوەو هەموو سەرتاپای لەشیان نەپشکنیتایە لێیان نەدەدایت.
٢. دوای سەیرکردنی لەشت، ئەگەر پشتت زۆرتر برینداربوایە لە قاچ و قول و ناوقەد بەرەوخواریان دەدایت و ئەگەر قاچ و قولت زیاتر بریندار بوایە بە پێچەوانەوە.
٣. لێدان تەنها بە سۆندە بوو؛ سۆندەش جۆری ڕەق و نەرمی هەبوو، هەندێکیان وەک بە چەقۆ ڕیشاڵ ڕیشاڵ کرابن وابوو، لەکاتی لێداندا هەموو لەشی زیندانییەکەی هێڵ هێڵی خوێن دەکرد.
٤. ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکردیت ئەفسەری سوپا بوون و ئەوانەش کە جەللاد بوون سەرباز بوون.
٥. ڕۆژی هەینی و پشوی فەرمی و پشوی سوپا کەس بانگ نەدەکرا بۆ لێکۆڵینەوەو دەوام نەبوو. بە پێچەوانەی ئەمنی سلێمانییەوە کە، بەتایبەت بۆ من، وەک خێڵەکێتی وابوو؛ هەرکات ئارەزویان بکردایە دەهاتنە وێزەت.
٦. کەسێک تەنها سێ و چوار ڕۆژ جارێک سەرەی بەردەکەوت بانگ بکرێت.
٧. خواردنی ئێرە قەسعەی عەسکەری بوو، دەیانکردە تەشتی گەورەی جل شتنەوە و دەیاندایە دەست ئێشکگرەکان تا بۆمان بهێننە ژورەوە. بەیانیان شیرو شۆرباو چێشتەنگاو کەمێک پەنیر یان میوەیان دەداینێ، ئەگەرچی میوەکە ئەوەندە کەم بوو هەندێک جار یەک هێشو ترێ دەدرا بۆ سی و پێنج کەس!
٨. خواردنی نیوەڕوان برنج بوو کە شلەی کرا بوو بەسەردا؛ لەو ماوەیەدا کە من لەوێ بووم هیچ عەیبێکی نەبوو، هەمان خواردنی سوپا بوو، بە پێی بەرنامەی هەفتانە گۆشتی ئاژەڵ و مریشکی تێدا بوو. ئەگەر چی لە یادداشتی هاوڕێیانی دیکەدا بینیومە کە نوسیویانە خواردنەکە هەندێک جار تایتی تێدەکرا، لەکاتی ئێمەدا هیچ شتێکی خراپ لە خواردندا بەدی نەکرا.

دوای لێدانێکی باش لەپڕ پەڕۆکە یان ڕاستتر بڵێین کێش و مشکییەکە! کەوتە خوارەوە، چاوم بە مێزێک و کەسەکانی بەرانبەرم کەوت دانیشتبون و سەربازەکان لەم لاو ئەولامەوە بوون. ڕێک بەو جۆرە بوون کە تەسەورم کردبوو، بەڵام نەمدەوێرا باش سەیریان بکەم، یەکسەر سەربازە جەللادەکە چاومی بەستەوە، بەڵام چۆن بەستنێک ئەم جارە بە پلایسیش نەدەکرایەوە!

لە ڕێگای کەرکوک کاوە پێی ووتم کە هەرچی خۆبوراندنەوەی بووە هەمووی فشەبووە و لەقەست خۆی واڵێکردووە. منیش ویستم وابکەم بەڵام هەرچەندە هەوڵمدا نەمتوانی بەدرۆ خۆم بکەم بە بوراوە.

کاتێک لە لێدانم ماندوو بوون وازیان لێهێنام و هێنامیانەوە بۆ هۆڵەکە. لەوێ جلەکانیان دایەوە دەستم و ووتیان لەبەریان بکەرەوە. دوای کەمێک چاوەڕوانی بۆ کۆکردنەوەمان بەهەمان شێوەی پێشوو ڕایانکێشاینەوە بۆ ژورەکان.

لەڕێگا هەستم بە دڵنیایی و شانازی دەکرد و زۆر وورەم بەرز بوو. لەدڵی خۆمدا دەمووت: ئائەمەیە ئەو هەیئەیەی کە لێی تۆقیبووم؟ ئەوە بوو ژێرزەمینە ئەفسوناوییە قوڵەکە!؟ جا سۆندە چییە خۆ کێبڵ و دارو تێڵا هەر نییە؟

## کاژێرەکەی هەیئەی تازەو یاری محێبس

لێرە هەر کەسێکی تازە بهاتایەتە ژوورەوە زیندانییەکان بۆ گاڵتەو سوعبەت لێیان دەپرسی کاتژمێر چەندە؟ ئەویش دیارە دەیووت: وەڵلا من کاژێرەکەیان لێسەندوم! بۆ ئێوە کاژێرتان پێیە؟ بەمەش جەماعەت دەیاندایە هارەی پێکەنین. پرسیاری دووەمیش ئەوە بوو دەیانپرسی توخوا پەنجا فلست پێیە؟ ئەگەر گیرفانەکانی بگەڕایە، جارێکی دیکە دەیهێنانەوە پێکەنین.

ئەم بەزمە بەبێ شتی سەرسوڕهێنەر تێنەپەڕی! جارێک کابرایەکی پیر هاتبووە ژوورەوە کاژێرەکەی باش شاردبوەوە و سەربازەکان نەیاندۆزیبوەوە! ئەم ڕوداوە بوو بوو بە شتێکی خۆش بۆ خۆمان و ژوورەکانی دراوسێمان کە ژووری ژمارە یەک و ژمارە سێ بوون. ژووری یەک لەدەستە ڕاستەوەبوو ژووری سێیش لەدەستە چەپەوە. هەرکات بیانویستایە بزانن کاژێر چەندە، لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوین کە کاژێر چەند بێت ئەوەندە جار بۆکس بدەین بە دیوارەکاندا. دوایی لەڕێگای ئێشکگرەکانەوە لەسەر ئەوەش ڕێککەوتین کە بۆ نیو کاژێر قوتویەکی بەتاڵی پەنیر بکێشین بە دیوارەکەدا! چونکە دەنگی تەقەکەی جیاواز بوو. ئەوەی ئەم دیمەنەی ئەوەندەی دیکە کاریکاتێری کردبوو کابرایەکی دهۆکی بوو! ئەم کابرایە پیاوێکی قەڵەوی قسەخۆش بوو، بە شێوەیەکی گشتی پیاوی چاک بوو. دەی ووت کە فەرماندەی کەرتی جەیشی شەعبی بوەو یەکێک لە نەفەرەکانی زمانی لێداوە کە گوایە ووتویەتی هەرکات پێشمەرگەتان بینی تەقەی لێمەکەن! یەکەم جار کە هاتە ژوورەوە ووتی: کەس هەیە لێرە بە چوارکەس لە ئەشکەنجە بیهێننەوە؟ ووتیان بۆ؟ ووتی ئەز هۆسامە! بەڕاستی بە پێچەوانەی زۆربەی بادینییەکانی دیکەوە لێدانی زۆر بوو. زۆریان هەر زوو ئیعترافیان کردبو کە پارتین! و لەلایەکی دیکەشەوە پارتی حیزبێکی کۆن و نەریتی بوو، لەلای بەعس ئەو مەترسییەی کۆمەڵەی نەبوو؛ کە وەک تەوژمێکی بەهێزو نوێ و شۆڕشگێڕانە سەری هەڵدابوو. ئەو پیاوە چونکە قەڵەو بوو کە بۆکسی لە دیوارەکەدەدا دەت ووت هەر ئێستە دیوارەکە دەڕوخێت! لەو کاتەدا هەردوو گوپی پڕ دەکرد لەهەواو مەچەکی دەت ووت پیکی کۆنکرێت شکاندنە!

کابرایەکی بەتەمەنی شارەزوورییان بە پاڵ کردە ژوورەوە، هەمان پرسیارە ڕۆتینییەکانیان لێکرد، کەچی کاتێکمان زانی تەزبیحێک و پەنجا فلسییەکی دەرهێنا. ووتمان چۆن لێیان نەسەندویت؟ ووتی: کوڕەکانم من ئەوەندە هەژار نیم، شەرواڵەکەم لەناوەوە گیرفانی دفنی هەیە! کەلێمان پرسی بۆ گیراویت ووتی: بەخوا بەهیوابووم فەوجی جاشم بۆدەربچێت، لە سەید سادقەوە بە نامەیەکەوە ناردمیان بۆ سلێمانی کەچی ئەوەتا لێرە خۆم دەبینمەوە!

ئەو پەنجا فلسییە یارییەکی خۆشی بۆ هێنایە کایەوە، بەشەو چی بکەین و چۆن کاتمان لێبڕوات؟ ئادەی وەرن دوو کەس پەتویەک بگرن؛ یاری مجێبس دەکەین! یاری مجێبس چییە؟ ئەم پرسیارە لەلای من و چەندەهای وەک من سەری هەڵدا، چونکە یەکەمجار بوو ئەو ووشەیە بیبستین و ئەو یارییە ببینین.

زیندانییەکان بوون بە دوو تیپ؛ تیپێکیان پیاوە قەڵەوە دهۆکییەکە سەرپەرشتی دەکردو تیپەکەی تریش کابرایەکی هەولێری. ئەم دوو پیاوە هەردوکیان نەک هەر شارەزای یارییەکە بوون بەڵکو دەت ووت ئەمانە دوکتۆرایان لە دەروونناسیدا هەیە ئەوەندە شارەزای ناو دەرونی مرۆڤ بوون و بە سەیرێکی چاوو دەستی بەرانبەرەکەیان دەیانزانی لە دەستی کێدایە.

پەتووە بۆریان دەدا بەسەر گروپێکمانداو لەژێرەوە هەموو دەستەکان ئاوێزانی یەکتر دەبوون هەتا پەنجا فلسییەکە لەدەستی یەکێکدا دەشارایەوە. دوای ئەوە هەموو بە دەستی نوقاوەوە بەرانبەر یەک دادەنیشتین و کە لە دەستی یەکێکدا دەگیرا دەبوو بە پێکەنین و خۆشی و تا بڵێیت یارییەکی خۆش بوو. هەتا ئەو ماوەیەی کە من لە هەیئەی تازە بووم ، پێش ئەوەی بمبەن بۆ هەیئەی کۆن، هەموو شەوێک ئەم یارییە دەکرا.

## چما شامی شوتییە!؟

دوو برادەری گەرمیانی لێ بوو سەری زمان و بنی زمانیان شامی بوو. ئێستا شامی پێگەیشتووە! بەخوا شامی لای خۆمان بەلەزەتە و لەم قسەو باسانەو منیش لە دڵی خۆمدا دەم ووت: خۆزگە نەمردمایەو یەک جار شامییەکم بخواردایە! نەمدەزانی کە شامی شوتییە!

## بە یەک قاچیش هەر دەڕۆم

لەو سەردەمەدا بۆ وەرگرتنی کەسێک لە ریزی پێشمەرگایەتیدا داوای تەزکییەی رێکخستنەکانی ناو شاریان لێدەکرد. ئەگەر کەسێک تەزکییەی پێنەبوایە دەیان ووت کە گوایە تاقی دەکەنەوە! تاقیکردنەوەش ئەگەر بەم جۆرە بوویێت ئەوا بەداخەوە نەزانانەبووە. نارنجۆکێک بدەیتە دەست مێردمناڵێکی مەشق نەکردوو کە بچێت لە ناوشار فڕێی بداتە ناو ئۆتۆمۆبێلێکی سەربازی یان هەر ئۆتۆمۆبێلێکی دیکەی پیاوانی رژێم و ئەگەر لەوەدا سەرکەوتو بوو ئەوا بە پێشمەرگە وەری دەگرن!

من زۆر جار ئەم نەریتە هەڵەیەم بیستبوو، بەڵام باوەڕم نەدەکردو بە پڕوپاگەندەی دوژمنانم دەزانی. لێرە کوڕێکم بینی کە قاچێکی لەبندا پەڕیبوو. ووتی: نارنجۆکێکم لە گیرفاندا بوو لە ئەسحابە سپی ویستم هەڵی بدەم بۆ ئۆتۆمۆبێلەکەی جەماعەتی موحسین، بەڵام لەکاتی دەرکردنی ئەڵقەکەیدا گیرایە گیرفانەکەم و بەخۆمدا تەقییەوە! ئەم ڕوداوە بووبوە هۆی پەڕینی قاچی ڕاستی.

بینینی ئەو کوڕە ئەگەری ئەو جۆرە تاقیکردنەوەیەی لەلا زیاد کردم، ئەگەرچی بەتەواوی دڵنیا نەبووم کە هەروا بۆ تاقیکردنەوە بووە یان نا!

دەیووت کە لە نەخۆشخانەی فریاگوزاری سلێمانی چارەسەری باشی بۆکراوەو پزیشک و کارمەندانی ئەوێ زۆر یارمەتیان داوە.

ئەم کوڕە زۆر ووریا و بەغیرەت بوو، بە یەک قاچەوەو بەبێ چێوشەق و گۆچان و دار ڕای دەکرد بۆ سەرئاوو دەهاتەوەو پێویستی بە یارمەتی ودەستگرتنی کەس نەبوو! چونکە لەسەر یەک قاچ ڕایدەکرد زۆر تیژڕەو بوو، خەڵک ئیرەیی پێدەبرد. گەر پێیان بوتیایە با بچینە ژێر باڵت، زەردەخەنەیەکی دەگرت و دەی ووت: سوپاس پێویست ناکات!

## کۆرسی دووەمی ژێرزەمینەکە: هەڵواسین بە گون

بۆ جاری دووەم سەرەی ژێرزەمینەکەم هات، ئەمجارە ئەوەندەی یەکەم جار نەدەترسام. بەهەمان شێوەی پێشوو چاوی خۆمان بەست و بردینیانە خوارەوە. ئەمجارە دوای لێکۆڵینەوەیەکی سەرپێیی ڕووتییان کردمەوەو بردمیانە شوێنێک و ووتیان پاڵکەوە.پاڵێکیان پێوە نام و لەسەر پشت پاڵکەوتم یەکێک لە جەلادەکان کێروگونی لەبندا گرتم و کردی یە ناو قوڵفەیەک . لەپڕ حەبلەکە توند بوو توند بوو وەکو یەکێک ڕای بکێشیت ، کار لەوەدا نەوەستاو هێند توند بوو تا بەرز بوومەوەو لە زەوی بڕام و بە کێروگونمدا هەڵواسرام . دیارە ئەگەر هەر گونم بوایە دەپچڕا بەڵام هەردوکیان پێکەوە لە بندا بەهێزترە! فشار لەسەر کێروگونم ئەوەندە زۆر بوو ووتم بەخوا تازە پچڕا حسابم ڕۆیشت . بەشێوەیەکی شێتانە پەلاماری حەبلەکەم دا کە بەردەوام لە توندبوون و هەڵکشاندا بوو ، تووند خۆم پیاهەڵواسی، ئینجا بەدەستلێدان بۆم دەرکەوت کە حەبلەکەو قوڵفەکە چۆنن! قوڵفەکە بریتی بوو لە حەبلێک کە پەڕۆیەکی نەرمی پیادا دروا بوو لەڕووی ناوەوە. یەکێ لە جەلادەکان بەلەقەو بەپۆستاڵەوە کێشای بە دەستمدا تادەستم بەربوو ئیتر بەجۆرێک فشار کەوتە سەر گونم نەم زانی شەوە یان ڕۆژە ، ئەم دنیایە یان ئەوەکەی تر ، لەعەزرەت ئازارو دەردی خۆم بەهەموو هێزم قیڕاندم و هاوارم کرد . ئاخ مردم تازە من مردم ، چونکە بەکوردی هاوارم دەکرد یەکسەر یەکسەر یەکێک لەسەرم حازر بوو بەکوردی ووتی ها ئیعتراف دەکەیت؟ منیش حاڵم لەوەدا نەبوو وەڵامی کەس بدەمەوە لەهاوار بەردەوام بووم و لەپڕ وەکو هار قەپم کرد بە قوڵی ڕاستی خۆمداو خەریک بوو پڕ بەدەمی خۆم گۆشت بپچڕم . کابرای جەللاد بە زرمەی پۆستاڵ بۆ

پشت ملم تێی سرەواندم تا دەمم بەردا . لەپەستا هاواریان دەکرد ! ئیعتیراف بکە ، ئیعتیراف بکە تەزووی کارەبایان دەدا لە ڕان و کۆم و ناو دەمم و زمانم منیش پڕ بە دنیا هاوارم دەکرد . یەکەم جار بوو لەوەتەی گیرابووم یان لەهەموو ژیانمدا ئازاری وا تووند بچێژم.

لەپڕ دوو شت یەکێ چووە ژێر سەرم و یەکێ ژێر هەردوو ڕانم . تۆزێ قورسایی لەسەر حەبلەکە کەم کردەوە بەڵام من هەر هاوارم دەکرد و دەم قیڕاند؛ کاتێکم زانی قاچێک بەپۆستاڵەوە خرایە سەر دەمم و فشاری خستە سەرم تا بێدەنگ بووم . حەبلەکەیان شل کردو شتەکانیان دەرکرد لەژێرمداو نزمیان کردمەوە تا لەئەرزەکەدا کەوتم . بێ هۆش بووم تاپاش ماوەیەک کەنازانم چەندی خایاند و بۆچی جێیانهێشتم یەکێ دەستی دایە قوڵفەکەو هەستم بە ئازار کردەوە ، لەو ماوەیەدا سڕ بوو بوو ئازاری نەمابوو بەڵام کە دەستی دایە زۆری ئازار هات . دەستم کردەوە بەهاوار هاوار ووتی گەوواد دەیکەمەوە . ئیتر دانم بە خۆمدا گرت و تێگەیشتم کە هەتا ئێستا قوڵفەکە نەکراوەتەوەو ئەو حەوانەوەیە کە هەستم پێ کردووە لەئەنجامی لەهۆش خۆچوون وسڕبوونەوە بووە . کە هێنامیانەوە بۆ ژوورەوەو ئەم بەسەر هاتەم گێڕایەوە ، کەس باوەڕی پێ نەکردم ، بەڵکو هەر قەشمەریشیان لێدەهات کەسەیری خۆمم کرد توێخی پشتی کێرم داماڵرابوو بەهەر چوار دەوری گونمدا جێگەی حەبلەکە دابڕابوو جێگەکەی دیاربوو بەڵام ئەوان هەر دەیان ووت جێ ی سۆندەیە ، فشەیە هەڵواسین بەگونی چی! تەنانەت دوای بەربوونیشم کەم کەس باوەڕی دەکرد .

کابرا پیرە شیوعی یەکە لە ئازارەکەم تێدەگەیشت ، ووتی کەچویت بۆئاودەست ئاوی ساردی پێدابکە بۆ گونت باشە . ئەو پیاوە بەشی خۆی دنیا دیدە بوو. دەیووت کە گوایە زمانی ڕوسی دەزانێت و وەرگێڕی ڕوسەکان بووە لە کاتی دروستکردنی سایلۆی سلێمانیدا. پەیمانی ئەوەی پێدابووین کە ئەگەر لەسێدارە نەدراین و زیندانی کراین لە ئەبوغرێب فێری ڕوسیمان بکات!

بەم قسەیەدا بەسەر هاتێکم بیر کەوتەوە ، کەمنداڵ بووم لە پارەزان دەم بینی گونی گیسکیان دەکوتا؛ ئەوکاتە هێشتا ئامێری خەساندنی ئاژەڵ نەگەیشتبووە لای ئێمە ، هەر بۆیە گونی گیسکەکانیان دەخستە نێوان دوو دارو بە مێکوت لێیان دەدا هەتا هەموو دەمارەکانیان دەفلیقاندەوە، گیسکە داماوەکان لەتاو ئازار دەیان قیڕاند و دەیان ناڵاند . ئەم خەساندنە بۆ ئەوەبوو بیر لە سێکس نەکەنەوەو قەڵەو بین ! دوای ئەم کوتانە تا چەند ڕۆژێک  یەکەیەکە گیسکەکانیان لەسەر ئاوی ساردی کانیاوێک ڕیز دەکردو ئاوی ساردیان دەکرد بە گونیاندا هەتا ئاوساوی و سڕی نەمێنێ .

گونی منیش لەم حسابەوە نزیک بوو! ڕاکێشان و فشارو ئازار هەر مێکوت و کوتانەکەی کەم بوو. لەدڵی خۆمدا ووتم تۆ بڵێیت منیش ئیتر بیم بە گیسکی خەساوو سێکسم لەبیر بچێتەوەو قەڵەو بیم! بەوەدا کە گونم سڕ بوو ترسەکەم زیاتر دەبوو، منیش بەردەوام هەرچەندە بۆم بلوایە ئاوی ساردم پێدادەکرد بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت بێمەوە تایمی گیسکەکان!

گونم تا ئەو کاتەی بەربووم هەر سڕ بوو. یەکەم شەوی بەربوونم لە سلێمانی دەمارەکانی گونم جوڵان و لە سڕی ڕزگاری بوو، بەڵام ئازار دەستی پێکرد. ئەو خاوبوونەوە و زیندوبونەوەی دەمارە هێندە بە ئازار بوو نەی هێشت ئەو شەوە یەک چرکە بخەوم. داوای ئاوی سەهۆڵاوم کرد، ئەوان وایان دەزانی بۆ خواردنەوەمە، بەڵام خۆم دەمزانی کوێم دێشێت! بۆ نەگبەتی سەهۆڵ نەمابوو. ئەو شەوە هەر ماخۆلانم بوو تا بەیانی.

کاتێک چومەوە پارەزان ئازاری گونم نەمابوو، بەڵام هیچ ئارەزوو بزاوتێکی سێکسیم نەبوو بۆ ماوەی دوو مانگ. ووتم بەخوا تەواوە مەسەلەی گیسکەکانە! زۆر شتم بە دوکتۆر هەژار دەووت؛ دوکتۆر هەژار هەم دوکتۆرو هەم کۆمەڵەو لە ڕێکخستنیشدا ئەو کاتە لە یەک شانەدا بووین، بەڵام بۆ مەسەلەی گونم نازانم چۆن بوو باسم نەکردبوو. ئەو ڕێنومایی دەکردم چۆن چارەسەری برینەکانی لەشم بکەم و چۆن بە ئیسپرتوو دومەڵەکانی سمتم بەردەوام پاک بکەمەوە، تەنانەت چۆن بتوانم لەلایەنی سایکۆلۆژیشەوە جارێکی دیکە ڕابێمەوەو بتوانم کۆنترۆڵی مێشک و تورەبوونم بکەم. ڕۆژێک نازانم چۆن بوو لەگەڵ مامۆستا جەمالی حاجی موحەمەد قسەو باسمان دەکرد باس هات بە باسداو منیش باسی ئەو نەمانی ئارەزوی سێکسییەم کرد. مامۆستا

جەمال ووتی چۆن؟ بەپێکەنینەوە ووتم بەرێ وەڵڵا بەو جۆرەم کێشە نییە گرنگ ئەوەیە ئارەزوی سیاسیمان هەبێت! من ئەو مەسەلەیەم هێند بەهەند نەگرتبوو گاڵتەم بەو شتانە دەهات و زۆر شانازیم بە خۆڕاگری و هەیئەوە دەکرد! مامۆستا جەمال مەسەلەکەی بە هەند وەرگرت و ووتی نابێت و ناخۆشە زۆر هانیدام کە خۆم ئارەزووە سیکسییەکانم بووروژێنم و بەهەموو شێوەیەک هەوڵ بدەم بەڵکو بکەونەوە گەڕ! دوای ئەوە منیش گرنگی مەسەلەکە تێگەیشتم و هەوڵم دا و سەرکەوتو بووم. بەڵام هەتا ژنم هێناو منداڵمان بوو هەر دەترسام لەو خەساندنەوە تووشی نەزۆکی بووبم و چوبمە ڕیزی گیسکەکان!

کوڕێکی بادینی لێ بوو سات بە سات لەیەک نزیک دەبوینەوە بەهۆی هەستی شۆڕشگێڕانەمانەوە، هەمیشە دڵخۆشی دەدامەوە بەڵام من هەر بە گومان و ترسەوە کەمترین شتم لەلا دەدرکاند. ئەو کوڕە کاتێک بەو حاڵەوە منی بینی ووتی: مرۆڤی شۆڕشڤان دەبێت هۆسا بێت. منیش ڕۆژ بە ڕۆژ ئەوم زیاتر خۆشدەویست؛ لەهەموو کەس زیاتر متمانەم پێی هەبوو.

ڕۆژێک بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕامەوەو ووتی: من ماوەیەکی زۆر لە ناو فیدائییە فەلەستینیەکاندا بووم، بەڵام لەسەر سنوری عێراق- سوریا لەناو دارستانێکدا دەستگیر کرام. کەلەپچەکەم پچڕاندو ڕامکرد بەڵام هەمدیس گرتمیانەوە. بەخودێ بمزانیایە دەمهێنن بۆ ئێرە، خۆم بکوشتایە نەم دەهێشت بگەمە ئەم جەهەننەمە. دەی ووت ئەگەر لێرە ڕزگارمان بوو یەکسەر دێم بۆ ناوچەکانی ئێوە؛ بەڵام دوای ئازاد بوون نەمزانی ئەو شۆڕشڤانە چوو بۆ کوێ.

ڕۆژی دوای من سەرەی ئەم شۆڕشڤانە بوو، کە لە ئەشکەنجە هاتەوە ووتی بەخودێ عەتا ڕاست دەکات، منیشیان بەو دەردە بردو کاتێک خۆم ڕاتڵەکاند پەراسویەکم شکا. ئاها دەستی لێدەدەن. ئیتر جەماعەت کەمێک باوەڕیان کرد. هەمیشە باسی ئەو ئەشکەنجەیەی دەکرد، دەی ووت: ئووف ئووف چەند بە ئازار بوو. ئەم پاڵەوانە دەی ووت لەکاتی لێکۆڵینەوەدا پێیان ووتوم تۆ سندیبادی دەریایت ئەم هەموو ووڵات و ناوچەیە گەڕاویت!

دوای ئەم هەموو ئەشکەنجەو ئازارە گەیشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە مرۆڤ دەتوانێت بەرگەی هەموو جۆرە ئازارو ئەشکەنجە و سەختی و ناڕەحەتیەک بگرێت ئەگەر وورە بەرنەدات و باوەڕو متمانەی بە خۆی و بەو مەسەلەیە هەبێت کەلەسەری ئازار دەچێژێت.

## کۆرسی سێهەمی ژێرزەمینەکە

بۆ جاری سێهەم کە سەرەی ژێرزەمینەکەم هات خەمێکی قورس دایگرتم. دەترسام هەم وەک جاری پێشووم لێبکەنەوە، بەڵام ئەمجارە وا نەبوو. کە ڕوتیان کردمەوە هەردوو دەستم توند گرتبوو بە سەر گەڵوگونمەوە. کابرای جەللاد دوو سێ جار هاواری کرد کورە دەستت لابەرە من خۆم لێکرد بە کەڕەی شەربەت! لەپڕ نازانم چی بوو دایان بەدەستمدا بەڵام ئەوەندە دەزانم زرمە لە دەستمەوە هات و بووە هۆی شکاندنی ئێسکی پشتی دەستم و تا ماوەیەکی زۆر هەر ئازاری دەهات و نەمدەتوانی بەکاری بهێنم. دوای ئەوە خۆی وورده وورده چاک بوو؛ بەڵام چاکبونەکەی چونکە بەبێ دوکتۆرو جەڕاح بوو گرێیەکی لە پشتی دەستی ڕاستمدا بەجێهێشت، کە هەتا ئێستاش هەر بە دەست لێدان هەستی پێدەکرێت.

ئەمجارە تەنها یەک جەللاد بەلامەوە ڕاوەستابوو. دیار بوو لە شوێنێکی دیکەوە ئاراستە دەکرا بۆ لێدانی من و بە بڵندگۆ گوێم لە پرسیارەکانیان دەبوو کە لە بەرزییەکەوە دەنگیان دەدایەوە. لەسەر ئامۆژگاری جەماعەت ئەمجارە بە هەق و بە ناهەق هەر هاوارم دەکرد، ئەگەرچی لێدانەکە بەبەرانبەر کردن لەگەڵ ئەوەدا کە لەوەپێش چەشتبووم ئەوە نەبوو. ئەمجارە بچوکترین لێدان و بزوتن دەیخستمە بۆڕەو هاوار. نازانم بە ڕێکەوت بوو چی سەری سۆندەکە بەر تەوقی سەرم کەوت، دەستم کرد بە هاوارو قیژە ئای سەرم سەرم شکا! گوێم لێبوو لە بڵندگۆکانەوە بە جەللادەکەیان ووت: وا نابێت ئەبو ... (تەڕەماش) ئەویش ووتی کوا لەسەرم داویت هەی

گەواد، وەڵڵا دەبێت بتکوژم. ئیتر لەسەر ئەو شکاتەی کە لێم کرد دوو ئەوەندەی جاران بە ڕقەوە لێی دەدام! بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لێدانی ئەمڕۆم، لە چاو ڕۆژانی دیکەدا، بە حەوت ئاو شۆرابووەوە.

ئەم جارە بە پێچەوانەی جارانەوە کە قەتارەیان پێبەستینەوە بەرەو ژورەکان، نەیان بردینە ژورەوە و هەر لە ساڵۆنەکەدا دایان نیشاندین. دوای کەمێک سەربازێک هات پرسی کە کەستان هیچتان لە ژورەوە هەیە؟ من یەکسەر ووتم نەخێر و ئەوانەش کە شتومەکیان لە ژورەوە هەبوو بۆیان هێنان. لێرەدا خەم و دڵەڕاوکەیەکی نوێ دەستی پێکرد.

مرۆڤ هەردەم لە نەزانراو دەترسێت، هەر شتێکی بینی ئیتر سامی لێی دەشکێت. یەکێک دەی ووت دەمانبەن بۆ مەنزومەی شئونی شیمال کە یەکێک بوو لە دامودەزگا سەرکوتکەرە هەواڵدۆزییەکانی ڕژێم لە کەرکوک و تایبەت بوو بە کوردستان و یەکێکی دیکە دەی ووت نەخێر دەمانبەن بۆ ئەمنی عامە. جا بۆ هەر کوێیەکمان ببەن خۆیان وەکیل نین! تۆ بڵێیت شوێنی لەمەش خراپتریان هەبێت و تا ئێستا خاتری چاوی ڕەشی ئێمەیان گرتبێت!

بەم جۆرە نیوەڕۆ هات و هەر لە ڕاڕەوەکەدا خواردنیان داینێ. دوای نیوەڕۆ چاویان بەستین و بەشێوەی شەمەنەفەر دەستیان پێگرتین بە شانی یەکتر. لەکاتی ڕۆیشتنندا کوڕێکی هەولێری لەدوای منەوە بوو، دیشداشەیەکی لەبەردا بوو، ڕۆژێک کە لە ئەشکەنجە هێنایانەوە هیچی پێوە دیار نەبوو. هەندێک ووتیان دیارە برا عارەوەکانمان ڕێزی دیشداشەی خزمی خۆیان گرتووە، بەڵام کە پشتی ڕووتکرد کردبوویان بە چیتی سور. ئەو کوڕە نازانم بە چ ئامانج و مەبەستێک بوو بە هەموو هێزی شانی ڕاکێشام، منیش هەتا توانیم دەستم لە شانی ئەوەی بەردەمم گیرکرد بەڵام ئەو لەمن بەهێز تر بوو، دەستم بەربوو. کابرای پاسەوان لەبەرخۆیەوە ووردە گۆرانی دەپچڕی و ئاگای لەم بەزم و ڕەزمە نەبوو، منیش پێم شەرم بوو هاوارم بکەم و بڵێم لەدواوە ڕامدەکێشن! لەخۆمەوە ملمناو ئەوانەی دوامەوە بە دوامەوە بەڵام نەمدەزانی بەرەو کوێ چونکە لە فارگۆنەکانی دیکە دابڕابووم. کاتێکم زانی پاسەوانەکە هاواری لێ هەستا، هەرچەندێکم هەوڵدا کە تێی بگەیەنم کە سوچی من نەبووەو لەدواوە ڕایانکێشاوم ئەو هەر بەشەق و بە لێدان و جنێو ڕایکێشامەوە بۆ لای ئەوانی دیکە.

دوای ئەوە فڕێیاندواینە دوای ئۆتۆمۆبێلێکی پیکاب و بەشوێنێکدا بردینیان کە لە چۆڵ و دەشت دەچوو؛ بێدەنگ و بێ سرپە بوو، نەدەنگی مرۆڤ دەهات و نە گرمەی ئۆتۆمۆبێل دەبیسترا. ئەوەندەمان زانی گەیشتە شوێنێکی دیکە، لێرەدا زوو زوو دەستیان دەنا بەسەرماندا بۆ ئەوەی سەرمان دابنەوێنین و دەیانووت : کاکە خەفتی خەفتی، واتە بخەوە! بۆ ئەوەی سەر بەرزنەکەینەوەو نەبینرێین. وا دیار بوو ئەگەر سەرمان بەرز بکردایەتەوە خەڵک دەیبینین، ئەگینا خۆ ئێمە هەموو چاومان بەسترا بوو هیچمان نەدەبینی ئیتر بەرز بوایە یان نزم.

دایان گرتین و بردینیانە سەر خەرمانێکی دیکەی پشتێن و جامانە، هەندێکمان لەگەڵدا بوو یەکسەر ووتیان ئەرێ وەڵڵا هەیئەی کۆنە؛ ئەمانە یەکی دوو سێ جار ئەم کۆن و نوێیەیان بینی بوو ئەملاو ئەولایان پێکرا بوو.

## هەیئەی کۆن

هەیئەی کۆن بە پێچەوانەی هەیئەی تازەوە لە کۆمەڵێک بینای سەربازی کۆن پێک هاتبوو . خانووەکان نزم ویەک قات وبێ ژێر زەمین بوون و نێوان ژوورەکان و ڕێگەو بان بۆ ئاو دەست سەر بەتاڵ بوو، لێرە تیشکی خۆر دەبینراو ئەگەر بەخت یاوەرت بوایە ڕەنگە جاروبار گوێت لە جریوەی پاسارییەک بوایە. لە سلێمانی ئەو کاتەی کە لە هۆڵی خۆپیشاندەران بووم جارێک لەسەرەی چاوەڕوانی سەرئاودا زۆر حەزم دەکرد سەیری خۆر بکەم، ئەو ئەمنەی لەگەڵمان بوو کوڕێکی گەنج بوو پێم ووت دەتوانم کەمێک سەیری خۆر بکەم؟ ووتی بەڵێ بۆ نا. چومە ئەوبەرەوەو بەرەوخۆرەکە ڕاوەستام، ووتم خۆ متمانە هەیە؟ بە پێکەنین و گاڵتە پێکردنەوە سەیرێکی هاوڕێکەی کردو ووتی بەڵێ ئەیچۆن، ئەگەر متمانە نەبوایە جابی لەتەنیشتی شۆفێرەوە ڕانەدەوەستا! سەیرکردنی خۆر زۆری نەخایاندو کابرا بەپەلە ووتی وەرەوە ئەمبەر ئەوا ئامیر حەزیرەکەم هات. ژوورەکان وەکو هەیئەی تازە پێکەوە نەبوون و بە جامخانەو ساڵۆن نەبەسترابوون بە یەکەوە، بەڵکو هەریەکە

سەربەخۆبوو، بەڵام پاسەوان لە بەردەم هەموو ژوورەکاندا هەبوو؛ لەم بارەیەوە لەهەیئەی تازە زیاتر لە ژیانی هەمەساتەی زیندانییەکان ئاگادار بوون . هەیئەی کۆن ناوی خۆی بەخۆیەوە بوو، دیوارەکانی، ژوورەکانی، شێوازی ئەشکەنجەو پەیوەندییان بە زیندانییەکانەوە، هەر هەموویان کۆن بوون . بەگەیشتنمان بۆ ئەوێ ڕیزیان کردین و چاویان کردینەوە. چاومان بە خەرمانی پێڵاوو پشتێن و جامانەو مشکی هەڵهات ، کە ئەگەر ئێستا کامێرایەکی تەلەفیزیۆنی ئەو خەرمانە یان خەرمانەکەی هەیئەی تازەی نیشانی خەڵک و ڕای گشتی جیهان بدایە ئەوا بێ گومان دەیان ووت ملوێنێک کورد لەوێدا بێ سەرو شوێن کراون . زوو لە کتێبی ((کوردستان وکوردی د. قاسملۆدا)) دەربارەی کوردەکانی کوردستانی باکور خوێندبومەوە کە پشتێنی جورجێتی کورە کوردەکانیان لەبازاڕدا هەراج فرۆشت کردووە دوای کوشتنی خاوەنەکانیان ، بەڵام ئەمان نەیان دەفرۆشتن بەڵکو خەرمانی ترس و تۆقاندنیان لێ دروست دەکردن و هەر زیندانییەک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوێزرایەوە بە تاک یان بە کۆمەڵ دەیان بردنە سەر ئەو خەرمانە و بە شێوەیەکی دیموکراتیانە ڕێگایان دەدا خۆی شتێک هەڵبژێرێ و هەر خۆیشی چاوی خۆی پێببەستێت.

## بۆچی سەعات وپارەو شتی بەنرخیان لە زیندانی یەکان دەسەند و بۆیان هەڵدەگرتن ؟

چونکە بێگومان بە ئەزموون گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەو چەندەها جار بەو پارەو سەعات وزێڕانەی کە پێیان بووەو لەخرکردنەوەیاندا زۆر بووە پاسەوانیان هەڵ خەڵەتاندووە ، سائیتر بۆ هێنانی شتومەک بێت بۆیان یان لاشل کردن و ڕاکردن یان بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی فشاری ئەشکەنجە.
بەڵام جامانەو پشتێن وپێڵاو لەبەر هۆکاری ئەمنییە. چونکە دەکرێت بۆ هۆکاری خنکاندن بەکاریان بهێنن ، چ بۆ پەلاماری پاسەوان و جەللادەکان یان بۆ شەڕی نێوان زیندانییەکان خۆیان، یان بۆ مەبەستی خۆکوشتن.
بەم جۆرە بەعس بووبوە خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی ئەشکەنجەو زیندان و لەناوبردن وسەرنگون کردن کە پێدەچێت لە جیهاندا کەم وێنە بێت. لەم مەیدانەدا بۆڕی هەموو ڕژێمە دیکتاتۆرو داپڵۆسێنەرەکانی دابوەوە، ئەم هەیئەیە یان هەیئانە مشتێکن لە خەرواری هەزاران قوتابخانەی ئەشکەنجەو کوشتن وئەتک کردن لەسەران سەری عێراقدا .
وەکو زیندانییە کەرکوکییەکان باسیان دەکرد و، پێشتر لە نامیلکەی کۆمەڵەدا باسکرا بوو، هەیئە وا لە ناوەڕاستی فەیلەقداو هەیئەی کۆن وتازە لەناو هەمان سەربازگەی گەورەداو لەمەسافەیەکی یەک چارەکە سەعات دان.
جارو بار گرمەی هەلی کۆپتەرێک دەهات، زیندانییە کۆنەکان دەیان ووت ئەرێ وەڵڵا لیژنەی دادگا هاتن. زیندانییەکان کەس پێینەوتبوون، خۆیان بەئەزموون و مانەوەی خۆیان بۆیان دەرکەوتبوو کە لیژنەی دادگا لەبەغدادەوە بە هەلیکۆپتەرێکی تایبەتی سەربازی دێت و هەر بەو جۆرەش بوو، هەر ڕۆژێک ئەو کۆپتەرە بهاتایە کۆمەڵێک زیندانی لەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان کۆتایی پێهاتبوو ڕاپێچی ئەو دادگایە دەکران. ئەو دادگایە نمونەی بەرچاوی دیموکراسیتی بەعس وتێڕوانینی بەعس بوو بۆ مافی مرۆڤ کە ئەو ڕژێمە لەکانگای دڵیەوە دایڕشتبوو هەمیشە شانازی پێوە دەکرد.

## ئاخ بۆ ئاودەستێکی نیو سەعاتی

مرۆڤ لەژیانی ڕۆژانەیدا خۆزگە بۆ گەلێ شت دەخوازێت. هەندێک جار خۆزگەکانی دێنە دی و هەندێک جاری دیکەش خۆزگەکانی لەسەرو ویستی خۆیەوەتی، بەڵام مرۆڤ لەژیانی ئاسایی دا هەرگیزاو هەرگیز بە بیریدا نایەت کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دانیشتنی لەسەرئاو بەئارەزوی خۆی یان بەنیوە ئارەزوی خۆی ببێتە خۆزگە!

لێره چوون بۆ ئاودەست بەدەست ئێشکگرەکان نەبوو وەکو هەیئەی تازە ، بەڵکو ئاودەستەکە لەدەرەوەی خانووەکان بوو (واته لەحەوشەکەدا بوو ) تاڕادەیەک له ئێمەوه دوور بوو .

دەرگایان دەکردەوەو شەش شەش و حەوت حەوت دەیان کردینه دەرەوە، دەبوایه ڕامان بکردایه یەک به دوای یەکدا تا بەردەمی ئاودەستەکە. لەوێش جارێکی تر به ڕیز لەسەرەدا ڕادەوەستاین و نەدەبوو به هیچ جۆرێک سەیری سەرەوەو ئەملاو ئەولا بکەین. یان خوا نەخواسته یەکێک سەیری سەرو چاوی دزێوی پاسەوانەکە بکات! هەر زیندانییەک تازه بهاتایه زیندانییه کۆنەکان به ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانی ئەم هاوڕێ نوێیەیان ڕێنوێنی بکەن چۆن دەچێت بۆ سەرئاوو چۆن دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی تووشی تێهەڵدانی زیادەو لاوەکی و سەره مقەست نەبێت لەلایەن پاسەوانەکانەوە.

ئەو کەسەی سەرەی بەردەکەوت و دەچووە ژوورەوە ماوەی چەند چرکەیەکی بۆ دادەنرا که لەوێ بمێنێتەوە؛ ئەم ماوەیە هەندێک جار به گوێرەی مەزاجی پاسەوانەکە کەم و زیادێکی کەمی تێدا دەکرا! زیندانییه کۆنەکان دەیانووت کاتێک چویته سەرئاو یەکسەر ئاو بەرنەدەیتەوە چونکە هەر که پاسەوانەکە گوێی له خوڕەی ئاو بوو دەڵێت دەرچۆ، خۆ ئەگەر دووبارەی بکاتەوە ئەوە که هاتیته دەرەوە به سۆندە شین و مۆرت دەکاتەوە و به خزمەتیش حساب ناکرێت!

هەر زیندانییەک له ئاودەست دەگەڕایەوە خێراو بەپەلەپڕوزێ له سۆندەیەک دەستی دەشوشت. سۆندەکە ئاوێکی ساردی پاکی پێدادەهات. دوای ئەوە دەچوو لەسەر ئەو هێڵەی که دیاریکراوە چیچکەی دەکردو لوتی دەژەنییه زەوی و نەدەبوا به میلیمەتر لێی لابدات. هەرکاتێک ئەو گروپە هەمووی دەگەڕانەوە فەرمانی دەفەرمووو هەستن و دەیکردنه ژوورەوەو گروپێکی دیکەی دەردەکرد به هەمان شێوە.

زیندانییه کۆنەکان ئامۆژگارییان کردم که ئەگەر پاسەوانەکان پرسیاریان لێکردیت لەسەر چی گیراویت بڵێ تاوانێکی سیاسی بچوکم دراوەته پاڵ. ئەوان زیاتر ڕقیان له پێشمەرگەو چەکدارو ئیغتیالاتی ناو شارەو زۆر لێیان دەترسن چونکە ڕاستەوخۆ مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە. منیش هەر وەهام کرد و باشبوو ئەمجاره بێ هەلامەت دەرچوم.

زیندانییه کۆنەکان هەوڵیان دەدا یەکێک لەخۆیان ببێت به یەکەم کەسی سەر هێڵەکەو ئەو کێشەیه نەکەن به توشی نەفەره نوێکانەوە. بەڵام جارێک له گەڕانەوەدا پاسەوانەکە هاتبوو به مێشکی پوچیداو بەشی یەکەمی گروپەکەی کردبووه ژوورەوەو من بووم به یەکەم کەسی ئەوانی دیکە. گەیشتمه سەر هێڵەکەو چیچکەم کرد، بەڵام زیاد له پێویست دەترسام و گوێم هەڵخستبوو بۆ بچوکترین دەنگ و سرکە. دەترسام فەرمانی هەستان بدات و ئاگام لێنەبێت یان فریا نەکەوم یەکسەر هەستم و بێته ویژەم. ئەوەندە گوێ قوڵاخی ئەو فەرمانه بووم که به ئێشکگرەکانی ووت: یاڵلا غەسیل وام زانی دەڵێت یاڵلا هەستە!

به ناخێری گیانم هەستام و بەرەو دەرگاکە هەنگاوم نا. کابرای پاسەوان هاواری کرد لەگەڵ تۆم نییه گەواد بەڵام من پەشۆکام و هەر بەرەو دەرگاکە ڕۆیشتم. گەیشتمه قاپییەکەو دەستم دایه کێلونەکانی. کێلونەکان دوو کێلونی گەورە بوون له ڕووی دەرەوە به دەرگاکەوە لەحیم کرابوون و دوو قوفڵی کیلۆییان پێوەبوو. لەو کاتەدا چونکە کاتی چونه سەرئاو بوو، هەر کێلونەکان داخرا بوون و قفڵەکان به کراوەیی لەژێرەوە بوون. ئیتر کابرای پاسەوان وەک سەگی هار گەیشته سەرم و پەلی گرتم و بردمییەوە سەر هێڵەکە. له پەشۆکاوی خۆمدا سەیرێکی پاسەوانەکەشم کرد؛ دەڵێن گۆم تا قوڵ بێت مەلەی خۆشه دیاره سەرپێچیش تا گەورەتر بێت سزاکەی سەختترە. بەمجۆرە تاوانەکەم بوو به دوان و بگرە زیاتریش؛ چونکە تا ئەو کاته ڕۆستەمی زاڵیش نەیوێرابوو سەیری ئەو چڕوچاوه دزێوەی بکات.

لەسەر هێڵەکە چیچکەم کردو پاسەوانیش سەیرێکی سەرتاپای لەشی کردم. قاچ و قولم هەمووی خوێناوی بوو، خوێن به جلەکانمەوە دیار بوو. سەیری پشتی کردم خوێن و قەتماغەی برین له سەر کراسەکەمەوە پەڵه پەڵه دەرچوو بوو. هیچ شوێنێکم له سەروچاوم ساختر نەبوو. هەر بۆیه به سۆندە کەوته لێدانی سەرم. سۆندەکەی وا دەوەشاند هەردوو گوێمی دەگرتەوە. ئەوەندەی پێداکێشا هەتا هەردوو گوێم سور سور بوونەوەو یەکی

ئەوەندەی سەلکە چەوەندەرێکیان لێهات. ئینجا ووتی هەستەو کردینییە ژورەوە. دوایی ئێشکگرەکان ووتیان سەتڵێک ئاوی هێناوەو کێلونەکانی شتووە، چونکە دەستی منی بەرکەوتووە؛ وەکو یەکێک ناوبانگی پیس و چەپەڵی ئەم دراوسێیانەمانی نەبیستبێت!

## دیمەنی ناوەوەی ژوری ژمارە یەکی هەیئەی کۆن

لێرە حەوت ژور هەبوو، یەکێکیان بۆ منداڵ بوو ئەوانی دیکەش بۆ گەورە. کاتێک لە هەیئەی تازە بووین ڕۆژێک منداڵێکیان بە پاڵ فڕێدایە ژورەوە. زیندانییەکان ووتیان: کاکە گیان تۆ بۆ گیراویت؟ ووتی: لەسەر سیاسەت! ئیتر هەمووومان دامانە قاقای پێکەنین. کوڕە واقی وڕمابوو، ووتی بۆ پێدەکەنن چی بووە؟ ووتمان ئاخر خۆ ئێمەش لەسەر حیزی و دزی نەگیراوین، مەبەستمان ئەوەیە: ئەو تاوانە چییە کە لەسەری گیراویت؟
ووتی: وەڵڵا برادەرێکمان گیرابوو پێکەوە لە ڕیکخستندا بووین. ئێمەش چوین بۆ فیرقەی سلێمانی هەواڵی بزانیین، کابرای پاسەوان ووتی ناوت چییە؟ منیش ناوی خۆمم پێووت، بەبرادەرەکەمی ووت ئەی تۆ ناوت چییە؟ ئەویش ناوی خۆی پێووت. ئیشارەتێکی هاوڕێکەی کردو بە دووپەنجە لەسەر قۆڵی وێنەی دوو هێڵی کێشا؛ واتە ئەوا من بەهۆی ئەم دوو میوانە تازەیەوە بووم بە نائیب عەریف! ئیتر لەو ساتەوە ئێمەشیان کردە ژورەوە، یەکسەر زانیمان کە هاوڕێ دڵسۆزەکەمان دەمێکە بوو چاکەو پیاوەتی ئێمەی بۆ باس کردبوون. لێرە لە هەیئەی کۆن شوێنی ئەو جۆرە منداڵانە جیا بوو.
کە دابەش کراین من بەر ژوری ژمارە یەک کەوتم. دوای بەخێرهێنان پرسیارە کلاسیکییەکان هەمووی دووبارە بوونەوە. لەم ژورەدا کابرایەکی قەڵادزێی لێبوو یەکسەر قسەکانی لەدەم قۆزتمەوەو ووتی: هیچ نییە خەمت نەبێت، قەزییەی ئەتۆش هەر وەک من ئاسانە. ووتم تۆ بۆ گیراویت؟ ووتی وەڵڵا یانزدە کڵاشینکۆفم پێگیراوەو یانزدە مانگی ڕەبەقیشە لەم ژورەدام! کەس ناپرسێت ئەرێ کابرا ئەتۆ کوێندەریت. ئەم پیاوە کۆنترین زیندانی بوو لەو ژورەدا، پیاوێکی باش و قسەخۆش و ڕوخۆش بوو، بوو بوو بە ڕیش سپی ژورەکەو هەموو کەس گوێی لە قسەکانی دەگرت و لە قسەی دەرنەدەچون؛ لەو کێشانەدا کە پەیوەندی بە ڕێکخستنی ژیانی ناوەوەی ژورەکەو پاک و خاوێنی و خواردن و خەوتنی زیندانییەکان و شەڕو هەراوە بوو. هەموان گاڵتەو سوعبەتیان لێ قبوڵدەکرد. شوێنی ئەم پیاوە بە حوکمی ئەوەی کە کۆنترین زیندانی بوو لە ژورەکەدا لەسەری سەرەوە بوو، کەس بەسەریدا هاتوچۆی نەدەکرد. لەزیندان ڕوسم وابوو کەسی نوێ لای سەتڵی میزەکەوە دەستپێدەکردو تا زیاتر بمایایەوە بەرەو سەر هەڵدەکشا. ئەو کەسانەش کە دەگەیشتنە سەرەوە یان دەبران بۆ دادگا، یان بۆ شوێنی دیکەو جێگایان چۆڵدەکرد بۆ کەسانی نوێ. مەگەر لە بارێکی وەک ئەم کابرا قەڵادزێیەدا کە ئەوەندە مابوەوە. ئەویش دەیووت گوایە واسیتەم هەیەو لە هەوڵدان ئەو چەکانە بکەن بە موڵکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هەر ئەو واسیتەیەش منی لێرە ڕاگرتووە بێ لێکۆڵینەوەو دادگا. ئیتر نازانم وابوو یان نا.
لەکاتی چونە سەرئاوو گەڕانەوەدا پاسەوانەکان هەرجارە بە یەکێکیان ڕادەبوارد. قسەی سوکیان پێدەووت و نوکە شەقیان تێهەڵدەدا. کابرای قەڵادزێی دەیووت: بەخودای هەر ئەو لەدایەو بابەی منی دەبردو منیش نەمدەزانی دەڵێت چی و دەمووت: نەحم! من هەر ئەوەندە حارەبی دەزانم چی بکەم، ئەویش زیاتری لێدەدام. ئەمڕۆ زانیم ئەگەر بێدەنگ بم باشترەو ئیتر لێمنادەن و وازم لێدەهێنن؛ ئاخر کە دەمووت نەحم ئەو وای دەزانی بە هیچی نازانم بۆیە تورە دەبوو.
لێرەش کاروانی ئەسپێ لە ژماردن نەدەهات. لەو ماوەیەدا کە من لەوێ بووم یەکجار ووتیان هەموو شتەکان بکەنە دەرەوە، هیچی تیا مەهێڵن نە بەتانی و نە هیچ ئێمەش چۆڵمان کرد. ئینجا لە بۆشایی سەردەرگاکەوە سۆندەیەکیان کردە ژوورەوە، ئەو سۆندە هەمان سۆندە بوو کە ڕۆژانە دەستمان لەبەردا دەشت. هەندێ سابونی ڕەقییان داینێ و هەموو کەوتنە خۆشتن و ژورە بۆر بوو بە گەرماوی گەل! من و یەک دوانێکی دیکە نەبێت کە بریندار بووین و بە کەڵکی خۆشتن و خۆتەڕکردن نەدەهاتین؛ یان ئەوکاتە وامان بیردەکردەوە و هەر ئەوەندە لەو مەسەلەیە حاڵی بووبووین.

ڕۆژی دوای ئەم گەرماوە هاوینەیە پاسەوانەکان بە ئێشکگرەکانیان ووتبوو خۆ ئێوە دوێنێ خۆتان شت ئەو بۆگەنە چییە لە ژورەکەتان دێت. ئەوانیش ووتبویان نەخۆش و بریندارى تێدایە نەیان توانیوە خۆیان بشۆن.
لای ئێوارەی هەمان ڕۆژ ووتیان دوکتۆر دێت. بەخوا چاکە خوا ناردی؛ ئەی چۆن دوکتۆری پیشەیەکی مرۆڤدۆستانەیە ئیتر لەهەر کوێ بێت! ئەو چارەسەرمان دەکات قابیلە ئەویش هەر جەللاد بێت!

## دوکتۆر جەللاد

کابرای دوکتۆر گەیشت. دەرگای ژورەکەیان کردەوەو لە دەرەوەو لە دورەوە سەیرێکی ژورەکەی کرد و ئێمەش هەموو سەیرمان کرد؛ ئاخر کەس نەیووتبوو سەیری مەکەن. کابرایەکی باڵا بەرزی بەخۆوە بوو بوو، قاتێکی سەفاری لەبەردا بوو. ووتی ها چۆنن؟ جەماعەتیش لەژێر لێوەوە بۆڵە بۆڵێکیان لێوە هات کە بریتی بوو لە ووشەکانی سوپاس باشین، بەڵام بە کوتوپچڕی و تێکەڵ و پێکەڵی. یەکەم کەس کە خۆی ناساند وەک نەخۆش کابرایەک بوو ملی خڕ بوو بوو. لەوەڵامدا دوکتۆر جەللاد ووتی ئەوە زۆر پێکەنیویت، لەمەولا کەم پێبکەنە چاک دەبیت! کوڕێکی دیکە بە ناوی (ر) [ لەبەر چەند هۆیەک حەز ناکەم ناوی ببەم] پشتی خۆی نیشاندا، دوکتۆر ووتی ئیعتراف بکە چارەسەرت دەدەمێ. ووتی ئیعترافم کردووە، پاسەوانەکە لەولاوە ووتی ڕاستە ئیعترافی کردووە. ئیتر دوو جۆر حەبی بۆ نوسی، پاسەوانەکە سێ ژەمە دوای نان خواردن بانگی ناوەکەی دەکرد و لەسەر دەرگاکەوە دەنکێکی دەدایە دەستی. خۆ ئەگەر پاسەوانەکەش لەبیری نەبوایە خۆی داوای دەکردو دەیاندایە. هەندێک ووتیان تۆ بۆ پێی ناڵێیت بۆ برینەکانت ووتم بەخوا وادیارە شمولی من ناکات!
ئەم ژورە تا ڕادەیەک گەورە بوو، لە پشتەوە تاقێکی تێدا بوو؛ بەوەدا دیار بوو دیوارەکانی لەبەرد دروستکرابوون و پان بوون. دیوارەکان یادگاری و نوسراوێکی زۆری پێوە بوو. دەیان ووت ئەم ژورانە لەسەردەمی شێخ شەهاب و هاوڕێکانیەوە هەر مەنزڵگای شۆڕشگێڕانن. هەر کات بێتاقەت دەبووم و نەمدەزانی چی بکەم دەستم دەکرد بە خوێندنەوەی ئەو نوسراوانە. لەپڕ ناوی تۆفیقی شێخ سمایلی چنارەی پارەزانم بەرچاو کەوت کە بەناوی تۆفیق ئیسماعیل ساڵح پارەزانییەوە نوسیبووی.
هەر لەم ژورەدا لەگەڵ شێخ جەمال محمد ئەمین حاجی مامەندی یەکترمان ناسی. بەر لە گیرانم لە شێخ ساڵحم بیستبوو کە شێخ جەمال گیراوە، بەڵام ڕوو بەڕوو نەمدەناسی. شێخ جەمال بە ناسینی من زۆر دڵشاد بوو؛ لەلایەکەوە لەناو ئەو دۆزەخەدا وەک دوو خزم یەکمان گرتەوەو لەلایەکی دیکەشەوە هەواڵی ماڵ و منداڵم پێگەیاند کە باشن و هەر خەمی ئەویانە ئەگینا کێشەی دیکەیان نییە.
ئەوان سەر بە ڕێکخراوێکی کۆمەڵە بوون لە سلێمانی و زۆربەیان گیرابوون. خۆیان دەیان ووت کە هەموو لێپرسراوەکان ئیعترافیان لەسەر ئەوانەی خوار خۆیان کردووە، کە شێخ جەمالیش یەکێک بوو لەوانەی خوارەوە، لەگەڵ چەند وەستایەکی دیکەدا؛ شێخ جەمال وەستای کاشی بوو هاوڕێکانیشی وەستای شیش بەستن و کاری بیناسازی بوون. وەک خۆیان باسیان دەکرد هەر لەو زیندانەدا لێپرسراوی ڕێکخراوو کەرت و پۆل و شانەی سەرەکی بە ئیعترافی تەواوەوە پاڵیان لێدابوەوە! من لەگەڵ هەندێکیان قسەم کردو زۆرم پێناخۆش بوو، بەڵام زۆربەیان چەند کەسێکیان تاوانبار دەکرد کە گوایە لە ئاستی لێپرسراویدا بوون بەڵام کەسیان یەکەم شەو تا بەیانی خۆیان ڕانەگرتووە و یەکێک لەو برادەرانە ووتبوی هەر لێم مەدەن ئیتر چیتان دەوێت پێتان دەڵێم! [لە بەر چەند هۆیەک حەز ناکەم ناوی بەرم]

## ئەرێ دەنگو باسی لێبوردن (ئەمنستی) نییە؟

کوڕێکی لێبوو هەموو پێشی سەری ڕوتابوەوە. پیاوە قەڵادزێیەکە ناوی نابوو ئەحمەد سیکۆتۆری! بەناوی ئەو پیاوەوە کە هەر ڕۆژ نا ڕۆژێک لە بەغا بوو لە کاتی جەنگی عێراق-ئێراندا بۆ مەبەستی ناوبژی؛ دەیووت لەو دەکات.

ئەم کوڕە لە ئیستخباراتی گشتی بەغاوە بە پڕوپاگەندەیەکەوە هاتبوو، دەیووت بە درۆ خۆم بوراندبوەوە گوێم لێبوو ئەفسەرەکان دەیان ووت: ئەم سەگبابە شانسی هەیە، لەم کاتەدا گیراوە کە لێبوردن دەردەچێت. منیش قسەی کابرای تورکمانم بۆ گێڕانەوە کە لە سلێمانی دەیووت حکومەت بەزەیی هەیە. ئیتر بووم بە پاڵپشتی ئەحمەد سیکۆتۆری .

ئەو ڕۆژەی کە هەردوو گوێمیان بە سۆندە کرد بە چەوەندەری پاککراو، شەقیکیشیان لە ئەحمەد سیکۆتۆری هەڵدا بوو. کابرای قەلادزێی دەیووت: بە گوێچکەی سورەوەبووی حەتاو بە قوونی ئەعمەد سیکۆتۆریدا دەزانم حەفوات دەردەچێت! کورە حەفوات و مەفواتی چی بەخودای ئەمە جێگەمانە.

زۆربەی جار کە لە سەرئاو دەگەڕاینەوە باسی نەرمی و ڕەقی هەڵوێستی پاسەوانەکانیان دەکردو تێبینی بچوکترین گۆڕانکاریمان دەکرد. پاسەوانەکانیش دەرکیان بەوە کردبوو کە سرتە سرت و شتێک هەیە و لە پلان و تەڵە دەترسان بۆ سەرخۆیان؛ هەر بۆیە بە بێدەنگ زۆر جار لە سەر دەرگاکەوە سەیریان دەکردو گوێیان دەگرت و پرسیاریان دەکرد دەڵێن چی و ناڵێن چی؟ جارێک هەموو کە هاتنەوە ووتیان شێوازی پاسەوانەکان گۆڕاوەو نەرم بوون و زۆربەی ئەوانەی لە ژورەکەدا بوون لەدەوری یەک خڕ بووبوونەوەو شیکردنەوەی جۆراوجۆریان لەسەر دەکرد؛ کاتێکمان زانی چاومان بە چاوی پاسەوانەکە کەوت کە لەسەر دەرگاکەوە سەیری ئەو کوڕەی دەکرد.

## سورەو ترس و تۆقاندن

لە هەیئەی کۆن باس باسی سورە بوو. دەیانووت جەللادێکی پیسە. ووتم خەڵکی سوریایە ووتیان نەخێر هەر ڕەنگی سورە! دەیانووت زەلام نییە لە دەستی دەربچێت بەخوا ئیعتراف بە دێو دەکات. هەرچەندە گەلێک شتی خراپم بینیبوو، بەڵام هەر لە نەزانراوو نەبینراو دەترسام. لەلایەکی دیکەشەوە دڵخۆشی خۆمم دەدایەوەو دەمووت: لەتوپەتیشم بکەن هەر ئەو قسانە دەکەمەوە؛ ئەوەندەم ووتبونەوە و لەناو زیندانییەکانیشدا هەر ئەوانەم دووپات دەکردەوە، خەریک بوو خۆیشم باوەڕم بە قسە هەڵبەستراوەکانی خۆم دەکرد!

## کۆرسی یەکەمی ئەشکەنجە لە هەیئەی کۆن

کات بەیانی بوو دەستیان کرد بە ناو خوێندنەوە. هەر کە گوێم لە ناوی خۆم بوو یەکسەر هەستامە سەرپێ و وەڵامم دایەوە. گوێم لێبوو یەکێک لە زیندانییەکان ووتی کەمێک ئاو بخۆرەوە. یەکێکی دیکە نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات دۆلکەیەک ئاوی ساردی دایە دەستم و خواردمەوە. دەرگا کرایەوەو یەکە یەکە نێچیرەکانی ئەو ڕۆژە لە ژورەکانیان دەرکران و بەرەو کوشتارگا بەڕێیان کردن.

پەلیان گرتم و بردمیانە سەر خەرمانی پشتێن و جامانە، کابرای پاسەوان ووتی ئیعتراف بکە باشە، ووتم باشە. ئیتر پەلکێشیان کردم بۆ شوێنێک لە ژور نەدەچوو. دایان نیشاندم گوێم لێبوو ئەشکەنجەیەکی باشی کەسێکی دیکەیاندا. دوای هەندێک پرسیارو لێدان کابرا کەوتە هاوار و فریاد، منیش بە چاوی بەستراوەوە گوێم گرتبوو، هەر چرکەیەکم بە ساڵێک لێدەڕۆیشت. ناخۆشترین هەڵوێست گوێگرتنە لە هاوارو ناڵەی کەسانی دیکە، لە دڵی خۆمدا دەمووت خۆزگە ساتێک زووتر دەهاتنە وێزەم و گوێم لەم دەنگە نەدەبوو. ئەوانیش زۆر باش شارەزای دڵ و دەرونی ئێمە بوون و دەیانزانی ئەشکەنجەی خۆت بدرێت خۆشترە لەوەی بە چاوی بەستراوەوە گوێ لە هاوار هاواری کەسانی دیکە بگریت. ئەم کارەیان بۆ وورە ڕوخاندن و تێکشکاندنی هەستی خۆڕاگری ڕێکخستبوو.

کە لە ئەشەکنجەدانی ئەو بێتاقەت بوون پەلی منیان گرت و بردمیانە پێشەوە، یەکسەر کابرای ئەفسەر ووتی: ئیعتراف دەکەیت یان وەک ئەو کابرایەت لێبکەین؟ من هەر هەمان قەوانی خۆم دوبارە کردەوە. بۆیە یەکسەر بە توڕەیی ووتی خۆت ڕوتبکەرەوە. منیش ناچار خۆم ڕوت و قوت کردەوەو بە سۆندە کەوتنە لێدانم. دوای ئەوە

کەمێک بێدەنگ بوون و ئاگام لە دەوروبەرم نەمابوو ، کەسی لێیە یان نا، لەپڕ زللەیەکیان دا لە پەناگوێم زەمهەریرم بە چاوی خۆم بینی! ئەو زللەیە بەتەواوی کاسی کردم و هەتا دوای بەربونیشم بە دوو سێ مانگ هەر کە لوتم بگرتایە وام هەست دەکرد هەوا لە گوێم دەردەچێت و دەستم لە گوێچکەم داشتبوو ووتم تازە کەڕ بووم؛ بەڵام پێچەوانەکەی سەلماو خۆی چاک بوو. دوکتۆر Gordon Barclay MA MB BChir LRCP FRCS BSc لە ڕاپۆرتەکەیدا باسی کردووە (دواتر دەگەڕێمەوە سەری)

دوای ئەوە پاڵێکیان پێوەنام و هەردوو قاچیان بەرزکردمەوەو کردیانە ناو فەلاقەو دەستیان کرد بە فەلاقە کردنی هەردوو بنی پێم. لەکاتی فەلاقە کردندا یەکێک لە جەللادەکان شتێکی دەکێشا بە گون و لاڕانەکانمدا. دیارە گیان لە شوێنێکی سەختدایە، وەک پێشینیان دەڵێن، یان مرۆڤی خاوەن باوەڕ و ووره لە هەموو مادەو کانزاو بەردێک ڕەقترو جیڕترو خۆڕاگرترە.

دوای ئەوە هەڵیانساندم و پەلیان گرتم و جلەکانیان دایە دەستم و بردمیانەوە بەردەمی ژورەکەی خۆم و ووتی چاوت بکەرەوە. چاوم کردەوەو ووتم جلەکانم لەبەر بکەمەوە؟ بە پێکەنین و گاڵتە پێکردنەوە ووتی: نەخێر، دەبێت هەر ئاوا بەم شێوەیە بچیتەوە ژورەوە. ئەمەش هەر بۆ دەرون شکاندن و تەریق کردنەوە بوو، بە حسابی ئەوان لەلای زیندانییەکان! بەڵام من بە ئاسایی وەرمگرت و لە ڕقی ئەو کە بە ڕوتی چومە ژورەوە تۆزێک خۆم بادا وەکو سەما بکەم و جەماعەت پێیان خۆش بوو کە خۆڕاگر بووم و بزەی خۆشی لەسەر لێوی زۆریان بوو.

شێخ جەمال لە لایەکەوە شانازی بەوەوە دەکرد کە خزمەکەی خۆڕاگرەو لەلایەکی دیکەشەوە خەمی بوو، ووتی بەمە هەڵمەخەڵەتێ ئەمجارە بێتەوە خراپترت لێدەکەن، ئەوە سورە لێرە نەبوو، ئەو سەگبابە شوکور ئیجازەیە، ئەگینا بەخوا واز ناهێنێت تا ئیعتراف نەکەیت.

## کۆرسی دووەمی ئەشکەنجە

بۆ جاری دووەم بەیانی زوو ناویان خوێندمەوە. کە گوێم لە ناوی خۆم بوو لێوم ووشک بوو، لێدانی دڵم بە جۆرێک زیادی کرد بەتەواوی گوێم لە ترپەترپی دڵم بوو. وەڵامی بانگ کردنەکەم دایەوە، یەکێک لە زیندانییەکان ووتی چۆڕێ ئاوی بدەنێ ، خێرا دوو کەس پەلاماری دۆلکەی ئاوەکەیاندا، یەکەمیان فریاکەوت ئاوەکەی دایە دەستم و خواردمەوە؛ ئەمە نەریتێکی هەمیشەیی بوو لەزیندان هەرکەسێ بانگ بکرایە ئاوی دەدرایە لەلایەن هاورێکانیەوە. هەموو ڕۆژێک دوو سەتڵ ئاوی پاک و نیو قاڵب سەهۆڵیان دەداینێ. ئێشکگرەکان سەهۆڵەکەیان دەشکاند. هەندێکیان لێ دەکردە سەتڵێکیان و ئەوەکەی تریشیان لە پارچە گونیەیەکی گوشەوە دەپێچا. سەتڵی دووەم دەستی لێ نەدەدرا و بۆ ئاوی یەدەک دادەنرا. دوو دۆلکەمان هەبوو یەکێکیان لەناو سەهۆڵاوەکەدا بوو ئەوی تریان لەسەر سەرقاپی سەتڵەکە دادەنرا. بە دۆلکەی ناو سەتڵەکە نەدەبوایە بەهیچ جۆرێک ئاو بخۆینەوە و دەبوایە بەو دۆلکەیە تەنها ئاو دەربهێنی و بیکەیتە دۆلکەکەی ترو بەم دۆلکەیەی دەرەوە ئاوەکە بخۆیتەوە. لەسوچێکی تری ژوورەکەدا دوو سەتڵ هەبوو یەکێکیان گەورە بوو بۆ میزو ئەوی دیکەشیان بچوک بوو بۆ پیسایی، بەڵام لەباری ئاسایی دا نەدەبوایە کەس سەتڵی دووەم بەکاربهێنێت. ئەگەر کەسێک سکی بچوایە و داوای چونە دەرەوەی بکردایە جاری وا هەبوو پاسەوانەکە ڕێگای دەداو جاری وایش هەبوو ڕێی نەدەدا. ئەو جارانەی کە ڕێی نەدەدا بۆی هەبوو سەتڵی دووەم واتە سەتڵە بچوکەکە بەکار بهێنێت. دوو زیندانی بەتانیەکیان بۆ دەکرد بە پەردەو ئەو سوچەیان لە چاوی زیندانیەکانی دیکە دادەبڕی، ئەو لێقەوماوەش لەسەر سەتڵەکە دادەنیشت. دوای ئەوە پارچە پەڕۆیەکیان تەڕ دەکردو سەری سەتڵەکەیان پێدەبەست، بۆ ئەوەی بۆن زۆر بڵاو نەبێتەوە. ئەم ڕێ وشوێنە پاکژی و تەندروستیانە هەمووی زیندانییەکان بە سەلیقەو ئەزمونی خۆیان گرتبویانە بەر. کەس لەدەرەوە چاودێری ئەم کارانەی نەدەکرد، بەڵکو زیندانیەکان خۆیان بەڕاستی زۆر بەتەنگ پاک و خاوێنی و تەندروستی خۆیانەوە بوون. ئەگەر کەسێک هەڵەیەکی بکردایە یان سەرپێچی خاڵێکی پاکژی بکردایە هەمووان سەرزەنشتیان دەکردو ئەویش تەریق دەبوەوەو داوای لێ بوردنی دەکرد.

به ئاوی سەتڵی دووەم تەنها دوو کەس بۆیان هەبوو دەستیان بشۆن، ئەوانیش دەستیان دەخستە ناو شتەکان و خواردنەکەیان دابەش دەکرد بۆ هەموان؛ یان بە یەکسانی یان برینداروو لاوازو ماندووەکان زیاتریان دەدرایە، بەتایبەتی گۆشت. هەندێک جار کاتژمێر نزیکەی ١٠ ی سەرلەبەیانی هەروەکو تەعینی سوپا کەمێ میوەو پەنیرو سەمون دەهات، بەڵام ئەوەندە کەم بوو هەندێ جار دابەش نەدەکراو دەدرا تەنها بە برینداروو لاوازەکان. ئەمە فەرمانی پاسەوانەکان نەبوو بەڵکو ڕێوڕەسمی هێژایانەی ئەو بەڕێزانە بوو کە بەڕاستی تێگەیشتبوون بۆچی لەوێدا یەخسیر کراون. زۆر جار ئێواران پاسەوانەکان ماسییان سور دەکردەوە، ئەگەر مەزاجیان باش بوایە بەڕیز بەشی هەموو ژوورەکانیان دەدا، زۆر خۆش وبەتام ونەخت بوو. ئەمە هەر بڕیاری پاسەوانەکان خۆیان بوو کەس فەرمانی پێ نەدەدان بیکەن یان نا. نازانم ئایا لەناخی ناوەوەی ئەم جەللادانەش هێشتا تروسکەیەکی ویژدان مابوو جارجار سەری هەڵدەدا یان مەبەستیان بوو تام وچێژی خواردنی دەرەوەی زیندان وەبیرمان بهێننەوەو ئەمەش ببێتە پاڵپێوەنەرێک بۆ ئیعتراف و تەسلیم بوون.

من یەکێ بووم لە هەرە برینداروو لاوازەکان، زۆرم دەخواردو ئەوانیش زۆریان چاو لێم بوو. کوڕێکی لێ بوو ئەویش زۆر بێ تاقەت بوو، برینەکانی هەمووی جەراعەتی کردبوو. ئەم کوڕە ناوی (ڕ) بوو کۆمەڵە بوو کوڕێکی تاڕادەیەک بەخۆوە بوو.دەیان ووت (ڕ) زۆر خۆڕاگرو ئازا بووە لەئەمنی سلێمانی و هەیئەی تازە، بە خوا سورەی سەگباب نەبوایە کوڕ نەبوو ئیعترافی پێ بکات. ئەمە بۆ من مژدەیەکی خۆش نەبوو، بەڵام دڵخۆشی خۆمم دەدایەوە و دەم ووت خۆڕاگری ئەوەیە تا سەر بێت. پیاو لەژێر ئەشکەنجەدا بمرێت باشترە لە ئیعتراف کردن. (ڕ) بۆپاساودانی ئیعترافەکەی ئەوەندەی تر خۆی بوراندبۆوەو خۆی لاواز نیشان دەدا. هەستی بە پەشیمانی و شەرم و تاوان دەکرد بۆ ئەو ئیعترافەی کە بەڕاستی دوای تەحەمول و خۆڕاگریەکی زۆر کردبووی.

عەریفێکی لێ بوو لە چاو پاسەوانەکانی تردا بە ئەهوەن تر ناسرا بوو. کەچوومە دەرەوە پەلی گرتم و بردمی بۆ لای خەرمانی جامانەو پشتێنەکان، بەدەم ڕێگاوە ووتی بابە تۆ بۆ ئیعتراف ناکەیت با ئەوەندەت ئازار نەدەین منیش ووتم سەیدی خۆ من ئیعترافم کردووە. کەمێ تێی ڕوانیم و بێ دەنگ بوو منیش بەترس و سامێکەوە سەیرم کردەوە، کە چاوم بەچاوی کەوت ووتی یاڵڵا خێرا چاوت ببەستە، دوای ئەوە چاوی خۆمم بەست، پەلی گرتم و بردمی بۆ ژوورێک لەوێ دەستیان کرد بە پرسیار کردن منیش بێجگە لە وەڵامەکانی یەکەمجار هیچی ترم ئامادە نەکردبوو ئامادەش نەبووم هیچی لێ بگۆڕم، ووتی باشە ئەی کتێبە بچوکەکەت لە کوێ هێنا ووتم عەرەبی باش تێ ناگەم. یەکسەر کەسێکی بانگ کرد وابزانم هەر زیندانی بوو بۆ وەرگێڕان بانگیان کردبوو. بۆی ڕوون کردمەوە کە مەبەستیان کتێبە بچوکەکەیە کە بەچاپی وورد (مایکرۆ) چاپ کراوە. ووتم من نازانم چی لەزەرفەکەدا بووە، من زەرفێکم وەرگرتووە، ئیتر نازانم چی بچوکەو چی گەورە. ووتی درۆ دەکات بیبەو بیبەستە بەعەمودەکەوە، پەل کێشیان کردم و هێنامیانەوە بۆ بەردەمی ئەو ڕیزە ژوورەی کە ژووری ژمارە یەکی خۆیشم لەو ڕیزەدا بوو.

ووتی خۆت ڕووت بکەرەوە، خۆم ڕووت کردەوە هەردوو دەستی بەرز کردمەوەو لە دواوە لە پشت ستونێکەوە دەستی بەستمەوە بەیەکەوە. ستونەکە ڕاست وڕێک بوو منیش چونکە دەستم لەدواوە بەرز کرابوەوە پشتم چەمابوەوەو سنگم دەرپەڕی بوو. لەسەرەتاوە باش بوو بەڵام وورده وورده پشتم دایە ئازارو لەهەمان کاتدا بەدوو کەس دەستیان کرد بەلێدانم. زۆریان لێدام لەپڕ سۆندەیەک بەر کێرم کەوت زۆری ئازار هات و هەستم کرد کە خوێنی لێ دەتکێ بەڵام نەمدەزانی چی بەسەر هاتووە. دوایی بینیم پارچەیەک لەپێستی کڵاوەکەی پەڕی بوو تاماوەیەکی زۆر ئازاری دەدام و دەلکا بەجلەکانمدا و برین و بزمەتەکەی تازە دەبوەوە بەجۆرێک کەئێستاش جێگاکەی دیارە. دوکتۆر Gordon Barclay MA MB BChir LRCP FRCS BSc یش لە ڕاپۆرتەکەیدا باسی کردووە، بەڵام ئەو باوەڕی بەوە نەکرد کە لەبنەڕەتدا بەلێدان وای لێهاتبێت، بەڵکو لەو باوەڕەدا بوو کە شوێنی برینێکی کون بووبێت و بە لێدانەکە خراپتر بوو بێت! بەڵام نازانم چ برینێک دەگاتە

ئەو شوێنە لێدان نەبێت، دوکتۆریش تیا مابوو، هەر سەری ڕادەوەشاند، بەهەرحاڵ تەنها شتێک کە جێگای گومانی ئەو دوکتۆرە بووبێت لە بەسەرهاتەکانی مندا هۆکاری ئەو برینە بوو.
چونکە دەرپێیەکی کورتی بچوکم لەپێدابوو هەموو جارێک دەلکا پێیداو بزمەتەکەی هەڵدەکەندراو برینەکە تازە دەبوەوە. کابرا قەڵاتزێیەکەش چونکە هەر پیاوی پیاوانەی بە دەرپێی سەرخەرمانەوە بینیبوو دەیووت: حەتا تۆ بە دەرپێ کورتەی کیژۆڵانەوە هاتویت بۆ ئێرە. پێشمەرگەیەکی لێبوو کۆمەڵە بوو وابزانم لە ناوچەی بەمۆ دەستگیر کرابوو، دەرپێیەکی زیادی پێبوو دای بەمن و لە دەرپێ کورتەی کیژۆڵان ڕزگارم بوو.
دوای ئەوە جێیانهێشتم، گوێم لێ بوو ئێشککرەکان قاپیان دەشت جاربەجار لێیان توورە دەبوو دەیووت باش بیشۆن. تیشکی خۆر گەیشتە سەرم، خۆری ڕۆژی ١٢ی تەمووز لە کەرکوک زۆر بەتینە نەخوازەلا بە ڕووت و قووتی و لەدواوە کەلەپچە کرابی بە ستونێکەوە و هەموو گیانت خوێنی لێ بتکێ. مورەغەی پشتم خەریک بوو دەبوو بەدوو کەرتەوە، لەو کاتەدا دنیا خامۆش بوو، لەدوورەوە بەبەردەوامی و بە ئاوازێکی هاوتا تەپەتەپێک دەهات. لەدڵی خۆمدا دەم ووت من باشم ئەو زەلامەیان هەر کوشت، بەخوا گوناهە نوزەشی نایەت! باشە داماوە بۆ بە دوو کەس وازی لێناهێنن! ئیتر هەر لەخۆمەوە ئەو کەسەم زۆر لە خۆم بە مەغدورتر دەزانی! تەپە تەپەکە بە نۆرە بوو، لەوە دەچو بە دوو کەس بە سۆندە کەسێکیان داگرتبێتەوە. چەند ڕۆژێک لەوەدوا بەهۆی ئێشککرەکانەوە بۆم دەرکەوت کە ئەو تەپە تەپە، تەپەی دۆمینەی پاسەوانەکان بوو بوو کە بە نۆرە پولەکانیان بە توندی دەکێشا بە مێزەکەدا!
تەپەی پێی پاسەوانەکان دەستپێکردەوە. هەر تاو نەتاوێک یەکێکیان دەهاتە وێزەم و بە سۆندە بیرازی دەکردم. دەستم کرد بە هاوار هاوارو پاڕانەوە؛ زیندانییە کۆنەکان هەمیشە دەیانووت هاوار بکە هەتا دەتوانیت! بقیژێنە و بپاڕێرەوە بە فشە، ئەمەش لەلایەکەوە بۆ ئەوەی نەڵێن ئەمە زۆر بەهێزەو پێویستی بە لێدان و ئەشکەنجەی بەهێزترەو لەلایەکی دیکەشەوە دەیانووت ئەمانە سەربازن و پێدەچێت هەموویان وەک یەک نەبن، بەڵکو کەمێک کار لە هەندێکیان بکات. ئەو کاتە دوا هەفتەی ڕەمەزان بوو، منیش هاوارم دەکردو دەمووت بۆ خاتری هەردوو جەژنی ڕەمەزان و تەمووز بمکەنەوە پشتم شکا، من هیچ نازانم، ئای خنکام لە تینوان! ئیتر نازانم هیچی لەمەسەلەکە دەگۆڕی یان نا؟ بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەگەر سودیشی نەبووبێت هیچ زیانێکی بە مەسەلەکەی من نەدەگەیاند.
یەکێک لە پاسەوانەکان هاتە پێشەوە، لەو کاتەدا من بۆ ئەوەی کەمێک لە ئازاری پشتم کەم بکەمەوە، ڕوم کردبووە ستونەکەو پشتم کردبووە دەرەوە. پاسەوانەکە سۆندەیەکی کێشا بە سمتمدا و ووتی: ئەگەر ئیعتراف نەکەیت کاری خراپت لەگەڵ دەکەین. من گەلێک جار ئەو هەڕەشە سەخیفەم بیستبوو لە سلێمانی و لەلایەن مەدحەت خۆیشییەوە، بەڵام هەرگیز بە هەڕەشەیەکی جیددیم نەدەزانی. گوێی خۆم لێ کەڕ کرد وام دەزانی ئیتر بێدەنگ دەبێت، بەڵام ئەو زۆر بە جیددی چاوەڕوانی وەڵامی من بوو! کە بۆ جاری دووەم ئەو قسە ناشیرینەی دووبارە کردەوە ووتم: من عەرەبی نازانم. کابرای پاسەوان بەوەش وازینەهێناو چوو ئێشککرەکەی بانگکرد بۆ وەرگێڕان. دەنگی ئێشککرەکەم ناسی کەسێکی زۆر باش بوو هەر لە ژوری خۆمان بوو. بە شەرم و بە ئەسەفێکی زۆرەوە ووتی: دەڵێن ئەگەر ئیعتراف نەکەیت کاری خراپت لەگەڵ دەکەین. من دەمێکە بوو تێگەیشتبوم چی دەڵێت بۆیە یەکسەر ووتم: پێی بڵێ من هیچ نازانم، هەرچیەکیشم لێبکەن هەر هیچ نازانم، ئیتر وازی لێهێنام.
بەمجۆرە مامەوە تا ئێوارە، لای ئێوارە تەپەی پێی دوو کەس هات، خۆم ئامادە کردبوو یەکسەر بە شەق تێمهەڵبدەن و بە سۆندە بێنە وێزەم، هەر وەکو پێشەی هەموو کاتێکیان. بەڵام ئەمان شێوازیان جیاواز بوو. یەکسەر بە پەمپێک دەرمانڕێژیان کردم، چونکە بەهۆی برین و خوێن و گەرماوە بە پوورە مێشم لێنیشتبوو. ئەو پەمپە دەرمانی مێش کوشتن بوو، لەبەر قێزو بێزی خۆیان بۆنی ناخۆشی من لێیاندام. لێیان پرسیم چی دەزانی بیڵێ، ووتم گەورەم مەموو شتێکم ووتووە، هەر لە سلێمانی ووتومە. ووتیان: ئەی هیچی دیکە نازانیت؟ ووتم: نەخێر. ووتیان ئاخر لەمەولا هەموو ڕۆژێک بانگت دەکەین و ئەشکەنجەت دەدەین، ئەوە نەما ناو بەناو

بانگت بکەین، من هەر ووتم بەخوا سەیدی هیچ نازانم! ئینجا پاسەوانەکەیان بانگکرد ووتیان بیکەرەوە. لە ژورەوە ئێشککگرەکان ووتیان ئەوانە کە هاتن قسەیان لەگەڵ کردیت دوو ئەفسەر بوون.
پاسەوانەکە دەستی کردمەوەو جلەکانی دایە دەستم و بە ڕووتی و بەو هەموو خوێنەوە کردمییەوە ژورەوە. یەکێک لە ئێشککگرەکان ووتی: باشە لە بەیانییەوە تۆ خوێن لە کێرت دەڕوات، بۆ خوێنی لێدەڕوات، ووتم جا من چوزانم خۆ چاوم لە خۆم نەبووە. کە سەیری کێرمم کرد پارچەیەکی لێبووبوەوە، وەک پێشتر باسم کرد.
بەمجۆرە بووم بە پاڵەوانی ژوری یەک، هەموویان دەیانووت: بابە وەڵڵا خۆڕاگرە، ئەمە ئیعتراف ناکات. من هەر لەترسی سیخوڕو ئەڵقە لەگوێ کە لەناو ئەو دۆزەخەشدا هەر هەبوون و لە کونی ژورەوە لەگەڵمان یەخسیر کرابوون، نەمدەوێرا لە ژورەوەش لەلای هەموان قسە بکەم و هەر وا خۆم نیشاندەدا کە هیچ نازانم و هیچ نیم و بە ناهەق گیراوم. یەکێک لەولاوە ووتی: بەخوا شانسی هەبوو سورەی لێنەبوو، ئەگینا ئیعترافی پێدەکرد. منیش لەتاو ئازارو لە حەماس و حیرس و لە باوەڕبەخۆبوون و هەستکردن بە شانازییەکی گەورەوە بە خۆڕاگری خۆم؛ ووتم: بەخوا باوکی سورەش لەمە خراپتر ناکات!

## منداڵ و شێتەکان

لە هەیئەی تازە کوڕێکی لێبوو لە ژوری ژمارە دوو، زۆر لە شێت دەچوو. ئەم کوڕە بە تاوانی کوشتنی کاک کمال تۆفیق نادر بەڕێوەبەری شارەوانی سلێمانی گیرابوو. کە دەیانبرد بۆ لێکۆڵینەوە دەیووت من ئاگام لە هیچ نییە، کە دەستیان دەکرد بە لێدانی دەیووت بەڵێ من بووم! زۆریان ئەملاو ئەولا پێکردبوو ئەنجامی نەبوو. تەنانەت کاتێک گومانی شێتییەکەی زۆر بوو بوو لەلایان بردبوویان بۆ نەخۆشخانەی سەربازی و پشکنینی خوێنیان بۆکردبوو. بردبویانە مەنزومەی شیمالی و ماوەیەکیش لەوێ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردبوو. نەیاندەزانی کامە ڕاستەو کامەیان درۆ. کێشەکەی هەروا بە تەمومژاوی مابوەوە؛ بەڵام ئەوەی ئاشکرا بوو ئەوە بوو کە ئەو کوڕە بەشداری کردبێت لەو کارەدا یان نا هەر لە شێتەوە نزیکتر بوو وەک لە ساخ.
لە هەیئەی کۆنیش کوڕێکی لێبوو، نە ئەوەندە منداڵ بوو لەگەڵ منداڵەکان لە ژوری ژمارە حەوت کە تایبەت بوو بەوان دایبنێن و نەئەوەندەش گەورە بوو هاوتەمەنی ئێمە بێت. ئەم کوڕەش بە هەمان تاوانی بەشداریکردن کە کوشتنی بەڕێوەبەری شارەوانیدا گیرا بوو. بە گوێرەی ئیعترافی خۆیان ئەم کوڕە منداڵە کارەکەی ئەنجامداوەو دوانەکەی دیکەش بە نارنجۆکەوە پاراستویانە. ئەم کوڕەش قسەکانی ناکۆک و ناتەبا بوون. ئەم شێت نەبوو بەڵام هەموو جارێک کە دەبرا بۆ لێکۆڵینەوە چەند جارێک پەشیمان دەبوەوە و لە کۆتاییدا لەترسی لێدان دانی دەنایەوە بە تاوانەکەیدا. کابرای قەڵادزێی کە لەسەر شتێک لێی تورە ببوایە پێیدەووت: .... ئەتۆ مودیری بەلەدییەت کوشتووە، بەخودای ئەتۆ ئەو پیاوە نیت.
ڕۆژێک لەم کوڕەم پرسی تۆ کوشتوتە؟ لە وەڵامدا ووتی نە بە خوا هەر ئاگاشم لێنیە. ووتم: ئەی بۆ ئیعترافت لەسەر خۆت کردووە کە تۆ کوشتوتە، نازانیت لەسەر ئەو ئیعترافە لەسێدارە دەدرێیت و تۆیش دەڵێیت ئاگام لێنیە؟ لەوەڵامدا ووتی: بەخوا لەترسی لێدان ئەو تاوانەم بەسەر خۆمدا ساخ کردۆتەوە، لە سلێمانی خێزانی و براکانیشی هاتون و چاویان پێم کەوتووە پاکانەشم بۆ ئەوان کردووە. ئیتر نازانم ڕاستی مەسەلەکە چۆن بوو. بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە لەو دەزگا داپڵۆسێنەرانەدا دەبێت چەند کەس لەترسی لێدان تاوانی گەورەی بەسەر خۆیدا سەپاندبێت!؟
کابرایەکی لێبوو خەڵکی گوندێکی سەر سنوری تورکیا بوو. خۆی و هاوڕێکەی یەکی بە دەمانچەیەکەوە کۆپتەر هەڵیگرتبوون. پێمووت کە هەلیکۆپتەر هاتە سەرتان هەر هیچ نەبێت دەمانچەکانتان فڕێبدایە! دەیووت کاکە تۆ نازانیت کۆپتەر چۆنە، تۆ نەت دیوە! لەڕاستیدا من لە پاڕەزانم زۆرم ڕاوڕاوێنی پێشمەرگەو هەلیکۆپتەر بینیبوو، بەڵام لەمکاتەدا باشتر وابوو بڵێم ڕاستدەکەیت.
ئەم کابرایە ڕۆژێک لەپڕ کەوتە لەرزین و هەردوو دەستی توند نوقاند و بەرزی کردنەوە بۆ سەرەوە. بوو بە هەراو ئەوە چییەو بۆ وایلێهات؟ هاوڕێکەی ووتی: هیچ نییە ئەڤە هەر هۆسایە، شێت دەبێت! تومەز فێی لەگەڵ

بوو. یەکێک لەولاوە ووتی: با گازی عارەسان بکەین؛ چەند کەسێک لەولاوە هەڵیانداوە ووتیان گازی عارەسی چی؟ بەخوا پاسەوانەکان دەیبەنە دەرەوەو بە سۆندە شین و مۆری دەکەنەوە. وادیارە لە هەیئە فێ لێهاتنیش قەدەغەیە!

ئەو کوڕە بادینییەی کە بوو بوو بە هاوڕێم دەیووت: بۆیە منداڵ و شێت و پیر دەهێنن بۆ ئێرە بۆ ئەوەی بێزارو بێتاقەتمان بکەن و دەرونمان بڕوخێنن.

## کێ حەسەن و حوسەینی کوشتووە؟

کوڕێکی باڵا بەرزی چوارشانەی قۆزیان کردە ژورەوە. کە قسەمان لەگەڵ کرد ووتی من یەزیدیم. ووتمان ئەئاوا بەخۆوە و بەهێز بێت و یەزیدیش بێت بەخوا ئەمە زۆر خۆڕاگرە و بەهیچ شتێک ناکەوێت. بۆ بەیانی بردیان بۆ ئەشکەنجە، کە هێنایانەوە هەر هاوار هاواری بوو دەستی دەبرد بۆ بنی پێی. ووتمان ئەوە چییە چی بووە؟ ووتی: ئەز گەلەک قوتان و کەوتەوە ئۆف ئۆف. ووتیان عەیبە هەموومان قوتراوین! ووتی: ئاخر ئەز گەلەک زیاد قوتان، دەیانووت تۆ یەزیدیت و حەسەن و حسەین تۆ کوشتوتە!

وادیارە جەللادەکانی شیعە بوون و لەجیاتی یەزیدی کوڕی معاویە کە بەردەستیان ناکەوێت، ئەم کابرا یەزیدییە داماوەیان قوتاوە. ئەگەرچی ئاینی یەزیدی زۆر زۆر لە کەین و بەینی نێوان معاویەو حەسەن و حوسەین کۆنترە.

## ناڤێ ئەز چۆلییە

هەیئەی کەرکوک مۆزەخانەی سیاسی کورد بوو. هەر کوردێک لەهەر شوێنێکی عێراق بگیرایە، دوای لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەیانهێنا بۆ هەیئەی کەرکوک. هەر کەسێکی دیکەش لە غەیری کورد ئیتر عەرەب بوایە یان تورکمان یان ئاسوری و ئەرمەنی یان هەرچییەکی دیکە، یارمەتی کوردی بدایە یان کارئاسانی بۆ شۆڕش و پێشمەرگە و شۆڕشگێڕان بکردایە، هەر دەیانهێنا بۆ هەیئە.

لە هەیئە یەکێک بە خواردنی دەوت چێشت و یەکێکی دیکە ئاش و یەکێکی دیکەش شیو. لە دایەلێکت و شێوازی دەربڕیندا جۆراوجۆر بووین، لە جلوبەرگ و کولتوریشدا شێوازی جیا جیا دەبینرا بە ناوەکانیشمانەوە.

ڕۆژێک کوڕێکی گەنجی بادینییان هێنا، باڵا بەرزو لاواز، ماندویەتی کاری قورس و هەڵقرچاوی بەر خۆر بە سیمایەوە دیار بوو. کە پرسیان ناوت چییە؟ ووتی: ناڤێ ئەز چۆلییە. ئەم ناوە بۆ زۆربەی هەرە زۆرمان نامۆ بوو. یەکێک لە برادەران ووتی: چۆڵی چی خۆ جێگە نییە دانیشین ئەوندە قەرەباڵخە! ئیتر بوو بە پێکەنین.

## با لەکونی ساحیبەکەوە ڕابکەین

مرۆڤ ئەگەر لەناو ئاسن و پۆڵایشدا زیندانی بکرێت هەر بیر لە ڕاکردن دەکاتەوە. ئەو پیاوە پیرە شیوعیەی ژوری یەکی هەیئەی تازە پێشنیاری ئەوەی کرد کە بەهەموومان بچینە سەر شانی یەکترو چەند کەسێکی بەهێزمان پەلاماری شیشی ساحیبەکە بدەین و لەوێوە ڕابکەین. پێشنیارەکەی یەکسەر ڕەفز کرا، چونکە بەوەندە تەواو نەدەبوو. ووتمان ئێرە هەیئەی تازەیە لە ژوورەکانیش دەربچین ئەی جامخانەکە، لەوێش دەربچین ئەی دەرگاکانی تر! کامیان بشکێنین و کامیان بمێنێ ؟

گەلێ جاری تریش بیر لەوە دەکرایەوە کەپەلاماری پاسەوانەکان بدەین لەکاتی بەیانی وچونە سەرئاودا، بەڵام ئەم بیرۆکانە نەدەبوون بە بڕیار کە بیر لە ئەنجام وئاکامەکانی دەکرایەوە
تروسکەی سەرکەوتنی لێ بەدی نەدەکرا.

## بەخوا سەدام حوسێن بەم شوێنەی نەزانیوە!

کوڕێکی سووری قەڵادزێیمان لەگەڵ بوو ، خۆی ئەمن بووبوو بەڵام نازانم پێی لار دانابوو چی، لەهەیئەیان توونـد کردبوو. هێشتا سەدام حوسێنی بەعادل و مرۆڤ دۆست دەزانی، هەر تاو نەتاوێک سەیرێکی ژوورەکەی دەکردوو دەی ووت، بەخودای سەدام حوسێن بەم شوێنەی نەزانیوە، ئەگینا چۆن قبوڵ دەکات ئەم خەڵکە بەو دەردە بەرن. برادەران پێی پێدەکەنین و سەنگیان دەخستە سەر. وەرە کەسێک بەم جۆرە لە سەدام و ڕژێمەکەی گەیشتبێت هێشتا ئەوان داوای باقی لێ بکەن.

## سەید سادق موسڵاوی

کابرایەکی عەرەبی پیری موسڵاویان هێنا بوو ناوی سەید سادق بوو. ئەم کابرایە خەڵکی سنوری عێراق-سوریا بوو، وا دیار بوو قاچاخچێتی فیشەک وچەکی کردبوو لەو سەر سنورە، ئەمەش کار ئاسانی و کۆمەک بوو بۆ کوردو شۆڕشەکەی. هەر بۆیە هێنابوویان و لەهەیئەیان توونـد کردبوو. سەید بە منی ووت کەلەهەیئەی تازە ئەشکەنجەی تۆیان دەدا من چاوم نەبەسترابوو بەهۆی تۆوە منیش سۆندەیەکم بەرکەوت کەبۆتۆیان داهێنابوەوە زۆر بەداخەوە بوو بۆم و دەیووت من چاک دەزانم چەندەیان ئەشکەنجە داویت. بەعەرەبی باسی دەمانچەی دەکردو بە ئەلچواردە خۆر و ئەلحەوت تیر ناوە کوردی یەکانی بەئەلف ولامەوە بەکار دەهێنا، لەبواری چەک و فیشەک دا شارەزا بوو. سەید بەبیانووی ئەوەی کە عەرەب بوو زۆر نازی بەسەر پاسەوانەکاندا دەکرد ئەگەر یەکێک دانی بیەشایە سەید بانگی پاسەوانەکانی دەکرد دەی ووت من سەید سادقم باوکەکەم دانم یەشێت کەمێک خوێم بدەنێ، گەلێک جار بەگوێیان دەکرد. لەو کاتەدا بەهۆی پیس وپۆخڵی زیندان و دان نەشتنەوە چوار خرێم دابویە ئازارو کلۆر بووبوون لەڕێگای سەید سادقەوە جارجار کڵۆ خوێیەکم چنگ دەکەوت کاتێک لەزیندان بەربووم بەتەواوی لێم ئاروژان، ئەگەر بێت و تا ئەو کاتە لەزیندان بمامایەوە ئەوا دەبوونە مایەی نەگبەتیەکی گەورە بۆم. دوکتۆرهەژار لە نەخۆشخانەی پاڕەزان بوو یەکەیەکە هەموویانی بۆ هەڵ کێشام. ئەگەر چی دەیووت ئەگەر بگەیتە کلینکی دوکتۆری دان پێویست بەهەڵ کێشان ناکات وپڕ دەکرێنەوە، بەڵام من هەر لەسەر کێشانیان سوور بووم.

## کوڕە سەید سادقییەکە

کوڕێکی خەڵکی سەید سادقی لێ بوو کەس متمانەی پێ نەدەکردو بە سیخوڕیان دەزانی. خۆی دەیووت گوایە ئیستیخبارات لە سەیدسادقەوە ئەم وکۆمەڵێک کەسی دیکەیان ڕەوانەی ئێران کردووە بۆ وێنە گرتنی چەند شوێنێکی گرنگ و کۆکردنەوەی زانیاری سەربازی. بەقسەی خۆی کەسیان نەگەڕاونەتەوە ئەم نەبێت ، جا ئیتر تیاچوون یان گیراون یان نەیان ویستووە بگەڕێنەوەو وازیان لەو سیخوڕییە هێناوە، ئەمیش کەهاتۆتەوە لەو سورێنە پەیوەندی دەکات بە (حسک) ەوەو دوای ماوەیەک لەوێش بێزار دەبێت و بڕیار دەدات بێتەوە ناو شار. دەیووت بە جلوبەرگی خاکی و گۆرەوی و پوزەوانەوە خۆم کردووە بە ئیستخباراتی سەیدسادقدا. ئەوانیش داویانمە دەست دوو ئینزیباتی سەربازی تەقلە سور. بە ئیزیباتەکانیان وتووە بیبەن بۆ فیرقەی سلێمانی با بەخشیشی کارەکەی وەربگرێت؛ بەخشیشی کارەکەشی ئەوە بووە هێناویانە بۆ هەیئە.
هەموو ئێوارانێک بەتەنیا بانگیان دەکرد بۆ دەرەوە و دوای نزیکەی نیو کاژێر دەگەڕایەوە. هەموو لەو باوەڕەدا بووین ئەم بانگکردنە بێمەڵامەت نەبێت. ڕوون و ئاشکرا بوو بۆ لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجە ئەو کاتە کەس بانگ نەدەکراو ئەویش هیچ شتێکی پێوە دیار نەبوو. خۆی دەیووت بۆ ئاودەست پاککردنەوە بانگم دەکەن! هەر بۆنی بەدەستیەوە دەکردو دەیووت سێ جار بە سابون دەستم شتووە هەر بۆنەکەی ناڕوات. ڕاستی مەسەلەکە هەرچۆنێک بووبێت ئەم کوڕە لەم دۆزەخەشدا هەر ئەگەری ئەوەی زۆر بوو کە بۆ کاری سیخوڕی کەڵکیان لێوەرگرتبێت.

## لێبوردن ئەمنستی

ڕۆژی شەممە ١٢ ی تەمموز ووتیان ئەگەر ئیعتراف نەکەیت ئیتر هەموو ڕۆژێک بانگت دەکەین بۆ ئەشکەنجە. ڕۆژی دوای ئەو ١٣ ی تەمموز هەینی بوو، ئەو سەردەمەش ڕۆژانی پشوو کەس بانگ نەدەکرا. بۆ ڕۆژی دوای ئەوەش ١٤ی تەمموز بوو هەر پشوو بوو، من بەم دوو ڕۆژە ئاهێکم هاتەوە بەر. ڕۆژی ١٥ی تەمموز ووتم بێگومان ئەمرۆ بانگم دەکەن و هەر لە کاژێر ٧ی سەر لەبەیانییەوە من گوێ قوڵاخی ناو خوێندنەوە بووم، کات بوو بەحەوت و نیو دەنگ نەبوو، بوو بە کاژێر هەشتی تەواو کەس بانگی نەکردم. برادەران ووتیان تەواو بێخەم بە تازە ئەمرۆ بانگ ناکرێیت. بەڵام من هەر لە دڵەڕاوکەدا بووم و خەمی قسەی کابرای ئەفسەرم بوو کە ووتی تازە ئەوە نەما ئیتر هەموو ڕۆژێک بانگت دەکەین. ئەو ڕۆژە تێپەڕی و من بانگ نەکرام، ئەگەر چی هەر خولەکێکم بەساڵێک لێتێدەپەڕی، بوو بە ١٦ی تەمموز هەمدیس هەمان چاوەڕوانی و دڵەڕاوکە و ترس و خۆف، بەڵام هەر بانگ نەکرام. دەنگ وباسی لێبوردن زۆر گەرم بوو، هەر کەسێکی نوێ دەهات باسی پەرەسەندنی خۆپیشاندانی دەکرد لە هەموو شارەکانی کوردستاندا، پێشبینییەکان زیاتر پشت قایم دەبوون، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەی گیراوەکان لەبەرزبوونەوەیەکی چاوەڕوان نەکراودا بوو، حکومەت نەدەکرا ئەو خەڵکە هەمووی بکاتە زیندان، وە هەروەها نەشدەکرا واز لەو خەڵکە بهێنێت بەئارەزووی خۆیان کۆببنەوە و دروشم لەدژی دەوڵەت ودام و دەزگاکانی لەکوردستاندا بەرز بکەنەوە. هەر بۆیە دەبوایە بیر لەڕێگا چارەیەک بکاتەوە بۆ کۆتایی هێنانێکی ئاشتیانە بەو خۆپیشاندانانە و خاوکردنەوەی گیانی شۆڕشگێڕی لەلای لاوان و کپکردنەوەی گیانی شۆڕشگێڕی پێشمەرگەو، کەویکردنی هەندێکیان و لەناوبردنی هەندێکی ترو خەساندنی ژمارەیەکی زۆرتریشیان لەڕێگای ئەو دانیشتن و گفتوگۆ درێژو بێمانایانەوە کە کورد پێیدەڵێن دانوستان (موفاوەزات). لەڕاستیدا دانوستان ئەوە نییەو دانوستان پێویستە لەنێوان دوو لایەندا بێت کە هەر یەکە لەبوارێکدا لەلایەکی تر لەپێشتر بێت و لەو ڕێگایەوە هەر کەسە کەمێک لەداواو نیازەکانی خۆی کەم بکاتەوە تا دەگەن بەیەک. لەمێژووی کورددا، بەداخەوە هەتا ئەمرۆ، هەرگیز شۆڕشەکانی کورد نەیانتوانیوە ببنە هێزێکی ئەوتۆ کە بەشێوەیەکی واقیعیانە بتوانن لەداواو نیازەکانی دوژمنەکانیان کەمبکەنەوە، بەڵکو هەمیشە دوژمن کەهەستی کردبێت خەریکە دەبنە هێزێکی جەماوەری وقورسایی پەیدا دەکەن لەناو گەلدا بەهەموو هێزیەوە هەوڵی داوە ئەو چروسکەیە هەڵ بکێشێت، ئیتر بە هەوڵی ناوخۆ بوو‌بێت یاخود بەناوی ئەمنستی و دانوستانەوە یان بەهەوڵی دەرەکی بووبێ کە هەمیشە هەموو دەوڵەتە ناکۆکەکان بەرانبەر بە کێشەی کورد هەر کۆکبوون. لێبوردنی ساڵی ١٩٨٢ کەئێمەی تێدا ئازاد کراین و بەدوایشیدا ئەوەی کە پێی دەڵێن دانوستانی ١٩٨٣ نمونەی بەرچاوی ئەو هەوڵانەی دوژمنن کەهەمیشە بەسەرکەوتنی ئەوان و زەرەری گەل و شۆڕشی کورد کۆتایی پێهاتووە.

ڕۆژی ١٦ ی تەمموز بەهێمنی ڕابورد تا بوو بە پاش نیوەڕۆ، لەم کاتەدا ڕادیۆ بچوکەکەی دەست پاسەوانەکە کە هەمیشە لەسەر بەغداد بوو، باسی لێبوردنی ڕاگەیاند بەبۆنەی شۆڕشی ١٧ ی تەممووزەوە کە لە بنەڕەتدا شۆڕش نەبوو بەڵکو لە کودەتایەکی سەربازی شومدا ڕژێمی بەعسی هێنابووە سەر حوکم. هەر کە ڕادیۆ بچکۆل ووتی (عەفوەن شامیلەن وە کامیلەن) پاسەوانەکە ڕادیۆکەی کوژاندەوەو ڕۆیشت. وا دیار بوو چووبوو بە ئەفسەرەکان بڵێت و بزانێت فەرمانیان بە چییە، چونکە هێندەی نەبرد گەڕایەوەو ڕادیۆکەی خستە سەر بەرزترین دەنگ و نزیکی کردەوە لە دەرگای ژوورەکان.

کاتێک کابرای پاسەوان گەڕایەوە بەیانی لێبوردن گەیشتبووە برگەکانی کۆتایی و لە ژوورەوە چەند کەسێک دەستیان کرد بە چەپڵەو ڕەقس وگۆرانی وهەڵپەڕکێ، بەڵام گۆرانی و چەپڵەکەیان زۆری نەخایاندو لەلایەن زۆربەمانەوە بەرپەرچ درایەوە و ووتمان جارێ کاتی ئەوە نییە بابزانین چییەو چیمان پێدەڵێن. هەندێک هەر باوەڕیان نەدەکردو گاڵتەیان لێدەهات.

کات بوو بەئێوارە و هەر وەکو ڕۆژان پرۆسەی سەرئاوو نان خواردن بەڕێوە چوو هیچ

گۆڕانکارییەک بەدی نەکرا. ئەوانەی کە باوەڕیان نەدەکرد دەیانووت ئاها بینیتان ئەوان هەر وەک خۆیانن بە خوا نە لێبوردنەو نە هیچ.

کات بوو بەشەوو لێدوان و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ بەهەموو بارێکدا لێک دەدرایەوە. لەپڕ دەنگی کرانەوەی دەرگاو فەرمانی هاتنە دەرەوە لە ژوورەکان کۆتایی بەهەموو بیروڕاکان هێناو هەموومانیان لە حەوشەکەدا ڕیز کرد. لیژنەیەک هاتن ناویان دەخوێندەوە و هەندێکیان جیاکردەوە کە زیندانییەکان دەیانووت ئەوانەن کە یان ئیعترافیان کردوەو ئاستی لێپسراوێتیان بەرزبوو یان پەیوەندییان هەبوو بە کاری ئەساسینەشن (ئیغتیالات) و کوشتنەوە، جیایان کردنەوە و بردنیان. ئەم جیاکردنەوەیە بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو، ئیتر بیروڕا ئاڵوگۆڕکردن هاتەسەر ئەمان و چارەنووسیان؛ بۆ جیایان کردنەوەو چییان لێ دەکەن؟

هەندێک ووتیان سەرەو نگونیان دەکەن لەولاوە یەکێ تر دەیووت قەت بەریان نادەن! شێخ جەمال بەجیاکردنەوەی هەندێک لە هاوڕێکانی زۆر بێتاقەت بوو، ووتی سنگم دێشێت و دەستی بۆ سەردڵی دەبرد. ئێمە چاومان بەم جیاکراوانە نەکەوتەوە بەڵام دوای بەربوونمان بەماوەیەک لەگەڵ ئەو دیلانە کە لەلای پێشمەرگە بوون ئاڵوگۆڕیان پێ کردن. ئەمانەیان وەکو کارتێک هێشتبوەوە بۆ ئازادکردنی دیلەکانی خۆیان.

بۆ ڕۆژی دوای ئەوە هەموومانیان بردە حەوشەکە، چاوبەستن نەما، سەربان و بنبان و دارو دیوار بە پاسەوان گیرا بوو. یەک بە یەک ناویان دەخوێندینەوەو دەچوینە پێشەوە، وێنەیەکیان دەگرتین و شتومەک و ئەمانەتەکانیان دەداینەوە دەست. من لێرەدا پارەو ناسنامەو کاتژمێر و چاویلکەکەمم وەرگرتەوە.

ئەم بزوتنە دوو ڕۆژ خامۆشی بە دواداهات و کەس لێینەپرسین چین و چ کارەن و چیتان بەسەردێت. جەماعەتی بێهیواکان بە لێبوردن کەوتنەوە پروپاگەندە: بەخوا نە لێبوردنەو نە تەڕەماش! بەڵێ بەڵێ هیچ ناکەن تا بەرمان دەدەن، بۆ هەروا بەئاسانی ئێمەیان چنگگیر بووە؟ ئەم دڵەراوکەو مشتومڕە جارێکی دیکە لە شەودا دری پێدرا، جارێکی دیکە دەرگا کرایەوەو هەموومانیان کردەوە حەوشەکە. ئەمجارە سەیرمان کرد ژمارەیەکی زۆر گوێزان و ئامێری ڕیشتاشینیان هێنابوو، ووتیان هەر دووکەس بە نۆرە ڕیشی یەکتر بتاشن.

من و کوڕێکی کەرکوکی بەریەک کەوتبووین. من ریشی ئەوم جوان تاشی و تەواوم کرد. ئینجا نۆرەی ئەو بوو دەستی کرد بە ڕیشتاشینی من. ماوەیەکی زۆر خەریکی یەک لاجانم بوو، هەرچەند هاوارم کرد کاکە خێراکە ئەو هەر دەیووت تۆ نازانیت مامۆستا لاجانەکانت بەجوانی بۆ دەکەم بە قەنافز! پاسەوانەکانیش خێرا خێرا هاواریان دەکرد و دەیانووت کات نەما خێراکەن، بەڵام بۆ نەگبەتی هەمیشەیی من ئەم برادەرە خواگرتووە هەر لەسەر بەزمی خۆی بوو. یەکێکی دیکەش لەولاوە پێیووت ئەوە تۆ خەریکی چیت کات تەواو بوو ڕیشی ئەو هەژارە بتاشە. بەڵام کاکم لەوەڵامدا ووتی: سەیر بکە حەیاتم دەلاکیش قەنافزی وا ڕێک دەردەکات! من خەریک بوو دڵم دەتەقی، دەمووت ئاخ ئەگەر ئێستە ئاوێنەیەکم پێدەبوو خۆم ڕیشی خۆمم دەتاشی و قەنافزی ئەویشم نەدەویست، بەڵام ئاوێنەی چی و حاڵی چی؟ کاتێکم زانی پاسەوانەکە گەیشتە سەر ئێمەو هەرچەندە ووتمان تەواو نەبووین، ئەو بە ڕێگای سەربازییانەی خۆی ئامێرەکانی لەدەست دەرهێناو ڕۆیشت!

شانسی من لەمەشدا کورتیهێنا! سەرم پاکە لیرە دەتووت مشک کڕاندویەتییەوە، ڕیشیشم لایەکی تا نیوەی تاشراو بەڵام تاشراو بە شەرتی ئارایشگای بووک و زاوا، لاونیوەکەی دیکەشی وەکو خۆی بوو. کراسەکەم شەق و پەق و خوێناوی بەکاری لەبەرکردن نەمابوو. شێخ جەمال چاکەتێکی بیجامەی پێبوو، زیادە بوو، دای بە من لەباتی کراسەکەم لەبەری بکەم. چاکەتەکەی شێخ جەمال بۆ من زۆر گەورە بوو، کە کردمە بەرم دەتووت دیشداشەم لەبەرکردووە بەسەر شەرواڵەکەمدا. ئیتر دیمەنێکی هەتا بڵێیت ناشیرین و سەیرم هەبوو تەنانەت لەچاو زیندانییەکانی دیکەشدا! بەڵام من ئەوەندە تاقەتی دیمەن و میمەنم نەبوو، هەر بیرم لەوە دەکردەوە تۆ بڵێیت ڕاست بێت و لەم دۆزەخە بچمە دەرەوە و پەشیمان نەبنەوە!

## گیرفانەکانت پڕبکە لە گوێز

ڕۆژێک زۆرم پێویست به دەستەسڕ بوو، له کوێی بهێنم؟ هاتم ناوی گیرفانی شەرواڵەکەم لێکردەوەو دوو دەستەسڕی نایابم لێ دروستکرد. برادەرێک لەولاوە سەیری دەکردم که گیرفانەکانم هەڵدەتەقێنم ووتی: حەیفه بۆ لێیدەکەیتەوە؟ ووتم: حەیفی چی خۆ تازه من بەهیوا نیم گوێزیان تێبکەم! ئەو ڕۆژه ئەو قسەیەم بیر کەوتەوەو ووتم شەرت بێت که چومەوه پاڕەزان گیرفانەکان چاکبکەمەوەو پڕیان بکەم له گوێز، چی زۆره گوێز!

## ناوی باپیره گەورەی خۆم چۆن بەو جندۆکانه دەڵێم!

له کاتی ناونوسیندا پرسیاری ناوی چوارینەیان دەکرد، واته باوک و باپیرو باپیره گەورەش. که سەره هاته سەر کابرای قەڵادزێی ووتی نازانم، کەمێک سەیری یەکتریان کردو پێکەنین و ووتیان سەیری ئەم کەره بکەن ناوی باپیره گەورەی خۆی نازانێت! کاتێک هاتینەوه ژورەوه کابرای قەلادزێی ووتی: بەخودای ئەوان کەرن! من چۆن ناوی باپیره گەورەی خۆم بەو جندۆکانه دەڵێم! بەخودای هەردووک تەسکەرەی عێراقیش و ئێرانیشم هەن.

## دەتوانم بچمه بەر سێبەرەکە؟

بۆ بەیانی هەمومانیان هێنایه دەرەوه و ڕیزیان کردین و دایان نیشاندین. مامۆستا (م) ناوێک لەگەڵ جەماعەتی شێخ جەمال بوو، قاتێکی ڕەشی لەبەردا بوو کەمتر له زیندانی دەچوو، زۆر به زەلیلی و کەساسی له پاسەوانەکه دەپاڕایەوه ڕێگەی بدات بچێته بەر سێبەرەکە! کابرای پاسەوانیش زۆر به تورەیی و به بێڕێزییەکەوه ووتی: دانیشه. من زۆر قێزم لەو هەڵسوکەوته دەهاتەوه. باشه خۆ هەمووی دوو ڕۆژ لەمەوپێش بوو ئێمەیان به ڕووتی و به برینەوه لەبەر ئەو خۆره پشتاوپشت دەبەستەوه و به چوارکەس لێیان دەدایین، تۆ بڵێیت ئەو برادەره ئاگادار نەبێت؟ دواتر برادەرێکی خۆیان چپاندی به گوێمدا و ووتی سەیر بکه ئەو پیاوه قات لەبەره که دەڵێیت له پیاسه بووه ئەوه یەکسەر ئیعترافی لەسەر هاوڕێکانی کرد و زۆربەمانی تووشکرد. هەر لەوێ وەکو جاران کەوتەوه ئەمر کردن و به هاوڕێکانی ووت: که چوینەوه سلێمانی کەس نەڕوات بەملاو ئەولادا کارمان هەیە! جا نازانم دوای ئەو هەموو داشکاندنانه بەهیوای چ جۆره کارێک بوو!

یەکێک لەسەربازەکان له زیندانییەکی پرسی تۆ ئەفسەری سوپایت؟ ئەویش وەک ئێستا سەربازەکه لەبەردەمیدا به جووته پێ ڕاوەستابێت به دەنگێکی نێرو سەرفرازانەوه ووتی: بەڵێ. ئەم وەڵامه نیشانەی دەنگی کەسێک بوو که زۆر لەخۆی ڕوسورو سەرفرازبێت و به ١٨٠ پله له هەڵوێستی مامۆستا (م) جیاواز بوو.

چرکه یه ک له ژیانی زیندانیه ک

## جەنابی پارێزگاری کەرکوک

دوای ئەو ڕیزکردن و سەرژمێرییه، بەڕیز بردینیان بۆ شوێنێک به پەلەو به ڕاکردن به نێوان چەندەها بیناو دیواردا تێیانپەڕاندین. لەوێ بینیمان کۆمەڵێک پاس ڕاوەستابوون؛ نه لەوه پێش و نه لەوەدواش پاسی ئەوتۆم نەبینیبوو. پاسەکان ئەوەندەی پاسی مەنشەئە دەبوون، بەڵام له هەموو لایەکەوه قەپات بوون و تەنها له نزیک بنمیچەکەوه ڕیزێک پەنجەرەی ووردی پێوه بوو. ئەوەی لەناویاندا دابنیشتایه چاوی لەدەرەوه نەدەبوو، کەسیش لەدەرەوه ئەوانی نەدەبینی. دیاره ئەم جۆره پاسانه به تایبەت بۆ گواستنەوەی زیندانی دروستکراون.

سوار پاسەکانیان کردین و کەوتنه ڕێگاو پاش ماوەیەک له شوێنێک ڕاوەستان. لەوێ دایانبەزاندین و به ڕاکردن و به پەلەپڕوزێ به نێوان چەندەها دیواری بەرز بەرز و ڕاڕەوی تەنگەبەرو به قەراغی چەندەها باخ و چیمەن و گوڵوگوڵزاری ڕازاوەدا فڕاندینیان تا گەیشتینه هۆڵێکی گەوره. هۆڵەکه هۆڵێکی ڕێکوپێک بوو پڕ بوو له کورسی شاهانه! له سوچەکاندا پاسەوان به گۆچانەوه ڕاوەستا بوون له باتی چەک! ئەمه لەلای ئێمه زۆر نامۆ بوو. پاسەوانەکان دەتووت بتن، بێچرکه له شوێنی خۆیان چەقیبوون، لەگەڵ ئەوەی ئێمه ژاوەژاوو دەنگه دەنگێکی زۆرمان لێوەدەهات.

لێرە گریمان هاتە سەر ئەوەی کە سەدام حوسەین دێت بۆ ئێرەو قسەمان بۆدەکات. هەندێک ووتیان کاکە ئێمە دەزانین ئەمە هۆڵی کۆنگرەکانەو تەنها بۆ دیداری سەدام ئامادەکراوە! ئەگەر بۆ ئەوە نەبوایە بۆ دەیانهێنایین بۆ ئەم شوێنە کەشخەیە کە مەگەر لە تەلەفیزیۆندا هۆڵی وەهامان بینیبێت!
ئەم گریمانەش بە بانگەوازی پاسەوانەکان بەراویتە بوو کە ووتیان : تکایە بێدەنگ بن! ئێستا بەڕێز پارێزگاری کەرکوک دێت و قسەتان بۆدەکات. پاش ماوەیەک لە هۆڵەکەش بردینیانە دەرەوەو لە چیمەن و حەوشەیەکی گەورەدا دایاننیشاندین. وادیارە بۆگەن و بۆن و بەرامەی ئێمە لەو هۆڵەدا بەکاری جەنابی پارێزگار نەدەهات.
پارێزگاری کەرکوک گەیشت. کابرایەکی ڕووخۆش و دەم بەپێکەنین و باڵابەرزو قۆز بوو. خۆی بەم شێوەیە بە دانیشتوان ناساند: من پارێزگاری کەرکوکم و ڕاوێژکاری سەرۆکی فەرماندە سەدام حوسەینیشم، ئەو تاقە خوایە بیپارێزێت. هەر ئەمشەو بەڕێز سەرۆکی فەرماندە بە تەلەفون پێیڕاگەیاندم کە ئێوەی زیندانی لێبوردن گرتونێتییەوە دەبێت بۆ جەژنی ڕەمەزان بچنەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆتان. دوای ئەوە دەستی کرد بە ئامۆژگاری و ڕێنومایی کردنمان: ئەوەی بێکارە با بێت ئێمە کاری بۆ دەدۆزینەوە، مەچن پارە وەربگرن لە خەڵک و پۆلیس و سەرباز بکوژن! ئیتر لەم جۆرە قسە هەڵەق مەلەقانەی زۆرکرد و لەنرخی خەبات و خۆپیشاندان و پێشمەرگەی کەمدەکردەوەو ووتی: باوەڕ نەکەن ئەگەر ئەو موخەرپیانە ووتیان ئەم لێبوردنە هی ئێمەیەو ئێمە فشارمان خستۆتە سەر دەوڵەت و ناچارمان کردووە لێبوردن دەربکات! دیارە زەینی بە هەڵە نەچووبوو ڕێک وابوو؛ ئەو فشارە هی خۆپیشاندان بوو. دوای ئەوە بە دوورودرێژی باسی دەستکەوتە مەزنەکانی شۆڕشی ١٧ و ٣٠ گەلاوێژی کرد و ئێمەش وابزانم زۆربەمان سەرخەوێکی بچوکمان شکاند تا ئەو هەمووی تەواو کرد.
قسەکانی پارێزگار کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر هەندێک کەس و ئەشەوبیلایان بۆ کێشا. کار گەیشتە ئەوەی کە کابرایەکی خەڵکی کفری هەستاو ووتی: ئەگەر ئێوە قبوڵتان بێت من دەمەوێت بروسکەیەکی سوپاسنامە بدەم بە سەرۆکی فەرماندە. بۆ کوڕ هەبوو بوێرێت بێژێت نا! کابرا هەستاو بە عەرەبییەکی ڕێکوپێک و بە داڕشتنێکی ئەدەبیانەوە بەناوی هەموو گیراوەکانی ناو هەیئەوە بروسکەیەکی دا بە سەرۆک کۆمار. کە ووتی: بەناوی هەموو گیراوەکانی ناو هەیئەی لێکۆڵینەوەی تایبەتەوە... پارێزگارو ئەفسەرەکان بە زەردەخەنەوە سەیرێکی یەکتریان کرد، وادیار بوو بڵێن ئەوە چۆن دەزانن ناوەکەی وایە، ئەی بۆ نازانن بووە بە ڕێگای شەوو ڕۆژی کوردان؟
ئەم خۆشباوەڕی و داماوی و ساویلەکەییە لەوانەیە پەیوەندی هەبێت بە پێکهاتەی DNA کوردەوە و تاکەکەس کەمتر لێی بەرپرسیار بێت! چونکە جارودووجار نییەو هەمیشە دووبارەو سەدبارە دەبێتەوە.

### ئەمن کۆمەرەیمە!

کوڕێکی هەولێری لێبوو هەڵسوکەوتی زۆر سەیر بوو، هەر دەجولایەو دەیووت: ئەمن کۆمەرەیمە! کەسمان لەوانەی کۆمەڵە بووین متمانەمان پێنەدەکردو بە سیخوڕمان دەزانی. کاتێک بڕیاری لێبوردن دەرچوو وورده وورده هاتە تەنیشتمەوەو بە چرپە ووتی: عەتا خۆ تۆ هەرچییەک بوویت هەر بەردەبیت، توخوا بەڕاست پێمبڵێ ئەتو چی بووویت و چیت کردووە و ئاستی لێپرسراویت چییە؟منیش زۆر بە ووریایی وەڵامم دایەوەو زانیم وەڵامەکەم دەگات بە کوێ! ووتم: خۆ خۆت دەزانیت من هەرچییەک بووبم هەر بەردەبم، دەبزانە چیم ووتووە هەر ئەوە ڕاستەو من هیچ نەبووم و بە هەڵە تێمگەیشتون و بە ناهەق ئازاریان داوم، ئیتر بەمجۆرە لەکۆڵم بوەوە.
کاتێک پارێزگاری کەرکوک لە قسەکانی بوەوە و ووتی: کێ پرسیارێک یان قسەیەکی هەیە دەتوانێت بیکات. ئەو کوڕە دەستی هەڵبڕی و ووتی: گەورەم من ئەمە سێهەم جارمە دێمە هەیئە، هەموو جارێک فەرمانگەی ئەمنی هەولێر داوام لێدەکات پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی دەرەوە دروستبکەم و منیش پەیوەندی دەکەم و دوایی

دەمگرن و دەمهێنن بۆ ئێرە. پارێزگار زۆری پیناخۆش بوو کە ئەو ئەو نهێنییەی لەبەرچاوی ئێمە درکاندو هەر بۆیە بەپەلە بانگیکردو ووتی: تۆ دوایی خۆم قسەت لەگەڵ دەکەم و کێشەکەت بۆ چارەسەر دەکەم. ئیتر نازانم چ جۆرە چارسەرێکی بۆ نووسی!؟

## جارێکی دیکە نەیەنەوە بۆ هەیئە!

دوای دەرچونی ئەمنستی پاسەوانەکان بە ئێشککرەکانیان ووتبوو جارێکی دیکە نەیەنەوە بۆ هەیئە، ها بە خوا دەتان کوژین! وادیارە خۆیان هەر لەوێ جێگیرن و خۆیان بە بەندەو کۆیلەو گەمژە نازانن و خەمی ئێمەیانە و ئامۆژگاریمان دەکەن نەگەڕێینەوە بۆ لایان.

## ڕەوانەکردنەوە بۆ پارێزگاکان

دوای ئەوەی خواکردی و پارێزگار کۆتایی بە قسەکانی هێنا، هێنایینیانە شوێنێک لەپڕ هەوای دەرەوە لێیدایین. کە سەرمان هەڵبڕی چاومان بە عەرەبانەی لەفەو قاورمە فرۆشەکان کەوت و بینیمان ژمارەیەکی زۆر پاسی هەژدە نەفەری و کۆستەر ڕاگیرابوون. یەکێک لە سەربازەکان هات و ووتی: کەس پارە نەدات بە شۆفێرەکان، دەوڵەت پارەی بۆ داون. خەڵکی هەر پارێزگایە بە جیا سواری پاسی خۆی ببێت و بچنەوە ماڵی خۆتان و خواتان لەگەڵ.

دوای ئەوە بوو بە ژاوەژاوو خەڵکەکە کۆمەڵ کۆمەڵ لەدەوری یەک کۆبونەوە بەگوێرەی پارێزگاکانیان. هەر کە گوێمان لێبوو ووتی سلێمانی، ڕامان کرد پاسێکیان بۆ دەستنیشانکردین سواربووین و بەحاڵەحاڵ جێگەمان بوەوە. پاسەکە گەیشتە ناو شەقام و کۆڵانەکانی کەرکوک، لەپڕ کوڕێک سەیرێکی خۆی کردو ووتی: ئەوە منم بەربووم، کاکە کاکی شۆفێر ڕاوەستە دادەبەزم. پاسەکە هێواشی کردەوە هێشتا بەتەواوی ڕانەوەستابوو کوڕە بە قەڵەمبازێک خۆی لە پاسەکە دوورخستەوەو سەیرێکی ئەملاو ئەولای کرد و دەستیکرد بە ڕاکردن و تا خۆیکرد بە یەکەم کۆڵاندا هەر ڕایدەکرد. وادیار بوو ئەمەی هەرگیز پێشبینی نەکردبوو، باوەڕی نەدەکرد بە لێبوردنی بەعس هەر بۆیە لەیەکەم فورسەتدا خۆی بزرکرد.

جەماعەت دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان و گۆرانی ووتن، بەو جۆرە بە سیتەرەکەدا تێپەڕین، ئینجا کابرای شۆفێر دەستیکرد بە بۆڵەبۆڵ. هەر ئەوەندە یەکێک ووتی کاکی شۆفێر ئەوە تۆمارکەرەکەت (تسجیل) ئیش ناکات؟ کابرا خەریک بوو وەریدەگێڕاین. کە پرسیمان چییەو چی بووە؟ ووتی من بە سوخرە گیراوم و حکومەت یەک فلسم بۆ سەرف ناکات! ئیتر هەموو ووتمان کاکە ئەوە زۆر ئاساییە، هەر ئێستا پارەت بۆ کۆدەکەینەوە، خۆ پارەمان پێیە، مەڕوانە شڕوشیتاڵیمان! بەوەرگرتنی پارەکە کابرا گەشایەوەو کاسێتێکی گۆرانی بۆ هاویشتینە سەر.

لە ڕێگا کە بەبەردەم ڕەبایەو پاسگاکانی ڕژێمدا تێدەپەڕین هەموو هەساتبونە سەرپێ و دەستیان بۆ بەرزدەکردینەوە. وا دیار بوو پێشوەخت ئاگادارکرابونەوە.

لە ڕێگا لە شوێنێک لاماند، چوینە سەر ئاوەکەو خۆمان فێنککردەوە و ئاومان خواردەوە. کۆمەڵێک خەڵک لەوێ بوون خەریکی سەیران بوون، کە ئێمەیان بینی بەو شڕوشیتاڵی و پێی پەتی و سەرتاشراوییە ئەوەندە دڵخۆش بووین زۆر سەرسام بوون. ووتیان ئێوە چین و چکارەن؟ لەبەسەرهاتی خۆمان ئاگادارمان کردن و زۆریان پێخۆشبوو کەوا ڕزگارمان بووە.

## گەیشتنە سلێمانی

بە گەیشتنمان بۆ دەروازەی شاری سلێمانی کابرای شۆفێر دەستیکردەوە بە بۆڵە بۆڵ و گرمە گرم و ووتی من هەر فولکەی خانەقا شارەزام و لەوە زیاتر ناڕۆم. ئێمە لە شوێنێکەوە نەهاتبووین کە دەمەدەمە بکەین لەسەر هیچ شتێک و بەهەموو شتێک ڕازی بووین، بەو مەرجەی پەشیمان نەبنەوەو نەمانبەنەوە بۆ هەیئە.
گەیشتینە ناوشارو دوو دوو سێ سێ لێمان دابەزی تا گەیشتینە فولکەی خانەقا. لەوێ کە دوا قۆناغی گەشتەکەی بوو ناچار هەموومان دابەزین. ئەوانەی کە شێوەیان باش بوو تەکسییان گرت و کاتێکم بەخۆم زانی تاق و تەنیا مابومەوە. دەستم لە تەکسی ڕادەگرت هەندێکیان هەر ڕانەدەوەستان و هەندێکی دیکەشیان گاڵتەیان پێدەکردم و بە شێتی تازەیان دەزانیم! ئەگەر خۆیشم لە ئاوێنەیەکدا چاوم لە خۆم بوایە بێگومان خۆمم بە شێت دەزانی.
کابرایەکی پێ پەتی، سەری پاکەلیرەیەو ڕیشی لاونیوێکی نەتاشراوە و چارەکێکی تاشراوە. شەرواڵێکی لە پێدایە لە چڵک و خوێن و ئارەقدا دەڵێیت ساختیانی سەختە. چاکەتی بیجامەیەکی سپی بەسەردا لەبەرکردووە هەتا سەرئەژنۆکانی هاتووە، دەڵێیت دیشداشەیە. ئەرێ کێ هەیە ئەم زەلامە بە شێت نەزانێت!؟
خەڵک و منداڵم لێکۆبوەوەو ئەوەندەی نەمابوو هەر بەڕاستی شێتم بکەن. ووتم کاکە بەخوا شێت نیم، من زیندانی بووم، زیندانی سیاسی، ئەمڕۆ لە کەرکوک ئازادبووم، زۆر بووین هەموومان ئازادبووین، لێبوردنی گشتییە، نەتانزانیوە؟
لەپڕ ئینزیباتێک دڕی بە خەڵکەکە داو بەناو ئەو حەشاماتەدا بەوپەڕی توڕەییەوە هاتە پێشەوەو ووتی چییە، ئەوە چییە؟ تۆ چیت؟ منیش حاڵەکەم تێگەیاند، کەمێک ڕاماو ووتی: هەر ئێستە وەلبەو لەم ناوە نەمێنیت.
پۆلیسێکی هاتوچۆی کوردی لێبوو، زۆر بە چاوی سۆزەوە سەیری دەکردم، ووتم کاکە تۆ پۆلیسی هاتوچۆیت تەکسییەکم بۆ بگرە، دەست لەهەرچی ڕادەگرم جرتم بۆ لێدەدات و گاڵتەم پێدەکەن؛ وادەزانن شێتم!
کابرای پۆلیسیش هەوڵیدا بۆ تەکسی بەڵام بێسود بوو. ووتم کاکە تۆ جوتێک نەعلم بۆ پەیدا بکە من خۆم بە پێ دەڕۆم. ووتی جا نەعلت لەکوێ بۆ پەیدا بکەم، ووتم ئا لەو دوکانانە، تۆ بڵێیت دوکاندارێک جوتێک نەعلی شڕم نەداتێ! کابرای پۆلیس بەڕیز بە دوکانەکانی بەرانبەر دەرگای سەرەکی مزگەوتی خانەقادا گەڕا، یەک دوکاندار لێنەبڕا جوتێک نەعلم بداتێ!
لەپڕ کابرایەک پەیدا بوو، کەسێکی کەمێک بەخۆوەبوو بوو، بەرازیلییەکی پێبوو، ووتی ڕاوەستە من دەتبەمەوە! لەگەڵ خۆی سواریکردم و بەدەم ڕێگاو پرسیارو خوازیارەوە زۆری دوورخستمەوە. کەمێک دڵم ترسا، ووتم کاکە من دەچم بۆ شەقامی ئیبراهیم پاشا، کەچی وا تۆ دەمبەیت بۆ گۆیژەو شەستییەکە! ووتی قەیناکات کاکە هەر ئێستا دەگەڕێمەوە، ئێ کاکە گیان ووتت هەموومان ئازادبووین، زۆریان ئازاردان!؟ بەمجۆرە هەتا تەنکی ئاوەکەی توی مەلیک ڕۆیشت ئینجا لەوسەرەوە گەڕایەوە بۆ ئیبراهیم پاشا. وادیار بوو زۆر تامەزرۆی هەواڵی ئەو جیهانە پەنهانە بوو.

## گەیشتنەوە خاڵی دەستپێکردن

کات نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٢/٧/٢٠ بوو کاکی خاوەن بەرازیلی هێنامییەوە بەرماڵی حاجی مەحەمەد. چەند مەترێک لەملا ئەو شوێنەوە کە لە ٦/٥ دا سواری لاندکرۆزەرەکەی ملازم موحسینیان کردم و بردمیان دایبەزاندم. دەرگا دانەخرابوو بەڵکو هەر جوتکرابوو. بەپەلە خۆمکرد بە ژوردا ووتم با هەمدیس خەڵکم لێ کۆنەبێتەوە. پورە سەلمە کە خوشکی باوکم بوو لە حەوشەکەدا بوو، بەو حاڵەوە منی نەناسی و وای زانی سواڵکەرم، ووتی بەقوربانت بم چیت دەوێت؟ دەڵێیت چی؟ ووتم پورێ گیان خۆ سواڵکەر نیم من عەتام، عەتای کوڕی مەلا کەریمی برات. ووتی بێدەنگ بە هەموو خەوتون بەخوا دایکیشت لێرەیە، ئەئاوا لەپڕ بچیتە ژورەوە هەموویان تێکدەچن. وەرە لێرە دانیشە با من بچم هەڵیانبسێنم و پێیان بڵێم ئینجا تۆ وەرە ژورەوە.
پورم زۆر ژیر بوو، خۆی بە پەلە چووە ژورەوەو یەکەمجار بەئاگای هێنانەوەو ئینجا پێیووتن. دایکم کە بەو شێوەیە بینیمی دەستی کرد بە گریان. ئیتر بوو بە خۆشی و ئاهەنگ و هەموان لە هەواڵی ئازادبونم

ئاگادارکران و هەموو خزمان کۆبونەوە. پورە ئامین کە هەمیشە دایکی دووەمم بووە ئەو ڕۆژە یەکێک لە خۆشترین و سەرقاڵترین ڕۆژەکانی ژیانی بوو.

دوای نیوەڕۆ کاک کامیل تۆفیق بە ئۆتۆمۆبێلەکەی خۆی بردمی بۆ شەقامی کاوە. لەوێ کابرای دەلاک برادەری خۆی بوو هەر لەدورەوە ووتی کامیل ئەمەت لەکوێ پەیداکرد! ئەویش وایزانی مۆدێلی نوێی شێت کەوتۆتە بازاڕەوە. کاک کامیل مەسەلەکەی تێگەیاندو ئەویش سەرو ڕیشمی ئەوەندەی دەکرا بۆ ڕێککردمەوە.

یەکەم شەو لە سلێمانی لەلایەکەوە لە خۆشیداو لە تامەزرۆی قسەو باس و دەمەتەقەداو لەلایەکی دیکەشەوە لەتاو ئازاری گونم یەک چرکە نەخەوتم. دوای چەند ڕۆژێک گەڕامەوە پاڕەزان، لەوێ لەلایەن هەموو خەڵکی گوندو زۆر لە خزمانی دەوروبەرو هاوڕێیانی کۆمەڵەوە پێشوازیم لێکرا. من زۆر خۆم بە دڵشاد و سەرفراز دەزانی، وەکو هەر زیندانییەکی دیکە زۆر شانازیم بە برینەکانم و ئاسەوارەکانی ئەشکەنجەو خۆڕاگرییەوە دەکرد. بەڵام بێهێزو لاواز بووم، هەتا یەک مانگ کاکم و دایکم بەو دەرمانانەی کە نەزیرەخان لە نەخۆشخانەی فریاگوزاری و هۆبەی نەشتەرگەری بۆی دەرکردبووم تەداوی پشت و لاڕانەکانیان دەکردم. باڵی ڕاستم جێگەی حەبلی هەڵواسینی ئەمنی سلێمانی کردبوی بە گرێ و ڕەشی کردبوو؛ هەتا چەند ساڵێک خورانێکی تایبەتی هەبوو. سمتم هەمووی دومەڵ بوو، بە ئیسپەرتو ڕۆژی چەند جارێک پاکژم دەکردنەوە، ددانەکانم دابویانە ئازارو یەک بەیەک دوکتۆر هەژار خرێ بەئازارەکانی بۆ هەڵکێشام. گوێی ڕاستم دەتووت هەوای لێدەردەچێت. پەنجە گەورەی دەستی چەپم سڕ بوو. بەشێوەیەکی گشتی قاوغەکەم گەڕابوەوە، بەڵام زۆر هەستم بەسەربەرزی دەکرد.

## ڕاپۆرتی پزیشکی- یاسایی

دوکتۆر Gordon Barclay MA MB BChir LRCP FRCS BSc لە دامەزراوەی پزیشکی- سەرپەرشتی قوربانیانی ئەشکەنجە [ Medical Foundation- Caring for victims of Torture ] ڕاپۆرتێکی پزیشکی/یاسایی ئامادەکرد دەربارەی دەرئەنجامەکانی پشکنینی من. من پەیمانم دابوو وێنەیەکی ئەو ڕاپۆرتە بڵاو بکەمەوە. لەڕاستیدا ڕاپۆرتەکە بەشی یەکەمی بریتییە لە کورتەی ئەو بەسەرهاتانەی کە من لەم باسەدا بە درێژی باسم کردون. بەشی دووەمی دەربارەی بیروڕاکانی خۆیەتی دەربارەی ئاسەوارە جەستەیی ودەرونییە دیارەکانی ئەو بەسەرهات و ئاسەوارانە.

من لێرەدا ئەو بیروڕایانە وەک خۆیان بە ئینگلیزی و بە کوردی بڵاودەکەمەوە.

Preface:

The history in this report is restricted to those aspects that I consider relevant to physical or psychological findings. The absence of reference to an incident in this report does not necessarily mean that it was not described to me.

Opinion:

1. The penile scar is, I believe, a long standing one exacerbated by his beating but his shoulder scars are highly consistent with cigarette burns.
2. Mr. Arif had a very unpleasant, at times life threatening imprisonment from which he has recovered largely but not completely.
3. His remaining scars of his penis, his shoulders, his left kidney operation, and right eardrum are symptomless, but still they are a reminder of his past imprisonment.

Declaration:

The contents of this report are true to the best of my knowledge and belief. I understand that in preparing this report I have an overriding duty to the Court and I can confirm that I have complied with this duty.

پێشەکی:

مێژووی بەسەرهاتەکان لەم ڕاپۆرتەدا تایبەتە بەو بیاردانەوە کە من لەو باوەڕەدام گرنگن بۆ دەرخستنی کاریگەری جەستەیی یان سایکۆلۆژی. نەبونی ئاماژە بە ڕوداوێک لەم ڕاپۆرتەدا نیشانەی ئەوە نییە کە منی لێ ئاگادار نەکراوە.

بیرورا:

١. ئەو جێگا برینەی کە بە کێریەوەیەتی، من لەو باوەڕەدام کە جێگایەکی کۆن بێت و بەهۆی لێدانەکەیەوە خراپتر بووبێت بەڵام جێگا برینەکانی سەرشانەکانی بەتەواوی لەگەڵ جێگای سوتانی جگەرەدا هاوتەریبن.

٢. میستەر عارف زیندانیبوونێکی زۆر سەختی هەبوەو زۆرجار هەڕەشە بووە لەسەر ژیانی، ئاسەوارەکانی ئەو ناخۆشییانە تاڕادەیەکی زۆر لەسەری ڕەویونەتەوە بەڵام بەتەواوی نا.

٣. ئەو ئاسەواری برینانەی کە بە کێرو سەرشانەکان و جێگا نەشتەرگەری گورچیلەی چەپی و پەردەی تەپڵی گوێی ڕاستی هیچ کاریگەرییەکیان نییە لەسەری، بەڵام هێشتا هەر بەردەوام زیندانیبونەکەی ڕابوردی دەهێننەوە یاد.

پەیماننامە:

ئەوەی کە لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە تا ئەوپەڕی زانیاری و باوەڕی من ڕاستن. من لەوە تێدەگەم کە لە ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەدا ئەرکێکی گەورەم لەسەر شانە بەرانبەر دادگا، من دەتوانم پێ لەسەر ئەوە دابگرم کە ئەو ئەرکەم بردۆتە سەر.

دوکتۆر گوردن بارکلی

## **دەربارەی خۆم**:

ناوم عەتا کەریم عارفەو خێزانم پێکهێناوەو خاوەنی سێ کورم. دەرچوی کۆلێژی ئاداب بەشی ئینگلیزیم لە بەغا ساڵی ١٩٨٨. ساڵی ٢٠٠٢ گەیشتومەتە بەریتانیاو لێرەش سەرقاڵی خوێندنی کریمینۆلۆجیم (تاواناسی) و یەک ساڵم ماوە بڕوانامەی بەکالۆریۆس وەربگرم لەو بوارەدا.

بێجگە لە بابەتی سەرەکی خوێندنەکەم ئەم بڕوانامانەشم وەرگرتووە:

OCA Criminology
OCB Law
OCB Psychology
OCR-RSA- Computer
NCFE in Drug Awareness Studies and Their Applications
NCFE Computer Practioners

- لە گەلێک گۆڤار و ڕۆژنامەدا بابەتی نوسراو، ئامادەکراوو وەرگێڕراوم بڵاوکردۆتەوە.
- کتێبی [تیرۆریزم: چونە ناو ناخی دیاردەیەکی جیهانییەوە] بەشی یەکەمم لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە بۆ کوردی.
- نامیلکەیەکم نوسیوە بەناوی: [دەرمان و مادە سڕکەرەکان: هۆکارەکانی ئالودەگی و شێوازەکانی خۆپاراستن و بەرەنگاربونەوەیان] ئێستا ئامادەیە بۆ چاپ.

- له بەریتانیا له گەلێک چالاکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەندروستیدا بەشداریم کردووەو چەندەها جار له ڕادیۆی BBC ناوچەی لانکەشێر و کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکانی ناوچەکەدا چاوپێکەوتنم لەگەڵدا سازدراوە.
- ئەندامی خۆبەخشی کۆمەڵەی کۆمەکی قوربانیانی تاوان Victim Support م.
- ئەندامی خۆبەخشی کۆمەڵەی سەلامەتی کۆمەڵگا Community Safety م.

## دوا ووتە:

- تا ئەوپەڕی توانا هەوڵمداوە کە واقیعیانەو هەقخوازانە ڕوداوەکان بگێڕمەوە، مەبەستم بووە هەست و نەستی کەسانی دیکە بپارێزم و ڕێز لە کەسایەتیان بگرم، لەگەڵئەوەشدا هەرکەسێک ناوی هاتبێت لەم باسەداو پێی خۆش نەبێت، یان ناوی خزم و کەس و خۆشەویستانی چ زیندوو چ مردوو بەبێ ڕەزامەندی خۆیان ئاشکراکرابێت من داوای لێبوردنیان لێدەکەم.
- هەموو ئەو ووشەو ڕستەو پەرەگرافانەی کە بە شێوە ئەکسنتی هەولێری، پشدەری، کرمانجی باکور یا هەر شێوەیەکی دیکە هاتوون بەمەبەستی سەلماندنی ڕاستی پەیڤینەکانەو من بەهیچ کلۆجێک مەبەستم ناوچەگەری و تایەفەگەری و جوداخوازی نییە لەناو گەلی کورددا، هەرکەسێک بەو شێوازانە دڵی گەردی گرتبێت من داوای لێبوردنی لێدەکەم.
- ئەم باسە بە مەبەستی وون نەکردنی ئەو ڕوداوانەیە کە بەسەر خۆم و خەڵکانی دیکە هاتون لەو ماوە مێژوییە دیاریکراوەدا، نەمویستووە زۆر لە باسەکە دەربچم و خوێنەر تووشی بێزاری بکەم، هەر بۆیە زۆر نەچومە ناو باسەکانەوەو زۆر مەسەلەی گرنگم هەڵپڕوکاندووە. هیوادارم لە داهاتودا لە دوو توێی کتێبێکدا هەموو بەسەرهاتەکانی خۆم و دەوروبەرەکەم شیبکەمەوەو هەڵیسەنگێنم بەشێوەیەک کە شایانی ئەو ڕوداوانە بێت.
- ئەگەر هەموو ژیانم تەرخان بکەم بۆ نوسین لەسەر جەمیل عارف عەزیزی هاوڕێ و خزم و هەموو شتێکم هێشتا هەر خۆم بە قەرزاربار دەزانم؛ من داوای لێبوردن دەکەم کە لەم باسەدا زۆر بەکورتی باسی ئەو کەسەم کردووە کە هەمیشە و هەتا هەتایە هەر بەشێکە لە گیان و هۆشم.
- لەکۆتاییدا زۆر سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە بە ئیمەیڵ و تەلەفون و ڕوبەڕو یان بەهۆی خزم و هاوڕێیانی دیکەوە دەستخۆشییان لێکردوم، هاوسۆزییان نیشانداوە، لە ئازارو ئەشکەنجەکانم تێگەیشتون. لەگەڵم گریاون و چەند ساتێکیش لەگەڵم پێکەنیون، یاخود ووردە گلەییەکیان لێکردوم! هیوادارم توانیبێتم قاقای پێکەنینیان بەسەر فرمێسکەکانیاندا زاڵ بکەم.
- زۆر سوپاسی ناسکە خانی هاوسەرم دەکەم کە هەرکات سەرقاڵ دەبوم یارمەتی تایپ کردنی دەدام، هەمیشە هاوسۆزو هاندەرم بووە بۆ نوسین و لەزۆر کێشەدا ڕاوێژم پێکردووە. بەبێ یارمەتی و هاوڕێیەتی ئەو نەمدەتوانی ئەم بەرهەمە پێشکەش بکەم.
- زۆر سوپاسی کوردستان نێت دەکەم کە لە بڵاوکردنەوەی ئەم یاداشتانەدا نەک هەر یارمەتیدەرم بوون بەڵکو هاندەریشم بوون.

تێبینی:

تکا دەکەم لە هەر کەس لەوانەی ئەڵقەکانی ئەم بابەتە دەخوێننەوە و شتێکی ئەو ڕۆژگارەیان دێتەوە یاد، یان ناویان هاتووە، یان شاهیدی ئەو ڕۆژانەن لەگەڵ من؛ هەر تێبینییەک یان ڕاستکردنەوەیەک یان کەم یان زیاد و پێوەلکاندنێکیان بەدیکرد بەو

ناونیشانە ئەلەکترۆنیانەی خوارەوە پەیوەندیم پێوەبکەن تا ڕاستیان بکەمەوە ، من زۆر مەمنون دەبم .
parsendow@hotmail.com

## ڕونکردنەوەیەک لەسەر بابەتی " لالۆ منیش زیندانی سیاسی بووم!" عەتا مەلا کەریم

پێشەکی جارێکی دیکەش لە قوڵایی دڵمەوە زۆر سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە تامەزرۆی خوێندنەوەی یاداشتەکانم بوون، بە هەر هۆکارێک کە بۆیانکرابێت پەیوەندیان پێوەکردوم و دڵیان فێنککردومەوە یان لە دورەوە لەگەڵ ئازارەکانم ژیاون و لە دڵەوە هاودەردم بوون و چەند ساتێکیش لەگەڵ مندا پێکەنیون.
لە ڕاستیدا گەلێک تێبینی و ڕێنومایی و پێشنیارم بەدەست گەیشتووە کە دەکرێت لە پاشەڕۆژدا ببنە کۆڵەکەی بەهێزکردن و ڕاگرتنی یاداشتەکانم و من جارێکی دیکەش سوپاسی ئەو گرنگیپێدان و بەهەند وەرگرتنەی یاداشتەکانم دەکەم لەلایەن ئەو بەڕێزانەوە. بەلای منەوە ئەوە گەورەترین و بەنرخترین دەسکەوتە کە ئەوەندە کەس بەوپەڕی باوەڕو حەماسەوە بەرەو پیری ئەو بەشەی یاداشتەکانم چون.
هەندێک لەو بەڕێزانە پێشنیاری ئەوە دەکەن کە بکرێتە فیلم و هەندێکی دیکەش پێیانباشە وەکو کتێب یان نامیلکەیەک بڵاوبکرێتەوە و بەڕێزانێکی دیکەش پێشنیاری پێداچونەوەو قوڵبونەوەی زیاتر دەکەن بە لایەنە کەسایەتییەکانی هەموو ئەو کارێکتەرانەدا کە باسیانکراوە چ باش و چ خراپ. تەنانەت چەند بەڕێزێک لەوەش واوەتر چون و خۆیان لەشێوەی کتێب و نامیلکەدا مۆنتاژیان کردوەو هەر لەسەر ڕەزامەندی خۆم ڕاوەستاون بۆ بڵاوکردنەوەی!
دوای چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ ڕادیۆی BBC ناوچەی لانکەشێر لە دەمەدەمی پرۆسەی ئازادی عێراقدا لەسەر تاوانەکانی بەعس و باسکردنی هەندێک لە تاوانەکانی بەعس دەرهەق بەگەلی کورد، ئەو ڕادیۆشە زۆریان پێباش بوو کە بەشداری بکەم لە بەرنامەی Digital Story Telling داو لەوێوە لەگەڵ ئەوان یاداشتەکانم بکەم بە چیرۆکێکی دیجیتاڵ و لەسەر ماڵپەڕی BBC بڵاویانبکەمەوە. بەڵام بەهۆی چەند گۆڕانکارییەکەوە لە باری ژیانمدا دواتر ئەو داوایەشم خستە خانی بەرنامە پاشەڕۆژییەکانەوە.
من هەموو ئەو تێبینیانە بە گرنگیپێدان بە دڵسۆزی ئەو کەسانە ڕێزلێدەنێم بۆ ئێش و ئازارەکانی تاکەکانی نەتەوەکەیان و بۆ بەشێکی گرنگ لە مێژوی گەلی کورد لە کوردستانی باشور لە ژێر ستەم و ئەشکەنجەی بەعسییەکاندا و وەک دۆکیومێنتێکی زیندوو شاهیدێکی بەرجەستە لەسەر تاوانەکانی بەعس دەرهەق بە گەلی کوردو بزوتنەوە هەقخوازانەکەی. هەروەها وەک شێوازێکی دڕندانەی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە دوا چارەکی سەدەی بیستەمدا.
من لە تێبینیەکانی ئەڵقەی ١٩ ی یاداشتەکانمدا چەند خاڵێکم ڕونکردۆتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی لە هەموو لێڵیەک بە دوور بین لێرەدا چەند خاڵێکی دیکەش باسدەکەم:
١. من دوای ئازادبوونم لە زیندان ئەو خاڵانەی کە زۆر لەلام مەبەست بوو وەک تێبینی کورت کورت لە دەفتەرێکی بچوکدا نوسییەوە و بەهۆی هەلومەرجی سەختی ناوچەکەوە کوناو کون و کایەنەو کاینەی زۆرم پێکردن تا دوای ڕاپەڕین جارێکی دیکە نوسیمنەوەو کەمێک دامڕشتنەوە.
٢. دواتر وێنەیەکم هەر بە دەستنوس نارد بۆ کاک هیوای ژنبرام لە ئەمریکا بۆ ئەوەی بیپارێزێت و کە گەیشتمە بەریتانیا داوام کرد کە بۆم پۆست بکاتەوە.
٣. کاتێک بەدەستم گەیشت بڕیارمدا کە تایپی کۆمپیوتەری بکەم بۆ ئەوەی کە لە فەوتان بیپارێزم.

٤. بیرۆکەی بڵاوکردنەوەی ئەو یاداشتانە وەک خۆیان لە کوردستان نێت دا هاتە کەڵکەڵەم بەمەبەستی ئاگادارکردنی خەڵکانێکی بەرفراوان لەو بەسەرهاتانەو زامنکردنی پاراستنیشیان بە هیوای ئەوەی کە لە پاشەڕۆژدا بتوانم بەشێوەیەکی بەرفراوان و تێروتەسەل بیانوسمەوەو لە شیوەی کتێبێکدا بڵاویانبکەمەوە. هەروەها بۆ ئەوەی لە گەرمەی دادگایی کردنی سەدام و سەرانی دیکەی ڕژێم و هەلومەرجی داڕشتنی دەستوردا ئەو بەسەرهاتانە وەکو دڵۆپێکی بچوک لە دەریای مەینەتییەکانی گەلەکەمان بەبیری خۆمان و خەڵکی و سەرکردەکانیشمان بهێنمەوە.

٥. بەمجۆرە روندەبێتەوە کە ئەو ١٩ ئەڵقەیە ڕاستە خاڵە سەرەکییەکانی بەسەرهاتەکانی منی تێدا باسکراوە لە زینداندا، بەڵام تەنها وەک سەردێرو کورتە باس خراونە ڕوو پێویستان بە کاری زیاترە.

٦. بەشی پێشەکی و بەسەرهاتی گوندو بنەماڵەو سەردەمی منداڵیم خۆی لە خۆیدا سەرگوزشتەیەکی دورودرێژەو لەوێدا بۆ ئەوەی زۆر لە بابەت دەرنەچم و خوێنەر، کە چاوەڕوانی بەسەرهاتی زیندانە، توشی بێزاری نەکەم؛ زۆر بە کورتی باسم کردووە.

٧. باسی کۆمەڵە دوای کۆنفرانسی ٢ و ٣ و گۆڕانکارییەکانی ئەودواییەی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هۆکارەکانی دابڕانی ئێمەو هەڵسەنگاندنی ڕوداوەکان و هۆکارەکانی لە دیدگای ئەمڕۆی خۆمەوە و هەروەها هەلومەرجی دوای ڕاپەڕین باسێکی دیکەیەو هێشتا باسم نەکردووە.

٨. ئەگەر تەمەن ماوە بدات هیوادارم کۆبەندی هەموو ئەو یادەوەریە تاڵ و شیرینانە بکەم بە کتێبێک و هیوادارم بە کوردی و بە ئینگلیزی بڵاوی بکەمەوە؛ بەڵام لەلایەکەوە هەلومەرجی ئێستای ژیانم یاریدەدەرم نییە بۆ ئەو پرۆژەیەو لە لایەکی دیکەشەوە من هێشتا نەگەیشتومەتە ئەو تەمەنەی کە بە هیوای داهاتو نەبم و تەنها ئاوڕ لە ڕابوردو بدەمەوە! هەر بۆیە ئەو پرۆژەیە هەر بۆ داهاتو باشە.

٩. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو تێبینیانە من جارێکی دیکە دوپاتی دەکەمەوە کە ئێستا ئامادە نیم بە هیچ جۆرێک، بێجگە لەوەی کە لە کوردستان نێتدا لە شێوەی ١٩ ئەڵقەدا بڵاومکردۆتەوە، ئەو یادەوەریانە بە چاپ بگەیەنم و لە شێوەی کتێب و نامیلکەدا بڵاویان بکەمەوە. مافی بڵاوکردنەوەو لەچاپدانیش هەموو کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ خۆم و بەبێ ڕەزامەندی من هەرجۆرە بڵاوکردنەوەیەکیان دەبێتە کارێکی نایاسایی.

١٠. دیارە هەموو کەسێک ئازادە کە لە ماڵپەڕی کوردستان نێت یان لە ماڵپەی تایبەتی خۆمەوە ئەو یاداشتانە بەشێوەی ئێستایان دابەزێنێت و لە شێوەی هارد کۆپی ( لەسەر وەرەقە) یان لەسەر دیسک لەلای خۆی بپارێزێت.

هیوادارم توانیبێتم وەڵامی پرسیارەکانی هەموو ئەو بەڕێزانە بدەمەوە کە ئاراستەیان کردوم و هەرکەسێکیش هەر پرسیار، تێبینی، ڕەخنە، گلەیی یان پێشنیارێکی هەبوو من بەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستی و سنگفراوانییەوە وەڵامی دەدەمەوە.

عەتای مەلا کەریم
بەریتانیا
١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٠٥
www.kurdistannet.org کاتی بڵاوکردنەوە 11-9-2005 21:03

parsendow@hotmail.com

چرکەیەک لە ژیانی زیندانیەک